# خەمێکی لەبیرکراو



نووسینی:
پرۆفیسۆر دکتۆر خالید موحەممەد صاڵح

2010-2009

## پێشەکی:

الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، سيدنا محمد ﷺ وعلى آله وأصحابه وأتباعه أجمعين إلى يوم الدين:

ئەم پەڕتوکە پوختەی ئەو زنجیرە بەرنامانە بوو کە لە کەناڵی ئاسمانی پەیامەوە لەژێر ناونیشانی (خەمێکی لەبیر کراو) بەدرێژای مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٣١) کۆچی، بەرامبەر مانگی (٩/ ٢٠٠٩) زایینی پێشکەش کرا.

بیرۆکەی بەرنامەکە هەڵقوڵاوی هەست کردن بوو بەو واقیعە تاڵەی کە ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامی بەگشتی و موسوڵمانانی کوردستان و ناوچەکە بەتایبەتی پێیدا گوزەر دەکەن و هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکێکی گرنگی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

گرنگی بابەتەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خوێندنەوەیەکی واقیعی و بابەتیانەیە بۆ گرفتێکی هەنووکەیی و زیندو، کە بریتییە لەپەرتبوونی موسوڵمانان و کاری ئیسلامی و تەسککردنەوەی فراوانی میهرەبانی ئیسلام لە کەسایەتی کەسێکدا، یان دروشمێکدا، یان لایەنێکی سیاسیدا و بەئامانج گرتنی لە کار و هەوڵەکاندا و زۆر دیاردەی دزێوی تر کەبوونەتە مایەی لەکەدارکردنی کاری ئیسلامی و شێواندنی ڕووخساری جوانی موسوڵمانان و پەیامە پیرۆزەکەیان.

ئەم گرفتەیش ڕۆژانە لە ژیانی هەر یەکێکماندا چەندین جار و بەچەندین شێوە دوبارە دەبێتەوە و کۆسپ و لەمپەری گەورە لەبەردەم کاری ئیسلامی و گەیشتن بەئامانجەکانیدا دروست دەکات.

ئامانجی بەرنامەکە و دواتر ئەم پەڕتوکەیش خستنە ڕووی چەند بنەما و چەمکێکی گرنگە دەربارەی فیقهی جیاوازیبوون لەکاری ئیسلامی و شێوازی ئاراستەکردنی ئەو جیاوازیانە بەو لایەنەی کە بەخزمەتی ئیسلام و موسوڵمانان کۆتایی دێت و وێنایەکی جوان و گەشی کاری ئیسلامی دەکات لەدڵی یاوەران و نەیارانیدا بەیەك ئاست و یەك ئاراستە.

هەرچەندە ئەم بابەتە بەزمانەکانی تر زۆری لەسەر نووسراوە و گوتراوە، بەڵام بەزمانی کوردی شتێکم نەکەوتە بەرچاو کە بەشێوازێکی زانستی و شەرعی نووسرابێت و لە سۆنگەی دەقە شەرعییەکانەوە قسەی لەسەر کرابێت؛ بۆیە هیوادارم

ئەم هەوڵە کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی بەگشتی و ڕابوونی ئیسلامی بەتایبەتی پڕ بکاتەوە و ببێتە مایەی سوودی هەموو لایەك.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە زۆر سوپاسی سەرجەم کارمەندانی کەناڵی ئاسمانی پەیام بکەم، کە بوونە پردی بەیەك گەیشتنی نێوان من و بینەران بەدرێژایی حەڤدە ئەڵقەی بەرنامەکە و هەروەها ڕێز و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ دەستەی گۆڤاری ڕێنوێن کە ئەرکی نووسینەوەی بابەتەکەیان گرتە ئەستۆ و برای بەڕێزم کاك سەفین دەلۆیی کە ئەرکی دیزاینکردنی بەرگەکەی کێشا و هەموو ئەو بەڕێزانەیش کەزۆر عەوداڵی نووسینەوە و بەپەڕتوك کردنی بابەتەکە بوون و بەردەوام پەیوەندییان پێوە دەکردم و لەچاوەڕوانیدا بوون.

خوای گەورە پاداشتی هەموو لایەك بداتەوە و ئەم کارە بخاتە تەرازووی چاکەکانمان و بەمیهرەبانی خۆی لەهەڵە و کەم و کورتیەکانمان ببورێت.

## دەستپێك:

بەڕێزان: ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتاکانی هاتنی ئیسلام دەبینین ئیسلام لە کۆمەڵگەیەکدا سەری هەڵدا و گەشەی کرد کە بەدەستی یاسای چینایەتی و و کۆیلایەتی و دووبەرەکی و ستەمەوە دەینالاند، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئیسلامیش نەهێشتنی ئەو دیاردانە بوو وە بڵاو کردنەوەی هەستی تەبایی و برایەتی و یەکڕیزی بوو لەناو مرۆڤەکاندا، ئیسلام خەڵکی فێری ئەوە کرد کە کەس کۆیلە و بەندەی کەس نیە و کەسیش لە کەس زیاتر نییە لەهیچ ڕوویەکەوە، بەڵکو هەموو مرۆڤەکان بە ڕەش و سپی و سوور و زەردیانەوە، بەعەرەب و عەجەمیانەوە، بەژن و پیاویانەوە، بەکەسدار و بێکەسیانەوە، بەدەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتیانەوە، هەموویان برای یەکترن و بەندەی خودای کردگارن و پێویستە هەموو لایەك ملکەچی فەرمانەکانی ئەو بن و کەسی تر نا، وە ئەمەیش تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگار بوون و سەرفرازی لە دونیا و دوارۆژدا.

هەر ئەم بەها بالایانەیش بوو کە وای لە خەڵکی مەدینە کرد پێشوازی لەم ئاینە نوێیە بکەن و ئامادە بن لەپێناویدا ڕووبەڕوی هەموو مەترسییەك ببنەوە؛ چونکە خەڵکی مەدینە سەرباری هەموو داب و نەریتەکانی سەردەمی نەفامی بۆماوەی زیاتر لەسەد و بیست ساڵ دەبوو دەستیان چووبووە خوێنی یەکتر و بەدەست دووژمنایەتی و دووبەرەکییەوە دەیان نالاند و لەوەش تێگەیشتبوون کە تەنها ئەم ئاین و پەیامە زامنی ئەوەیە کە کۆتایی بەو حاڵەتە بهێنێت و ئاشتەوایی و تەبایی و یەکڕیزی لەناخی خەڵکدا دروست بکات، تێگەیشتنەکەیشیان دەقا و دەق لەجێی خۆیدا بوو، هەر بەهاتنی ئیسلام مەدینە بووە شاری برایەتی و تەبایی و شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ بوو بەبەشێك لەمێژوو.

دواتر پێغەمبەری خودا ﷺ هەر بە یەکڕیزی و تەبایی موسوڵمانەکانەوە نەوەستا، بەڵکو تەبایی و یەکڕیزی لەنێوان موسوڵمانەکان و یەهودەکانی مەدینەیشدا دروست کرد، لەکاتێکدا یەهود ئامادە نەبوون دان بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر و ﷺ ڕاستیی پەیامەکەیدا بنێن؛ بەڵام سەرباری ئەوەیش پەیماننامەیەکی لەنێوان موسوڵمانان و یەهودەکانی دانیشتووی مەدینەدا نووسی، تێیدا دانی بە هەموو مافە

ئاینی و سیاسی و ئابوورییەکانی یەهودەکانی مەدینەدا نا و بە بەشێکی سەرەکی گەلی مەدینە پۆلێنی کردن و ناوی بردن و هەموو دەستدرێژی و دووبەرەکی و ناپاکییەکی لەنێوان موسوڵمانەکان ویەهودی مەدینەدا قەدەغە و یاساغ کرد.

بەم هەوڵ و هەڵوێستانەیشی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەی بۆ هەموو خەڵکی دووپات دەکردەوە کە ئاینی ئیسلام ئاینی ئاشتی و برایەتی و تەبایی و یەکرێزی و پێکەوە ژیانە.

فراوانتر لەمە ئەگەر سەرنجێکی ئەم بوونەرەیش بدەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە خوای پەروەردگار ویستی وایە کە دروستکراوەکانی هەمە جۆر و جیاواز بن، نەك بۆ ئەوەی دژایەتی یەکتر بکەن؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی یەکتر تەواو بکەن و تام و چێژێکی زیاتر بدەنە ژیان و بونەوەر، هەر بۆ نموونە:

سرووشت لە کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاواز دروست کراوە، کە بریتیە لەئاسمان، زەوی، خۆر، مانگ، ئەستێرە، شاخ، دەشت، دۆڵ، ئاو، مرۆڤ، سەرجەم گیانلەبەرانی تر.

وەرزەکانی ساڵ لە زستان، بەهار، هاوین، پایز، شەو، ڕۆژ، و هەموو ئەو جیاوازیانەیش کە لەمانە دەکەوێتەوە لەسەرما، گەرما، تەڕی، وشکی، بەرهەمی ئەو جیاوازیەن وهەر یەك لەم پێکهاتانە تام و چێژی خۆی هەیە و هەموویشیان پێویستن بۆ بەردەوامی ژیان.

تەنانەت لە خودی مرۆڤەکان خۆشیاندا جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، لە ڕەگەزیاندا، لە ڕوخسارياندا، لەدەنگ و ڕەنگیاندا، لەبەژن و باڵایاندا، لەئاستی بیر کردنەوە وتێگەیشتنیاندا، هەموو ئەمانەیش هەر بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان خۆیانە و بەمەبەستی بەردەوامی ڕەوڕەوەی ژیانییانە.

جا خوای گەورە نەك هەر ئەم جیاوازیانەی پێناخۆش نییە؛ بەڵکو ئەمانەی کردۆتە بەڵگەی باڵادەستبوونی خۆی بەسەر ئەم بوونەوەرەدا و لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُخْتَلِفاً أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ﴾[1]. واتە: ئایا نابینیت کە خوای پەروەردگار لەئاسمانەوە باران دەبارێنێت و چەندین بەروبومی

---

١- سورة فاطر: الآية (٢٧).

جۆراوجۆری پێ دێنینە بەرهەم و لە شاخەکانیش شێوازی جۆراوجۆرمان لێ دروستکردون، شاخ هەیە سپییە، هەیە تەواو ڕەشە، هەیە سوورە، هەروەها لە مرۆڤەکان و لە گیانلەبەران، ولە سەرجەم زیندەوەران ئەوانیش بەهەمان شێوە ڕەنگ و شێوازی جیاوازیان هەیە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ﴾[1]. واتە: یەکێك لە بەڵگەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان و جیاوازی نێوان زمان و ڕەنگی مرۆڤەکانە.

جا بیهێنەرە پێش چاوی خۆت ئەگەر هەموو ئەم بوونەوەرە یەك شێواز و یەك پێکهاتەی هەبووایە، ئەگەر مرۆڤەکانیش هەموویان یەك ڕەگەز و یەك ڕەنگ و یەك ڕوخسار و یەك شێوازی بیرکردنەوەیان هەبوایە و هەموویان هەر کۆپی و دووبارە بووەوەی یەکتر بوونایە، ئەگەر گشت خۆراك و میوەکان یەك تام و چێژیان هەبووایە، ئەو کات ژیان ئەو تام وچێژەی نەدەبوو کە ئێستا هەیەتی و لە هەموو بوونەوەرەکانیش یەك دانەیان بەس بوو بەمرۆڤیشەوە.

هەر بۆیە جیاوازی بیر و بۆچوونیش پێویستە ئاوا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، کە چۆن خوای بالادەست ڕەنگ و ڕوخساری جیاواز و تایبەتی بۆ هەریەکەمان دروست کردووە، بەدڵنیاییشەوە شێوازی بیرکردنەوەی هەر یەکەمانی جیاواز لەوی تر دروست کردوە، کەواتە بوونی بۆچوونی جیاواز شتێکی سرووشتی و ئاساییە؛ بەڵام دەبێت هەمیشە ئاگامان لەوە بێت کە ئەم بۆچوونە جیاوازانە نەبنە بۆچوونی دژ و ڕوخێنەر؛ چونکە ئەو کات دەرئەنجامەکەی پێچەوانە دەبێتەوە و لەبری ئەوەی ببێتە مایەی جوانی و تەواوکاری دەبێتە مایەی ناشیرین کردن و داخورانی یەکتر.

(إبن القيم) لەو بارەیەوە دەڵێت: (ووقوع الاختلاف بين الناس أمر ضروري لا بد منه لتفاوت إرادتهم، وأفهامهم، وقوى إدراكهم، ولكن المذموم بغي بعضهم على بعض وعدوانه، وإلا فإذا كان الاختلاف على وجه لا يؤدي إلى التباين والتحزب، وكل من المختلفين قصده طاعة الله ورسوله لم

---

١- سورة الروم: الآية (٢٢).

يضر ذلك الاختلاف)[١]. واتا: بوونی جیاوازی لە نێوان خەڵكیدا كارێكی پێویستە و دەبێت هەبێت؛ ئەمیش بەهۆی جیاوازی توانست و ئاستی تێگەیشتن و هێزی زانین و هەست پێكردنیانەوە، بەڵام ئەوەی خراپە و جێی گلەییە ئەوەیە كە بەهۆی ئەو ڕا جیاییەوە هەندێكیان سنوورشكێنی مافەكانی ئەوانی تر بكەن و بەگژ یەكدا بچنەوە، وە گەر نا هەر جیاوازیەك بەشێوەیەك نەبێت كە ببێتە مایەی دووبەرەكی و خۆ جیاكردنەوە، و دەمارگیری حیزبایەتی و هەر یەك لە خاوەنی بۆچوونە جیاوازەكان تەنها مەبەستیان لە بۆچوونكەیان گوێڕایەڵی فەرمانی خودا و پێغەمبەرەكەی ﷺ بێت، ئەو جیاوازیە هیچ زیانی نییە و بوونی كارێكی پێویستە.

نا كرێت ئەم ڕاجیاییەیش وەك بەڵگەی خراپی یان نا كامڵی مرۆڤەكان سەیر بكرێت؛ چونكە ئەگەر وابووایە دەبوو فریشتەكان و پێغەمبەران لەم دیاردەیە بەدوور بوونایە؛ بەڵام وانییە و دەقەكانی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ بەڕوونی باس لەوە دەكەن كە تەنانەت ئەوانیش بۆچوونی جیاوازیان هەبووە.

ئەوەتا خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی بۆچوونی جیاوازی فریشتەكانمان بۆ دەكات لە ئاسمانی حەوتەم و لەو بارەیەوە دەفەرمویێت: ﴿مَا كَانَ لِي مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَى إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾[٢]. واتا: - ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: بەر لەوەی نیگام بۆ بێت لە لایەن پەروەردگارەوە- هیچ زانستێكم نەبووە دەربارەی ڕاجیایی فریشتەكانی ئاسمان كە لەسەر چی و چۆن بووە[٣].

پێغەمبەری خودایش ﷺ لە فەرموودەیەكدا باسی جیاوازی بیروڕای نێوان فریشتەكانمان بۆ دەكات دەربارەی ئەو پیاوەی كە لە بەنو ئیسرائیلدا نەوەت و نۆ كەسی كووشتبوو و ئەیویست تەوبە بكات، ئەوە بوو چوە لای پیاوێكی خواناس و پرسی: كە دەتوانم تەوبە بكەم؟ ئەویش پێی گوت نەخێر؛ چونكە تۆ ئەوەندە خەڵكت كوشتوە تازە خوا لێت خۆش نابێت. پیاوەكە بەم وەڵامە زۆر دڵی تەنگ دەبێت و كابرای خواناسیش دەكوژێت؛ بەڵام ئەم پیاوە شیرینی باوەڕ چووبووە ناخییەوە و

١- إبن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي)، الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة، ج٢، دار العاصمة، الرياض، الرياض، ط٣، ١٩٩٨، تحقيق: د. علي بن محمد، ص٥١٩.

٢- سورة ص: الآية (٦٩).

٣- مەبەست لەو جیاوازیە بوو كە لە كاتی دروست كردنی ئادەم كەوتە نێوان فریشتەكان.

هەر دەیویست تەوبە بکات و بەردەوام پرسیاری دەکرد، تا خەڵکی ناونیشانی پیاوێکی زانایان پێدا و چووە خزمەتی و پرسیاری لێکرد، کە ئایا دەتوانێت تەوبە بکات؟. ئەویش لە وەڵامدا پێی گوت: بەڵێ و ئامۆژگاری کرد ئەو شارە جێبهێڵێت کە تاوانەکانی تێدا ئەنجامداوە و بڕوات بۆ شارێکی تر، لەوێ کۆمەڵێك خەڵکی خواناسی لێیە لەگەڵ ئەوان بمێنێتەوە، پیاوەکەیش بەقسەی زاناکەی کرد و کە ڕۆیشت قەدەری خوا وابوو لە نیوەی ڕێ کۆچی دوایی کرد و گیانی سپارد. کاتێك فریشتەکانی خوا هاتن لاشەکەی ببەن، ئەو فریشتانەی کە کاروباری بەهەشتییەکان بەڕێ دەکەن گوتیان ئەم پیاوە تەوبەی کردوە بۆیە بەهەشتییە، ئەو فریشتانەیش کە کاروباری دۆزەخییەکان بەڕێ دەکەن  گوتیان ئەم پیاوە تاوانێکی زۆری کردوە و هیچ کردەوەی چاکیشی نییە بۆیە دۆزەخییە، ئەوە بوو دواتر خوای پەروەردەگار فریشتەیەکی نارد تا کێشەکەیان بۆ یەکلا بکاتەوە و پێی گوتن: زەویەکە بپێون ئەگەر ئەو زەویەی کە تاوانەکانی تێدا کردوە نزیکتر بوو، ئەوە بیبەن بۆ دۆزەخ، وە ئەگەر ئەو زەوییەیش کە بۆی ڕۆیشتوە نزیکتر بوو بیبەن بۆ بەهەشت، کە زەویەکەیان پێوا، ئەو زەویەی کەبۆی چوبوو نزیکتر بوو، بۆیە ڕۆحیانەتەکەیان لەبەهەشتییەکان تۆمار کرد[1].

ئەم دەقانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە تەنانەت فریشتەکانیش بۆچوونیان دەربارەی ڕووداو و بابەتە شەرعییەکان جیاوازە و ئەمەیش کارێکی ئاساییە و ئەگەر ئاسایی نەبوایە خوای گەورە لێی قبوڵ نەدەکردن.

تەنانەت پێغەمبەرانیش کە لەخواوە ڕاستەوخۆ نیگا و سروشیان بۆ هاتووە بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی یەکلاکردنەوەی حوکمە شەرعییەکان هەبووە، بۆ نموونە: سولەیمان و داود سەلامی خوایان لێ بێت کە کوڕ و باوك بوون و هەردووکیشیان پێغەمبەر بوون لە مەڕ چەند کێشەیەکدا بۆچوونی جیاوازیان هەبووە، لەوانە: جارێکیان ڕانە مەڕی کەسێك دەکەوێتە ناو ڕەز و باخی کەسێکی ترەوە و مەڕەکان باخەکە بەتەواوی دەشێوێنن و زۆربەی بەروبوومەکەی دەخۆن و تێك دەدەن.

---

١ - البخاری، صحیح البخاری، ج٣/ص١٢٨٠، کتاب(٦٤) الآنبیاء، باب(٥٢): ﴿أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَباً﴾. سورة الکهف: الآیة (٩)، رقم الحدیث (٣٢٨٣). مسلم، صحیح مسلم، ج٨، ص١٠٣، کتاب (٥١) التوبة، باب (٨) قبول توبة القاتل وإن کثر قتله، رقم الحدیث (٧١٨٤)، مصدر سابق- واللفظ لمسلم.

خاوەنی باخ و خاوەنی مەڕەکان دەبێتە کێشەیان و دێنە خزمەت داود سەلامی خوای لێ بێت تا کێشەکەیان بۆ یەکلا بکاتەوە. داوود دەفەرموویێت: دەبێت خاوەنی مەڕەکان لە قەرەبووی بەروبوومی باخەکەدا مەڕەکانی بداتە کابرای باخەوان و مەڕەکان بۆ ئەو بێت. کە دێنە دەرەوە سولەیمان سەلامی خوای لێ بێت لێیان دەپرسێت و دەفەرمویێت: باوکم چۆن حوکمی کردن و چی فەرمووی؟ ئەوانیش حوکمەکەی بۆ باس دەکەن. ئەویش دەفەرمویێت: ئەگەر پرسی بەمن بکردایە من بۆچوونێکی ترم دەبوو. ئەوانیش ئەم قسەیەی سولەیمان دەگەیەننەوە دەم باوکی، ئەویش بانگی دەکات تا بۆچوونەکەی خۆیان بۆ ڕوون بکاتەوە، کاتێك سولەیمان دێتە خزمەت باوکی سەلامی خوایان لێ بێت دەفەرمویێت: با خاوەنی مەڕەکان بۆ ماوەی ساڵێك مەڕەکانی بداتە خاوەنی باخەکە تاسوود لەبەرهەم و بەرووبوومەکەیان وەربگرێت لەبری باخەکەی، لەبەرامبەریشدا باخەکەی بداتە خاوەنی مەڕەکان تا بۆی خزمەت بکات و بۆی چاك بکاتەوە و پاش تەواو بوونی ساڵەکە باخەکە بگەڕێتەوە بۆ کابرای باخەوان و مەڕەکانیش بۆ خاوەنەکەی خۆیان، بەم شێویەیش هەردووکیان ماف و سزای خۆیان وەردەگرن. ئەوجا داوود زۆری پێخۆش دەبێت و بۆچوونەکەی سولەیمان پەسەند دەکات. خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموویێت: ﴿وَدَاوُدَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شاهِدِينَ فَفَهَّمْناها سُلَيْمانَ وَكُلاًّ آتَيْنا حُكْماً وَعِلْماً﴾[١]. واتە: داوود و سولەیمان کاتێك قسەیان لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەی کەسێك دەکرد کە ڕانە مەڕێك کەوتبوە ناو زەوی و باخەکەیەوە و ئێمەیش ئاگاداری حوکمەکەیان بووین، و هەرچەندە زانست و داناییمان بەهەردوکیان دابوو، بەڵام حوکمی ڕاستی ئەم کێشەیەمان لە سولەیمان گەیاند.

لە ڕووداوێکی تردا پێغەمبەری خودا ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمویێت: جارێکیان دوو ئافرەت پێکەوە دەبن و دوو منداڵی ساوایان پێ دەبێت، کەمێك لەمنداڵەکان دوور دەکەونەوە هەتا دەگەڕێنەوە گورگ منداڵی یەکێکیان دەبا، کە دەگەڕێنەوە دەبینن تەنها یەك منداڵ لەوێ ماوە، ئەو ئافرەتەی کە منداڵەکەی براوە لە ئێرەیی و حەسودیدا دەڵێت: ئەو منداڵەی ماوە هی منە و منداڵەکەی تۆ گورگ

---

١ - سورة الأنبياء: الآيتان (٧٨-٧٩).

بردویەتی. دیارە دەبێتە کێشە و دەمەقاڵەیان و کێشەکە دەهێننە لای داوود پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت، ئەویش کە دەبینێت هەردووکیان سورن لەسەر ئەوەی کە منداڵەکە هی خۆیەتی بڕیار دەدات: کە منداڵەکە بداتە ئەو ژنەی کە تەمەنی زیاترە. کە هاتنە دەرەوە سولەیمانیان بینی و کێشەکەی بۆ باس دەکەن و حوکمەکەی داوودیشی پێ دەڵێن: دیارە لێرەیشدا سولەیمان بۆچوونی جیاواز دەبێت لەگەڵ باوکی و دەفەرمویێت: مشارێکم بۆ بهێنن، منداڵەکە دەکەم بەدوو کەرتەوە و هەریەکتان نیوەی بۆ خۆی ببات و ئەمەیش ئەو پەڕی دادوەرییە، ژنە گەورەکە کە منداڵەکەی براوە و حەزەکات منداڵی ژنەکەی تریش نەمێنێت زۆری پێ خۆش دەبێت و دەڵێت: من ڕازیم. بەڵام ئافرەتەکەی تر کە دایکی ڕاستەقینەی منداڵەکەیە و زیاتر دڵی پێی دەسووتێت، دەیکاتە هات و هاوار و دەڵێت: قوربان من درۆم کرد ئەو منداڵەی گورگ بردی منداڵی من بوو، ئەم منداڵە منداڵی من نییە و بیدەن بەو، بەس منداڵەکە مەکوژن، ئەوجا سولەیمان سەلامی خوای لێ بێت دڵنیا دەبێت کە منداڵەکە هی ئەمە و هی ئافرەتە بەتەمەنەکە نییە[1].

بۆیە بەڕێزان: لەگەڵ ئەوەیش کە ئەمانە پێغەمبەر بوون بەڵام بۆچوونی جیاوازیان هەبووە و ئەم کارەیش هەم بەلای خواوە وهەم بەلای خۆیشیانەوە ئاسایی بووە و نەکراوەتە کێشە و دووبەرەکی، جا ئەگەر ئەوان وابووبن کە ڕاستە وخۆ نیگایان لەخواوە وەرگرتوە و پێ دراوە، ئەی دەبێت حاڵی ئێمە چی و چۆن بێت؟! بەدڵنیاییەوە جیاوازی بۆچوونەکانمان زۆر زیاتر و ئاڵۆزتر دەبن.

---

١ - القرطبي (حمد بن أحمد بن أبي بكر القرطبي)، الجامع لأحكام القرآن، ج١١، دار الكتب المصرية، القاهرة، ط٢، ١٩٦٤، تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، ص٣١٣.

# باسی یەکەم
# زاراوە لەیەکچووەکان

لەم باسەماندا دەچینە سەر ڕاڤەکردنی کۆمەڵێك زاراوەی شەرعی، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەباتەکەمانەوە هەیە و زۆر لەیەکەوە نزیکن بەڵام ڕاڤە و واتای جیاواز هەڵدەگرن و پێویستە مرۆڤی بڕوادار لێیان بەئاگا بێت و حوکمە شەرعییەکانیان بزانێت کامەیان لەشەرعدا ڕێگە پێدراوە تا کاری لەسەر بکات و لەکات و شوێنی خۆیدا بەکاری بهێنێت، کامەیشیان قەدەغە و یاساغە تا خۆی لێ بەدوور بگرێت.

گرنگترینی ئەو زاراوانەیش بریتین لە: (الإختلاف، الخلاف، المناظرة، الحوار، الجدال، الشقاق).

## زاراوەی یەکەم: (الإختلاف) و (الخلاف):

ئەم دوو وشەیە لە زمانی عەرەبیدا لەیەك سەرچاوەوە وەرگیراون و لەڕووی زمانەوانیشەوە یەك واتە و یەك حوکمیان هەیە، راغیبی ئەصفەهانی دەربارەی پێناسەکەیان دەڵێت: (الإختلاف والمخالفة: أن يأخذ كل واحد طريقا غير طريق الآخر في حاله أو قوله)[١]. واتە: بریتیە لەوەی کە هەر کەسێك ڕێگەیەکی جیاواز لەوی تر بۆخۆی هەڵببژێرێت لەڕەفتار و گوفتاریدا.

بەڵام لە ڕووی زاراوە و بەکارهێنانەوە دوو واتە و دوو حوکمی جیاوازیان هەیە و دەکرێت لە ڕێی ئەم خاڵانەوە لێك جیا بکرێنەوە:

یەکەم: (إختلاف) ڕاجیایی خەڵکانی زانا و شارەزایە لە بابەتە شەرعییەکاندا؛ بەڵام (خلاف) بۆچوون و جیاوازی خەڵکانی سادە و نەشارەزایە و ناچێتە خانەی جیاوازی فیقهییەوە.

دووەم: لە (إختلاف) دا ئامانج و مەبەستی خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان گەیشتنە بەحەق و ڕاستیی و ڕەزامەندی خوای گەورە؛ بەڵام لە (خلاف) دا مەبەستەکان زیاتر دەروونین و کەسەکان خۆیان و قسەکانیان لا مەبەستە نەك ڕاستی و ڕەزامەندی خوای گەورە.

---

١ - الراغب الأصفهاني، مفردات ألفاظ القرآن، ص٢٩٤، دار القلم، بيروت، تحقيق: صفوان عدنان داودي.

سێیەم: (إختلاف) بریتییە لە جیاوازی بیروڕا لەسەر بنەمایەكی زانستی و شەرعی؛ بەڵام (خلاف) بریتیە لە ناكۆكی و پەرتەوازەیی لەسەر بنەمای نەزانی و دەمارگیری؛ بۆیە خوای پەروەردگار هەڕەشە لەو كەسانە دەكات كە بێ هیچ بەڵگە و پاساوێك سەرپێچی فەرمان و سوننەتەكانی پێغەمبەر ﷺ دەكەن و پێیان دەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[1]. واتە: با ئەو كەسانەی كە سەرپێچی فەرمانەكەنی پێغەمبەر ﷺ دەكەن بەئاگا بن لەوەی كە ڕووبەڕووی سزایەكی سەخت ببنەوە، یان تووشی لادان و هەڵگەڕانەوە بن.

لێرەدا خوای گەورە هەڕەشە لە (خلاف) دەكات نەك (إختلاف)؛ بۆیە ئەگەر كەسێكی شارەزا سوننەتێك جێبەجێ نەكات، لەبەر ئەوەی پێی وابێت فەرموودەكە لاوازە، یان فەرموودەی لەو بەهێز تر هەیە، یان لەبەر ئەوەی فەرموودەكەی هەر پێنەگەیشتووە، یان پێی وایە حوكمەكەی سڕاوەتەوە، ئەمانە هەمووی دروستە و دەبێت؛ بەڵام ئەگەر بۆی دەركەوت سوننەتە و هەر بە كەللەڕەقی و لاساری بەگوێی نەدەكرد و كاری پێ نەدەكرد، ئەو كات با لەخۆی بترسێت، چونكە ئەو هەڕەشەیەی قورئان دەیگرێتەوە .

چوارەم: (إختلاف) دەبێتە مایەی دەوڵەمەندكردنی بۆچوونەكان و زیادكردنی ڕێكارە شەرعییەكان و جۆرێك لە كارئاسانی لەبابەتە فیقهییەكاندا و موسوڵمانان دەتوانن بەپێی جیاوازی بارودۆخ و گوزەرانی ژیانیان سوود لەو بۆچوونە جیاوازانە وەربگرن؛ بەڵام (خلاف) دەبێتە مایەی ونكردنی ڕاستییەكان و لێڵكردنی ڕێگاكان بەشێوەیەك كە حەق و ناحەق بەزەحمەت دەناسرێنەوە و لێك جیا دەكرێنەوە.

پێنجەم: (إختلاف) هەمیشە لەو بابەتانەدا دروست دەبێت، كە بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت و جیاوازییەكە هەڵقوڵاوی لێكدانەوەی خودی دەقەكەیە، بەڵام (خلاف) تەنها دەمارگیرییە؛ بۆیە لە (إختلاف) دا بۆچوونە جیاوازەكان هیچ كاریگەرییەكی خراپ لەسەر پەیوەندی كەسەكان بەیەكترەوە دروست ناكەن، بەڵام لە (خلاف) دا خاوەن بۆچونە جیاوازەكان هەمیشە دژ و نا تەبان و بەردەوام لە سەنگەری شكاندنی یەكتردان.

---

١ - سورة النور: الآية (٦٣).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (إختلاف) و ڕایایی زانایان لەسەر بابەتە شەرعییەکان کارێکی ئاسایی و ڕێگە پێدراوە؛ بەڵام (خلاف) لەهەر کەسێکەوە و بەهەر پاساوێك بێت کارێکی نەخوازراو و ڕێگە پێنەدراوە.

### زاراوەی دووەم: (الحوار):

وشەی (حوار) لە زمانی عەرەبیدا لە (حار) ە وە وەرگیراوە، کە بە واتای گەڕانەوە دێت[١]، بۆیە خوای پەروەردگار کە باسی گومانی بەدی بێ باوەڕانمان بۆ دەکات لە دونیا دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ ظَنَّ أَنْ لَنْ يَحُورَ﴾[٢]. واتا: ئەو گومانی وابوو کە ناگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە. پێغەمبەری خودایش ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: {مَنْ دَعَا رَجُلاً بِالْكُفْرِ، أَوْ قَالَ: عَدُوَّ اللهِ، وَلَيْسَ كَذَلِكَ إِلاَّ حَارَ عَلَيْهِ}[٣]. واتە: هەر کەسێك تۆمەتی کوفری دایە پاڵ کەسێکی تر و پێی گووت: کافر، یان دووژمنی خوا و کەسەکەیش وا نەبوو، وە شایەنی ئەو تۆمەتانە نەبوو، ئیللا کوفرەکە و تۆمەتەکە بۆ کەسەکە خۆی دەگەڕێتەوە و خۆی پێ کافر دەبێت.

بەڵام وشەی (حوار) لە ڕووی زاراوەوە بەواتای پەیڤین و دواندن و گفتوگۆ دێت. بۆ نموونە خوای گەورە لە سورەتی (کهف) دا دەفەرموێت: ﴿فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ﴾[٤]. واتە: گفتوگۆی لەگەڵ برادەرەکەی دەکرد و پێی گووت. لە سورەتی (مجادلة) یشدا خوای گەورە کاتێك باسی ئەو ئافرەتە دەکات کە هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و سکاڵای لە مێردەکەی هەبوو لە بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا﴾[٥]. واتە: خوای گەورە گوێی لەپەیەڤین و گفتوگۆکەتان بوو.

کەواتە (حوار) یش کە بەواتای پەیڤین و گفتوگۆ دێت و هۆکارێکە بۆ بیروڕا گۆڕینەوە بەشێوەیەکی هێمنانە و کارێکی باشە و خوازراوە، بەمەرجێك سەرنەکێشێت بۆ توڕەبوون و ڕق لێبوونەوە و بشێوی و لایەنەکانی گفتوگۆکە تەنها مەبەستیان

---

١ - إبن منظور (محمد بن مكرم)، لسان العرب، ج٤، دار صادر، بيروت، ط١، ص٢١٧.

٢ - سورة الإنشقاق: الآية (١٤).

٣ - مسلم، صحيح مسلم، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (٢٩) بيان حال إيمان من رغب عن أبيه وهو يعلم، رقم الحديث (٢٢٦)، ص٥٧.

٤ - سورة الكهف: الآية (٣٤).

٥ - سورة المجادلة: الآية (١).

دەرخستنی ڕووی ڕاستییەکان و ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و ئامادەبن دەرەنجامی ڕاستییەکان قبوڵ بکەن هەرچۆن و لە هەر لایەکەوە بێت.

زاراوەی سێیەم: (الجدال):

وشەی (جدال) لە زمانی عەرەبیدا لە (جدل) ەوە وەرگیراوە و (جدل الحبل) بەگوریسێك دەگوترێت کە دەزووەکانی بەیەکدا دەئاڵێن و توند دەبن[1].

بەڵام لە ڕووی زاراوەوە (جدال) بەگفتوگۆ و دەمەدەمێیەك دەگوترێت کە شێوازێکی توووندی پێوە دیارە و هەریەك لە لایەنەکانی گفتوگۆکە ئەو پەڕی هەوڵ دەدات تا قسەی خۆی سەربخات و قسەی بەرامبەرەکەی بدات لە زەوی. هەر بۆیەیش وشەی (جدال) لە زمانەوانییەوە بۆ ئەم شێوازی گفتوگۆیە بەکار هاتووە؛ چونکە قسە و بەڵگەی لایەنەکانی گفتوگۆکە وەکو دەزووی پەتەکە لێك دەئاڵێن و توند دەبن.

سەبارەت بەحوکمی شەرعی ئەم گفتوگۆ زبرەیش باشتر وایە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤی باوەڕدار تا دەتوانێت خۆی لێ بپارێزێت؛ چونکە زۆر کات دەرەنجامەکانی باش نابێت؛ بەڵام ئەگەر کەسەکە ناچار بوو یان کەوتە ناو بابەتەکەوە، ئەو کات حوکمەکەی بەپێی مەبەستی کەسەکان دەگۆڕێت، ئەگەر مەبەستیان تەنها سەرخستنی حەق و خستنە ڕووی بەڵگە شەرعییەکان بێت و لەو پێناوەدا تووشی ئەو حاڵەتە بووبن، ئەوە کارەکەیان ڕێگە پێدراوە و ئاساییە، خۆ ئەگەریش هەرکەس مەبەستی سەرخستنی بۆچوونی خۆی و تەنها دەمارگیری بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە کارەکەیان حەرامە و پێویستە دەست بەجێ گفتوگۆکەیان ڕابگرن.

لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای باڵادەست باسی هەردوو شێوازەکەمان بۆ دەکات:

بۆ نموونە خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[2]. واتە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بە باشترین و جوانترین شێواز گفتوگۆ و قسەیان لەگەڵ بکە. لێرەدا چونکە مەبەستی (جدال) ە کە دەرخستی ڕاستییە خوای گەورە ڕێگەی پێداوە.

---

١ - مرتضى الزبيدي (محمد بن محمد الحسيني)، تاج العروس من جواهر القاموس، ج٢٨، دار الهداية، تحقيق: مجموعة من المحققين، ص١٩٤. المناوي (محمد عبد الرؤوف المناوي)، التوقيف على مهمات التعاريف، دار الفكر المعاصر، بيروت، دار الفكر، دمشق، ط١٠،١٤١٠، تحقيق: د. محمد رضوان الداية.

٢ - سورة النحل: الآية (١٢٥).

بەڵام لە هەندێك شوێنی تردا کە باس لە گفتوگۆی بێباوەڕان و سوربوونیان لەسەر بەرنامە پووچەکانیان و دەمارگیرییان بۆ ناحەق دەکات ڕێگری لێ دەکات و بەکارێکی خراپ پۆلێنی دەکات و لە بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَيُجَادِلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ﴾[١]. واتە: ئەوانەی بێباوەڕن گفتوگۆ و دەمەدەمێ بەناحەق دەکەن و دەیانەوێت حەقی پێ پەراوێز بخەن و لەناو ببەن.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا أَآلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلاً﴾[٢]. واتە: بێ باوەڕان دەیانگووت خواکانی ئێمە باشترن یان خواکەی تۆ؟!! خۆیان وەڵامی ڕاست دەزانن، بەڵام تەنها دەیانەوێت دەمەدەمێت لەگەڵ بکەن و قسەت پێ بە زۆران بدەن.

کەواتە (جدال) قۆناغێکی توند ترە لە (حوار) و هەر کات (حوار) یێك گەیشتە قۆناغی (جدال) و زانیت بەرامبەرەکەت تووشی دەمارگیری بووە و مل بەحەق نادات باشتر وایە کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنیت و بیخەیتە کاتێکی تر و هەستی بریندار نەکەیت؛ چونکە ئەرکی ئێمە ئەوەیە ڕاستییەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوە، نەك بەزۆر قەناعەتیان پێ بکەین

## زاراوەی چوارەم: (المناظرة):

ئەمیش شێوازێکی ترە لەشێوازەکانی گفتوگۆ کردن، (مناظرة) لە زمانی عەرەبیدا یان لە وشەی (نظر) ە وە وەرگیراوە کە بە واتەی: تێڕامان و تێفکرین. یان (نظیر)ە وە کە بەواتەی: هاوتا و بەرامبەرەوە دێت وەرگیراوە[٣].

لە زاراوەشدا وشەی (مناظرة) بە واتەی: گفتوگۆ و قسەکردن و بەڵگە هێنانەوە لەسەر شتێك دێت بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستی. مەرجیش نییە (مناظرة) هەر لە

---

١ - سورة الكهف: الآية (٥٦).

٢ - سورة الزخرف: الآية (٥٨).

٣ - الطالقاني (إسماعيل ابن عباد بن العباس)، المحيط في اللغة، ج١٠، عالم الكتب، بيروت، ط١، ١٩٩٤، تحقيق: محمد حسن آل ياسين، ص٢٢. الأزهري (محمد بن أحمد)، تهذيب اللغة، ج١٤، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، تحقيق: محمد عوض مرعب، ص٢٦٥. الجرجاني (علي بن محمد)، التعريفات، دار الكتاب العربي، بيروت، ط١، ١٩٨٥، تحقيق: إبراهيم الأبياري، ص٢٩٨.

نێوانی دوو كەسدا بێت، بەڵكو دەكرێت كەسەكە لە ناخی خۆیدا ئەو گفتوگۆ و لێكدانەوە و تێڕامانە ئەنجام بدات.

ئەم شێوازی گفتوگۆیەیش هەمان حوكمی (حوار) ی هەیە.

## زاراوەی پێنجەم: (المراء):

وشەی (مراء) لە زمانی عەرەبیدا بەچەند واتەیەكی نزیك لەیەك بەكار دێت لەوانە:

- دەمەدەمێ (مجادلة) كردن: خوای گەورە لە قورئاندا دەربارەی ژمارەی یارانی ئەشكەوت دەفەرموێت: ﴿فَلا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَاءً ظَاهِراً﴾[1]. واتا: موجادەلە و دەمەدەمێی زۆر لەسەر ژمارەیان مەكە و خۆتی پێوە سەرقاڵ مەكە.

- بەدرۆخستنەوە و باوەڕ پێ نەكردن: خوای گەورە لە قورئاندا و بەمەبەستی سەركۆنەكردنی هەڵوێستی بێباوەڕان پێیان دەفەرموێت: ﴿أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى﴾[2]. واتە: ئایا ئێوە باوەڕی پێ ناكەن و بەدرۆی دەخەنەوە لەسەر ئەو شتانەی كە دەیبینێت و بۆتانی دەگێڕێتەوە؟!!.

- گومان و دوودڵی: خوای گەورە لە قورئاندا بەمەبەستی زیاتر دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ و دڵنیاكردنەوەی لە پشتیوانی خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ﴿فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكَ تَتَمَارَى﴾[3]. واتە: بەرامبەر بەكام لە بەخشش و موعجیزەكانی خوای گەورە بەگومان و دوودڵیت؟!!.

لەزاراوەیشدا ووشەی (مراء): بەگفتوگۆ و دەمەدەمێیەك دەگوترێت، كەئامانج تێیدا گەیشتن بەڕاستی نییە؛ بەڵكو ئامانجی كەسەكە یان خۆ دەرخستنە، یان شكاندنی كەسی بەرامبەرە، یان كات بەسەر بردنە؛ بۆیە دەبینین پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی ئەم جۆرە گفتوگۆیە دەفەرموێت: ﴿أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاءَ

---

١ - سورة الكهف: الآية (٢٢).

٢ - سورة النجم: الآية (١٢).

٣ - سورة النجم: الآية (٥٥).

وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا﴾[1]. واتە: من کەفیل وزامنی خانویەك دەکەم لە کەنارەکانی بەهەشتدا بۆ هەرکەسێك واز لە دەمەدەمێ بهێنێت ئەگەر لەسەر حەقیش بێت.

هەر بۆیە وشەی (مراء) بەهەموو واتە و مەبەستەکانییەوە کارێکی نەشیاو و نەخوازراوە لەشەرعدا و باشتر وایە مرۆڤی موسوڵمان خۆی لێ بپارێزێت.

ئەمانە کۆمەڵێك زاراوەن پێویستە مرۆڤی موسوڵمان ئاگای لە واتا و مەبەستەکانیان بێت و لە سنووری شەرعدا بەکاریان بهێنێت و سوودیان لێ وەربگرێت. هەر کاتێکیش ویستی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك بکات لەگەڵ کەسێکی تردا بەر لەوەی دەست پێ بکات ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

- مەبەست و نیەتی خۆی تەواو بۆ خوا یەکلا بکاتەوە و تەنها مەبەستی ڕەزامەندی ئەو و دەرخستنی ڕاستی بێت.

- لە ناخی خۆیدا پەیمان و بەڵێنی ئەوە بدات، کە حەق هەرچۆن بێت و لای هەر لایەك بێت بەسنگێکی فراوانەوە قبوڵی بکات.

- لە کاتی گفتوگۆدا ئەو پەڕی نەرم و نیان بێت و بەو پەڕی ڕێزەوە و زۆر هێمنانە بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو و گوێ لە بۆچوونی بەرامبەریش بگرێت.

---

١ - أبو داود، سنن أبي داود، ج٤، كتاب (٤٢) الأدب، باب (٨) في حسن الخلق، رقم الحديث (٤٨٠٢)، وقال الألباني: حديث حسن، ص٤٠٠.

# باسی دووەم
# جۆرەکانی ڕا جیایی

بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی دەبێت بە دوو جۆرەوە:

## جۆری یەکەم: جیاوازیی فرەیی (تنوع):

لەم جۆرە جیاوازییەدا هەموو بۆچوونەکان دروستن و تەواوکاری یەکترن و هیچ بۆچوونێکیان لەوی تریان باشتر و لەپێشتر نییە و مرۆڤ هەر کامیان بکات دروستە و ئاساییە، لەشەرعیشدا بەم جۆرە جیاوازییە دەگوترێت: جیاوازی ڕووکەش، یان جیاوازی زارەکی، بۆ نموونە:

ڕێگەکانی خوێندنەوەی قورئان، کە قورئان بەچەند ڕێگەیەك دەخوێنرێتەوە لەوانە: خوێندنەوەی حەفص لە عاصیمەوە. یان وەرش لە نافیعەوە. یان دوری لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە. یان بوززی لە ئیبن کەسیرەوە. ئەمانە و چەندین ڕێگەی تری قورئان خوێندنمان هەیە کە مرۆڤ بەهەرکامیان بخوێنێت دروستە و هەمان پاداشتی دەستگیر دەبێت کە لە ڕێگەکانی تردا هەیە.

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود دەڵێت: گوێم لێبوو پیاوێك ئایەتێکی قورئانی دەخوێندەوە، من بەشێوازێکی تر گوێم لە پێغەمبەری خودابوو ﷺ خوێندبویەوە، منیش پیاوەکەم هێنایە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و بۆم گێڕایەوە بۆ هێناومە، عەبدوڵلا دەفەرمووێت: بە دەموچاوی پێغەمبەرەوە ﷺ دیار بوو کە کارەکەی منی پێ ناخۆشبوو فەرمووی: ﴿كِلَاكُمَا مُحْسِنٌ، وَلَا تَخْتَلِفُوا، فَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ اخْتَلَفُوا فَهَلَكُوا﴾[1]. واتا: هەردووکتان ڕاست دەکەن و با ناکۆکی نەکەوێتە نێوانتانەوە؛ چونکە ئەوانەی پێش ئێوە کە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە لەناو چوون.

عەبدوڵلای کوڕی عومەریش دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ لە غەزای خەندەق گەڕایەوە پێی فەرمووین: (..﴿لَا يُصَلِّيَنَّ أَحَدٌ الْعَصْرَ إِلَّا فِي بَنِي قُرَيْظَةَ﴾ فَأَدْرَكَ بَعْضَهُمْ

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٣، كتاب (٦٤) الأنبياء، باب(٥٢) ﴿أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الكَهْفِ والرَّقِيمِ﴾- رقم الحديث (٣٢٨٩)، ص١٢٨٢.

الْعَصْرُ فِي الطَّرِيقِ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا نُصَلِّي حَتَّى نَأْتِيَهَا. وَقَالَ بَعْضُهُمْ: بَلْ نُصَلِّي، لَمْ يُرَدْ مِنَّا ذَلِكَ، فَذُكِرَ لِلنَّبِيِّ ﷺ فَلَمْ يُعَنِّفْ وَاحِدًا مِنْهُمْ)[١]. واتە: باکەس لە بەنو قورەیظە[٢] نەبێت نوێژی عەسر نەکات، هەندێکیان دواکەوتن و لەرێ بانگی عەسری لێدان، کۆمەڵێکیان گوتیان: هەتا نەگەینە بەنو قورەیظە نوێژی عەسر ناکەین. کۆمەڵێکی تریان گوتیان: ئێمە نوێژی خۆمان دەکەین و پێغەمبەری خودا ﷺ مەبەستی ئەوە نەبووە کە لەکاتی خۆیدا نوێژەکەمان نەکەین؛ بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە پەلە بکەین لە ڕۆیشتن و بەر لە نوێژی عەسر بگەینە ئەوێ، جا ئێمە ئێستا هەر دواکەوتووین و کاتی نوێژی عەسریش هاتووە ئیتر بۆ نوێژی عەسر نەکەین، دواتر کە گەیشتنەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ کێشەکەیان بۆ گێڕایەوە، گلەیی لە کەسیان نەکرد؛ کەواتە هەردوو بۆچوونەکەی پێ پەسەند بووە و بەلایەوە کێشەی نەبووە.

لە فەرموودەیەکی تردا ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: ﴿كُنَّا نُسَافِرُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فَلَمْ يَعِبْ الصَّائِمُ عَلَى الْمُفْطِرِ وَلَا الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ﴾[٣]. واتە: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ سەفەرمان دەکرد- هەندێکمان بەڕۆژو دەبووین، هەندێکیشمان بەڕۆژو نەدەبوین- نە ئەوانەی بەڕۆژوبوون ڕەخنەیان لەوانی تر دەگرت کە بۆ بەڕۆژو نین، نە ئەوانەی کە بەڕۆژو نەبوون ڕەخنەیان لەوانی تر دەگرت کە بۆ بەڕۆژون.

جا بۆیە ئەم جۆرە جیاوازیانە و هاوشێوەکانیان هیچ گرفتێکی شەرعی تێدا نییە و هەر کەس بەهەر بۆچوونێکیان بکات دروستە.

هەرچەندە ئەم جۆرە جیاوازییە لەشەرعدا ڕێگە پێدراوە، بەڵام دەبێت بەهۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و مەرجی بۆ دابنرێت؛ ئەگەر نا لەوانەیە بەهەڵە بەکار بهێنرێت و شوێنەواری خراپی لێ بکەوێتەوە لەوانە:

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١٨) أبواب صلاة الخوف، باب (٥) باب صلاة الطالب والمطلوب راكبا وإيماء، رقم الحديث (٩٠٤)، ص٣٢١. مسلم، صحيح مسلم، ج٥، كتاب (٣٣) الجهاد و السير، باب (٢٣) من لزمه أمر فدخل عليه أمر آخر، رقم الحديث (٤٧٠١)- واللفظ للبخاري، ص١٦٢.

٢ - ناوچەیەك بووە لە مەدینە یەهودەکانی هۆزی بەنی قورەیظە تێیدا نیشتەجێ بوون.

٣ - البخاري، صحيح البخاري،ج٢، كتاب (٣٦) الصوم، باب (٣٦) لم يعب أصحاب النبي ﷺ بعضهم بعضا في الصوم والإفطار، رقم الحديث (١٨٤٥)، ص٦٨٧. مسلم، صحيح مسلم، ج٣، كتاب (١٤) الصيام، باب (١٥) جواز الصوم والفطر في شهر رمضان للمسافر، رقم الحديث (٢٦٧٦)، واللفظ للبخاري، ص١٤٣.

- هەندێك لەخەڵكی هەمیشە دەگەڕێن بەشوێن ئەو بۆچوونەی كە ئاسانە و لەبەرژەوەندی خۆیانە بێ گوێدانە ئەوەی كە تاچەند بەڵگەكانی بەهێزە یان نا.

- بۆچونی ڕاست و بەهێز لەناو ئەو هەموو بۆچونە جیاوازانەدا ون دەبێت. بەشێوازێك كە ئەوەندە بۆچوونی جیاواز لەسەر یەك بابەتی فیقهی دەبینێت وات لێدێت سەرت لێ دەشێوێت و نازانێت كامیان حەقە و بەگوێی كامیان بكەیت باشە.

- ئەم جیاوازییە بچوك و لاوەكیانە ئەوەندە زۆر دەبن و كەڵەكە دەبن سەر دەكێشن بۆ جیاوازی گەورە و پەرتكردنی یەكڕیزی موسوڵمانان و لاوازكردنیان، هەروەكو ئەو جیاوازی و پەرتبوونەی لە نێوان شوێنكەوتوانی قوتابخانە ئیسلامییەكاندا ڕوویانداوە لەسەردەمانی پێشوودا، تا كار گەیشتۆتە ئەوەی كە تەنانەت لە حەرەمی مەكیشدا لەدوای یەكەوە نوێژیان نەكردوە، یان ژن و ژنخوازییان لەگەڵ یەك پێ جائیز و دروست نەبووە.

بۆیە پێویستە زۆر بەووردی و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم جیاوازییە فیقهیانەیشدا بكرێت بۆ ئەوەی شوێنەواری خراپیان لێ نەكەوێتەوە و بتوانرێت لە كات و شوێنی خۆیدا سوودیان لێ وەربگیرێت.

### جۆری دووەم: جیاوازیی دژ (تضاد):

لەم جۆرە جیاوازییەدا بۆچوونەكان تەواوكاری یەكتر نین؛ بەڵكو دژ دەوەستنەوە و یەكێك لەبۆچوونەكان دروستە و ئەوانی تر هەڵەن؛ بەڵام ئەمەیش لەشەرعدا هەر ڕێگەی پێدراوە و حەرام نییە، بەمەرجێك بۆچونەكان لەسەر بابەتە شەرعییەكان بن و جیاوازییەكان هەڵقولاوی بەڵگە شەرعییەكان بن و سنووری جیاوازییەكان بابەتەكان تێنەپەڕێنێت و دوور بێت لەحەز و بەرژەوەندی و دەمارگیری و خاوەنەكەی هەموو هەوڵی خۆی خستبێتە كار بۆ گەیشتن بەڕاستی.

بەڵگەیش لەسەر شەرعیبوونی ئەم جۆرە جیاوازییە، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ كە دەفەرموویت: ﴿إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ

فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ﴾[1]. واتە: هەرکات دادوەر، فەرمانڕەوا، زانا بڕیاریکی دا سەبارەت بە پرسێکی شەرعی، ئەگەر بڕیارەکەی دروست بوو، ئەوە دوو پاداشتی هەیە- پاداشتێکی ماندوبوونەکەی کە بەشوێن ڕاستییدا گەڕاوە، پاداشتێکیشی بۆ ئەوەی کە ڕاستیی پێکاوە و بەخەڵکی گەیاندوە- ئەگەریش بڕیارەکەی هەڵە بوو ئەوە یەك پاداشتی هەیە- ئەویش پاداشتی ماندووبوونەکەیەتی کە بەشوێن ڕاستییدا گەڕاوە-. کەواتە خوای گەورە لەسەر بۆچوونی هەڵەیش پاداشتی هەوڵ و ماندوبوونی خەڵکی زانا دەداتەوە.

بۆیە ناکرێت ئەگەر زانایەك لە بۆچونێکیدا نەیپێکا و هەڵەیەکی کرد، ئیتر خەڵکی لێی بکەنە هەرا و بکەونە غەیبەت کردن و قسە پێ گوتنی و بەیەکجاری هەموو بۆچوونەکانی تریشی ڕەت بکەنەوە. لە هەمان کاتیشدا ناکرێت کە هەرچی گوت ئێمە شوێنی بکەوین و بەگوێی بکەین؛ بەڵکو لەهەڵەکانیدا بەگوێی ناکەین و بەپێی توانا بۆ خەڵکیشی ڕوون دەکەینەوە کە فلاّن بۆچوون بەپێی ئەم بەڵگانە هەڵەیە؛ بەڵام بەبێ غەیبەت کردن و ناوزڕاندنی خاوەنەکەی.

ئەگەر بەدرێژایی مێژوو سەرنجی بابەتە فیقهییەکان بدەین بابەتگەلێکی زۆر لەم جۆرە جیاوازییە لەنێوان هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتوان و سەرجەم زایانی ئوممەتی ئیسلامی بەدی دەکەین. کە لە ئەژمار نایەن.

هەر بۆیە ئەرکی سەر شانی ئێمەی موسوڵمان ئەوەیە کە زۆر بەسنگێکی فراوان و بیرێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بۆچوونە جیاوازانەدا بکەین و کامەیان بەڵگەی بەهێز ترە بەگوێی ئەوەیان بکەین، جاهی هەرکەس و لەهەرکوێ بێت، ئەوەیش کە بەڵگەکەی لاوازە ڕێزی تەواو لە خۆی و بۆچونەکەی بگرین و دوعای خێری بۆ بکەین، کەخوای گەورە لەسەر ئەرك وماندوبوونەکەی پاداشتی خێری بداتەوە.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٦، كتاب (٩٩) الإعتصام بالكتاب والسنة، باب (٢١) أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ،رقم الحديث (٦٩١٩)، /ص٢٦٧٦. مسلم، صحيح مسلم، ج٥، كتاب (٣١) الأقضية، باب (٦) بيان أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ، رقم الحديث (٤٥٨٤)، متفق عليه، ص١٣١.

# باسی سێیەم
# هۆکارەکانی ڕاجیایی

ڕاجیایی زانایان دەربارەی پرسە شەرعییەکان هۆکار و ڕەهەندی جیاوازی هەیە، گرنگترینی ئەو هۆکارانەی کە ئەو ڕا جیاییە دروست دەکەن بریتین لە:

**یەکەم:** سروشتی دەقەکانی شەریعەت و سەرچاوەکانی حوکم وەرگرتن:

دەقەکانی قورئان و سوننەت کە دوو بەهێزترین سەرچاوەی شەریعەتن سروشتیان وایە کە بۆچوون و لێکدانەوی جیاواز هەڵبگرن.

بۆ نموونە قورئان کە سەرچاوەی یەکەمی تەشریع و حوکم وەرگرتنە ئایەتەکانی بەگشتی (ظني الدلالة) ن، واتە دەقەکانی زیاتر لەیەك واتا و لێکدانەوە هەڵدەگرن و دەکرێت لەسەر یەك ئایەت چەند بۆچونێك هەبێت و هەموو بۆچونەکانیش دروست بن، جگە لەمە لە ئایەتەکانی قورئاندا (المحكم والمتشابه، المطلق والمقيد، العام والخاص، الصريح والمؤول، الناسخ والمنسوخ) مان هەیە. زیاد لەمەیش شێوازی جیاوازی خوێندنەوەی دەقەکانمان هەیە، کە ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ دروست بوونی بۆچوونی جیاواز سەبارەت لێکدانەوەی دەقەکان وحوکم لێ وەرگرتنیان.

سەبارەت بە فەرموودەکانی پێغەمبەریش ﷺ ئەوانیش هەر بەهەمان شێوە زۆرێکیان واتا و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن؛ چونکە ئەو فەرموودانە لە ڕێی هاوەڵانەوە بە ئێمە گەیشتوون کە ژمارەیان زیاتر لە سەد و چواردە هەزار کەس بووە، لەنێوانیاندا هەزار وهەشت سەد هاوەڵیان فەرموودەیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە و ئەو فەرموودانەی کە لە ڕێی ئەوانەوە بەئێمە گەیشتوون زیاتر لە پەنجا هەزار فەرموودەن و بە زیاتر لەیەك ملیۆن ڕێگە بە ئێمە گەیشتوون، کە هەندێکیان دروستن و کاریان پێ دەکرێت و هەندێکیان لاوازن و کاریان پێ ناکرێت.

جا ئەگەر ئێمە پەنجا هەزار فەرموودەمان هەبێت کە زۆرێکیان چەندین مانا و لێکدانەوە هەڵبگرن و لە ڕێگەی هەزارو هەشت سەد کەس کە ڕاستەوخۆ فەرموودەیان لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە و بەیەك ملیۆن ڕێگە بەدەستمان گەیشتبێت، ئایا ئەمە بۆچوونی جیاواز دروست ناکات لە نێوانماندا؟! بەدڵنیاییەوە بەڵێ؛ کەواتە هۆکاری

یەکەمی دروست بوونی بۆچوونی جیاواز لەنێوان موسوڵماناندا پەیوەندی بەخودی دەقەکانەوە هەیە.

ئەمە سەبارەت بە دوو بەهێزترین سەرچاوە کە قورئان وسوننەتە و دوو سەرچاوەی نەقڵین و دەم بەدەم و دەست بەدەست پێمان گەیشتوون و کەمترین بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن، خۆ ئەگەر بێینە سەر سەرچاوەکانی تری عەقڵی لەنموونەی (قیاس، إستحسان، إستصحاب، المصالح المرسلة، سد الذرائع) ئەو کات بەدڵنیاییەوە بواری ڕاجییای زۆر فراوانتر و زیاتر دەبێت.

ئەمەیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بوونی بۆچوونی جیاواز لە نێو زانایاندا نەك هەر سروشتییە بەڵکو خواستێکی شەرعییە؛ ئەگەر نا دەکرا ئەو سەرچاوە و دەقە شەرعییانە بەشێوەیەك دارِشتنیان بۆ بکرایە کە واتەکانیان زۆر کۆنکریتی بوونایە و لە بۆچونێك زیاتریان هەڵنەگرتایە.

دووەم: سروشتی زمانی شەریعەت:

هەموومان دەزانین کە سەرچاوە سەرەکییەکانی شەریعەت بە زمانی عەرەبی هاتوون و دارِشتنیان بۆ کراوە. زمانی عەرەبیش زیاتر لە دوو ملیۆن زاراوەی هەیە و بەدەوڵەمەندترین زمانی دونیا پۆلێن دەکرێت لە ڕووی زۆری زاراوەوە و زۆرێك لە وشەکانی زیاتر لە یەك واتە هەڵدەگرن، یان یەك واتە بەچەندین شێوە گوزارشتی لێ دەکرێت، ئەمەیش دیسان وا دەکات کە زانایان بۆچونی جیاوازیان لەسەر لێکدانەوەی ئەو وشە و دەقانە بۆ دروست بێت.

من لێرەدا تەنها یەك ئایەت بە نموونە باس دەکەم کە تێیدا خوای گەورە باسی حوکمی دەستنوێژمان بۆ دەکات و دەفەرمویێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ﴾[1]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران ئەگەر ویستتان نوێژەکانتان ئەنجام بدەن ئەوە دەموچاو و دەستەکانتان هەتا ئانیشکتان بشۆن و دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا و قاچەکانتان هەتا قولەپێتان بشۆن.

---

١ - سورة المائدة: الآية (٦).

ئێستە بابزانین پیت  وشەکانی ئەم ئایەتە لە ڕووی زمانەوانیەوە چەند بۆچونی جیاواز هەڵدەگرن:

أ- پیتی (واو) کە لە نێوان بڕگەکانی ئایەتەکەدا بەکار هاتووە، هەندێك لە زانایان پێیان وایە کە بۆ ڕیزبەندی کردنی کارەکانە و هەندێکی تریش پێیان وایە کە تەنها بۆ کۆکردنەوەیانە نەك ڕیزبەندی کردن.

ئەوانەی کە پێیان وایە پیتی (واو) بۆ کۆکردنەوە و ڕیزبەندی کردنە پێیان وایە کە پێویستە ئەندامەکانی دەستنوێژ بەو ڕیزبەندییە بشۆردرێت کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، ئەگەر پاش و پێشی تێدا بکرێت دەستنوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە.

ئەوانەیش کەپێیان وایە پیتی (واو) تەنها بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانەیە کە بەدوای یەکدا باس دەکرێن، پێیان وایە کە پێویست ناکات ئەو ئەندامانەی دەستنوێژ کە لە ئایەتەکەدا باس کراوە بەو ڕیزبەندییە بشۆردرێت کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، بەڵکو دەتوانیت پاش و پێشیان بخەیت، بۆ نموونە دەتوانیت قاچەکانت پێش دەستەکانت بشۆیت یان پێش سەر تەڕ کردن بیانشۆیت.

ب- پیتی (إلى) کە دەفەرموێت: ﴿وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ﴾. ئەم پیتە بۆ کۆتایی مەبەستی قسەکردن بەکار دێت؛ بەڵام زانایان بۆچونیان جیاوازە لەسەر حوکمی ئەو وشەیەی کە بەدوای (إلى) دا دێت، ئایا هەمان حوکمی پێش (إلى) دەیگرێتەوە یان ناحوکمەکە لە (إلى) دا کۆتایی دێت و حوکمی وشەی پاش ئەو جیاوازە، ئەوانەی کە پێیان وایە هەمان حوکمی هەیە، پێیان وایە شۆردنی ئانیشك هەمان حوکمی شۆردنی دەستی هەیە و پێویستە بەتەواوی بشۆردرێت، ئەوانەیش کە پێیان وایە حوکمەکەیان جیاوازە پێیان وایە کە شۆردنی دەستەکان لە ئانیشکدا کۆتایی دێت و شۆردنی ئانیشك پێویست ناکات، هەمان ڕاجیایی لەسەر بڕگەی ﴿وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ﴾. یش دووبارە دەبێتەوە.

ت- پیتی (باء) کە دەفەرموێت: ﴿وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ﴾. ئایا ئەم پیتە لێرەدا زیادەیە، یان بۆ بەشێکی شتە ناوبراوەکە بەکار دێت، ئەوانەی کە پێیان وایە زیادەیە دەڵێن پێیوستە هەموو سەر مەسح بکرێت، ئەوانەیشی کە پێیان وایە بۆ بەشێکی

ناوبراوەکەیە دەڵێن: ئەگەر یەك بەشی سەر تەڕ بکرێت دروستە و پێویست ناکات هەمووی تەڕ بکرێت.

پ- پیتی (و) لە ﴿وَأَرْجُلَكُمْ﴾. ئایا حوکمەکەی دەگەڕێتەوە سەر ﴿بِرُؤُوسِكُمْ﴾. و قاچیش وەکو سەر تەنها دەستی تەڕی بەسەردا دەهێنرێت، یان دەگەڕێتەوە سەر ﴿وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ﴾. و پێویستە بشۆردرێت.

هەموو ئەم لێکدانەوانەی باسمان کرد لەزمانی عەرەبیدا ڕێیان تێ دەچێت و هەموویشیان کاریگەری دەکەنە سەر حوکمە شەرعییەکان و بەشێوەیەك لەشێوەکان دەیگۆڕن.

سێیەم: هەڵسەنگاندنی دەقەکان و مەودای کارپێکردن و ڕەتکردنەوەیان:

ئێمە دەزانین کە سەرجەم دەقەکانی قورئان هیچ گومانیان لەسەر نییە کە فەرموودەی خوای گەورەن و پارێزراون؛ بەڵام هەندێك لە دەقەکانی سوننەت قسە هەڵدەگرن و بۆچوونی زانایان بەرامبەریان جیاوازە، جا هەندێك جار قسەکە لەسەر خودی فەرموودەکەیە و هەندێك جاریش لەسەر ئەو کەسانەیە کە گێڕاویانەتەوە، ئەمەیش وا دەکات کە بۆچونی زانایان دەربارەی حوکمی فەرموودەکەیش جیاواز بێت.

بۆ نموونە کاتێك فاطیمەی کچی قەیس لەلایەن هاوسەرەکەیەوە سێ جار تەڵاق دەدرێت، هاوسەرەکەی بە بریکارەکەیدا هەندێك گەنمی بۆ ڕەوانە دەکات لەبری خەرجی ماوەی عیددەکەی، ئافرەتەکەش شتەکە بەکەم دەزانێت و وەری ناگرێت و کێشەکەیان دەبەنە بەردەم پێغەمبەری خودا ﷺ، ئەویش ئاگاداریان دەکاتەوە کە هیچ خەرجییەکی فاطیمە ناکەوێتە سەر هاوسەرەکەی چونکە تەڵاقەکە پەیوەندیی هاوسەرێتیانی بەتەواوی هەڵوەشاندۆتەوە و هیچ ئەرك و مافێکیان لەسەر یەکتر نەماوە، دیارە پێشەوا عومەر ئەم فەرموودەیەی نەبیستووە و کاتێکیش پێی دەگات کاری پێ ناکات و دەفەرموێت: ئێمە چۆن واز لە قورئان وفەرمودەی خوا دەهێنین[١] بۆ قسەی ئافرەتێك کە نازانین فەرمودەکەی پێغەمبەری ﷺ وەکو خۆی لەبەر کردوە

---

١ - دیارە مەبەستی ئەو ئایەتەیە کە خوای پەروەردگار دەربارەی مافی ئافرەتانی تەڵاقدراو دەفەرموێت: ﴿لاَ تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلاَ يَخْرُجْنَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾. سورة الطلاق: الآية (١).

و لەیادە یان لەبیری چۆتەوە و بەهەڵە تێگەیشتووە، دەبێت خەرجی ماوەی عیددە و شوێنی نیشتەجێبوونیشی بۆ ئامادە بکرێت[١].

لێرەدا پێشەوا عومەر کە کار بە فەرموودەکە ناکات، لەبەر خودی فەرموودەکە خۆی نییە؛ بەڵکو متمانەی بە قسەی ئافرەتەکە نییە و گومان دەکات کە لەوانەیە بەهەڵە تێگەیشتبێت یان بیری چووبێتەوە.

ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرینەی زۆری هاوەڵانی پێغەمبەر و زانایانیش کاریان بەو فەرموودەیە کردوە و ڕەتیان نەکردۆتەوە.

یان بۆ نموونە لەسەر کردنی نوێژی (صلات التسبیح) کە بەردەوام لە ڕەمەزاناندا مشتومڕێکی زۆری لەسەر دروست دەبێت کە ئایا سوننەتە یان نا؟.

هۆکاری ئەو ڕاجیاییەیش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو فەرموودانەی لەو بارەیەوە هاتوون هەندێك لە زانایان بە دروستی لە قەڵەم دەدەن و پێیان وایە ئەو فەرموودانەی لەو بارەیەوە هاتوون لە پلەی (حسن) دان و تەنانەت ئەگەر لاوازیش بن مادەم پەیوەندی بەکردەوەی چاکەوە هەیە کاری پێ دەکرێت، هەندێکی تریش پێیان وایە کە فەرموودەکان لاوازن و ڕەتی دەکەنەوە کاری پێ بکەن.

تەنانەت زۆرێك لە زاناکانی حیجاز پێیان وایە کە هەر فەرموودەیەك خەڵکی عێراق یان شام گێڕابێتیانەوە و فەرموودەکە لە ناوچەی حیجازدا باو نەبێت، ئەو فەرموودەیە کاری پێ ناکرێت و لەو بارەیەوە گوتویانە: ئەو فەرموودانەی کە لای خەڵکی عێراق یان شام باوە وەك ئەو قسانە سەیر بکەن کە جولەکە و مەسیحییەکان دەیگێڕنەوە و باسی دەکەن، نە باوەڕیان پێ بکەن نە بەدرۆیان بخەنەوە[٢].

ئەم قسەیەیش دەرئەنجامی بە سوك سەیرکردنی خەڵکی ئەو ناوچانە نەبووە؛ بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بووە کە هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەناوچەی حیجاز بڵاو بۆتەوە و لای زانایانی ئەو ناوچەیە بەناوبانگ بووە و خەڵکی عێراق و شامیش لەو سەردەمانەدا کێشە و گرفتیان لەگەڵ یەکتر هەبووە و هەریەك لەهەوڵی

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٩) الطلاق، باب (٦) المطلقة ثلاثا لا نفقة لها، رقم الحديث (٣٧٨٣)، ص١٩٨.

٢ - إبن تيمية، رفع الملام عن الأئمة الأعلام، ج١، طبع ونشر: الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد، الرياض، ط١٩٨٣، ص٢١.

ناوزڕاندنی ئەوی تردا بووە و هەندێك جار خەڵكانی بێ ویژدان بۆ بەدەستهێنانی پلە و پۆست یان پارە و ناوبانگ فەرموودەیان دژی یەك هەڵبەستووە؛ بۆیە هەندێك لە زانایان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە هەر فەرموودەیەك لەلای زانایانی حیجاز نەناسراو بێت و سەرچاوەكەی خەڵكی عێراق یان سوریا بێت، ئەو فەرموودەیە جێی متمانە نابێت و كاری پێ ناكرێت.

چوارەم: لەبیرچوونەوە:

بەڕێزان هاوەڵانی پێغەمبەر كەسەرچاوەی گێڕانەوەی دەقەكانی شەریعەتن وەك هەر خەڵكێكی تر مرۆڤ بوون و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە كە شتیان لەبیرچووبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ماوەیەكی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوانەدا  تێپەڕ بووبێت كە دەقەكەیان لەسەر بیستوە، یان  كەسەكە زۆر چووبێتە ساڵەوە.

بۆ نموونە عەمماری كوڕی یاسر جارێكیان لەسەفەرێكدا لە خزمەت پێشەوا عومەردا دەبێت، شەوێكیان هەردووكیان تووشی لەش گرانی دەبن، كە هەڵدەستن پێشەوا عومەر دەڵێت: من نوێژ ناكەم هەتا ئاوم دەست نەكەوێت، بەڵام عەمماری كوڕی یاسر دەچێت خۆی لەخۆڵ وەردەدات و هەموو گیانی خۆی تۆزاوی دەكات و نوێژەكەی دەكات، كە دەگەڕێنەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و ڕووداوەكەی بۆ باس دەكەن، پێغەمبەری خودا ﷺ بە عەممار دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هَكَذَا وَمَسَحَ وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ وَاحِدَةً﴾. واتە: پێویستی نەدەكرد هەموو لەشت تۆزاوی بكەیت- ئەوەندەت بەس بوو كە ئاوا بكەیت: یەك جار دەستی دا بە زەویەكەدا و هێنای بەدەموچاو و دەستەكانیدا.

پاش ماوەیەكی زۆر لە ڕوودانی ئەم ڕوداوە كە لە پێشەوا عومەر خۆی ڕووی داوە و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا پیاوێك دێتە خزمەتی و لێی دەپرسێت ئەی پێشەوای موسوڵمانان ئەگەر كەسێك تووشی حاڵەتی لەشگرانی بێت و هیچ ئاوی دەست نەكەوێت چی بكات باشە؟ پێشەوا عومەر لەوەڵامدا پێی دەفەرموێت: هەتا ئاوی دەست نەكەوێت با نوێژ نەكات. دیارە عەمماری كوڕی یاسریش لەوێ دەبێت و دەڵێت: ئەی پێشەوای موسوڵمانان بەبیرت نایە كە من و تۆ ڕووداوێكی وامان بەسەر هات و دواتر پێغەمبەری خودا ﷺ وای پێ فەرمووین. پێشەوا عومەر قسەكەی

عەمماری پێ سەیر دەبێت و دەڵێت: عەممار لەخوا بترسە کەی شتی وا ڕوویداوە؟. ئەویش دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت باسی ناکەم و نایگێڕمەوە. ئەویش پێی دەڵێت: نا ئەگەر دڵنیاییت باسی بکە، ئەگەریش نا باسی مەکە(١).

لەم ڕووداوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك جار ڕێی تێ دەچێت زانایانی پایەبەرزیش لە ئاستی پێشەوا عومەردا تووشی لەبیر چوونەوە ببن و بەو هۆیەیشەوە بۆچوونی جیاوازیان لەسەر دەقە شەرعییەکان بۆ دروست بێت.

**پێنجەم:** بێ ئاگایی هەندێك لە هاوەڵان لە هەندێك فەرموودە:

هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە هەڵگری ئەم پەیامە و پارێزەری بوون، بەهۆی سەرقاڵییان بەدابینکردنی بژێوی ژیان و سەختی گوزەرانیانەوە، نەیاندەتوانی هەموویان بەردەوام لە خزمەت پێغەمبەردا بن ﷺ و لە گشت فەرموودە و پێشهاتە شەرعییەکان بە ئاگا بن؛ بۆیە زۆربەی کات کە پێغەمبەر ﷺ فەرموودەیەکی فەرمووە یان کارێکی کردوە تەنها چەند هاوەڵێکی کەمی لەخزمەتیدا بوون و لەو فەرموودەیە یان ئەو کارەی بە ئاگا بوون و ئەوانیش سوننەتەکەیان لای خۆیان پاراستووە و بۆنەیەك نەهاتۆتە پێش تا بۆ هاوەڵەکانیانی باس بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە، تا پاش ماوەیەکی زۆر کە ڕووداوێك ڕوویداوە و هاوەڵان بە شوێن حوکمەکەیدا گەڕاون ئەوجا باسیان کردوە و فەرموودەکە بڵاوەی کردووە بۆ نموونە:

دەگێڕنەوە پاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ و لەسەردەمی جێنشینی پێشەوا ئەبوبەکردا نەنکێك دێتە خزمەتی ئەبوبەکر و داوای بەشە میراتی لێ دەکات، ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێت: نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ نەمبینیوە و نەمبیستوە کە نەنك بەشە میراتی هەبێت؛ بەڵام پرسیاریشت بۆ دەکەم، دواتر کە پرسیاری کرد موغیرەی کوڕەی شوعبە و موحەممەدی کوڕی مەسلەمە گوتیان: ئێمە بینیومانە پێغەمبەری خودا ﷺ لەکاتی نەمانی دایکدا یەك لەسەر شەشی داوە بە

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (٧) التيمم، باب (٣) المتيمم هل ينفخ فيهما، رقم الحديث (٣٣١)، ص١٢٩.

نەنك، دواتر ئەبو بەكر كە ئەوەی بیست لە بۆچونەكەی خۆی پەشیمان بووەوە و یەك لەسەر شەشی پێدا[١].

لەسەردەمی جێنشینی پێشەوا عومەریشدا پیاوێك دەكوژرێت و خێزانەكەی دێتە خزمەت پێشەوا عومەر و داوای بەشی میراتی خۆی دەكات لەخوێنی مێردەكەی، ئەویش پێی وایە كە خوێنەكەی بەسەر بنەماڵەكەیدا دابەش دەكرێت و هیچی نادرێت بەخێزانەكەی، تا ضەححاكی كوڕی سوفیان پێی دەڵێت: من كاتی خۆی پێغەمبەری خودا ﷺ نامەیەكی بۆ ناردم تا لە خوێنی ئەشیەمی ضەبابی بەشە میراتی خێزانەكەی بدەم، ئەوجا پێشەوا عومەر لە بۆچوونەكەی پەشیمان بویەوە و بەشە میراتی ئافرەتەكی دا[٢].

پێشەوا عوسمانیش پێی وابووە كە ئافرەت ئەگەر هاوسەرەكەی مرد دەبێت یەكسەر ماڵی هاوسەری بەجێ بهێڵێت و بڕواتەوە ماڵی كەسوكاری، تا فورەیعەی كچی مالیك پێی گوت: من كە مێردەكەم مردوە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی گوتوم: لەماڵەكەی خۆتدا بمێنەرەوە تا سوڕی مانگانەكەت تەواو دەبێت[٣].

پێشەوا عەلی و عەبدوڵلای كوڕی عەبباسیش پێیان وابووە كە ئەگەر ئافرەت دووگیان بوو مێردەكەی مرد، ئەو كات كام عیددەیەیان درێژ تر بوو لەنێوان دانانی سكەكەی و چوار مانگ و دەڕۆژدا ئەوەیانی بۆ ئەژمار دەكرێت، تا دواتر بیستیان كە سوبەیعەی ئەسلەمییە پاش وەفاتی هاوسەرەكەی بەچەند ڕۆژێك منداڵی بووە وپاشان هاتۆتە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و داوای ئەوەی لێ كردوە كە مۆڵەتی بدات شوو بكاتەوە ئەویش مۆڵەتی داوە و شووی كردۆتەوە[٤].

---

١ - إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج١٣، كتاب الفرائض، ذكر ما تعطى الجدة من الميراث، رقم الحديث (٦٠٣١)، ص٣٩٠.

٢ - أبو داود، سنن أبي داود، ج٣، كتاب (١٩) الفرائض، باب (١٨) في المراة ترث من دية زوجها، رقم الحديث (٢٩٢٩)، ص٩٠، والحديث صححه الألباني.

٣ - أبو داود، نفس المصدر، ج٢، كتاب (١٣) الطلاق، باب (٤٤) في المتوفى عنها تنتقل، رقم الحديث (٢٣٠٢)، ص٢٥٩، والحديث صححه الألباني.

٤ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧١) الطلاق، باب (٣٧)، ﴿وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾. سورة الطلاق: الآية (٤). رقم الحديث (٥٠١٤)، ص٢٠٣٨. مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٩) الطلاق، باب (٨) إنقضاء عدة المتوفى عنها زوجها وغيرها بوضع الحمل، رقم الحديث (٣٧٩٦)، ص٢٠١.

ئەمانە و چەندین نموونەی تر لەم بارەیەوە هەیە؛ بەڵام من تەنها ئەو چوارەم باس کرد کە بەسەر هەر چوار جێنشینی پێغەمبەردا ﷺ خوایان لێ ڕازی بێت تێپەڕیوە تا بزانین و تێبگەین کە ئەگەر ئەوان سەرەڕای ئەوەی کە لە هەموو کەس لە پێغەمبەری خواداوە ﷺ نزیکتر بوون و لەدینی خوا شارەزاتر بوون ئەو فەرموودانەیان نەبیستبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە خەڵکانی تر شتی زۆر زیاتریان پێ نەگەیشتووە.

ئەمەیش هۆکارێکی سەرەکی ترە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ڕا جیایی لە نێوان هاوەڵآن و زانایاندا.

**شەشەم:** بڵاوبوونەوەی هاوەڵان و لێك دابڕانیان:

پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیامی پیرۆزی ئیسلام بەناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامییدا بڵاوبوونەتەوە و زۆر بەکەمی ئاگایان لەیەکتر ماوە و ئەگەر کێشەیەك ڕوویدابێت و دەقێکیان لەبەردەستدا بووبێت ئەوە کاریان پێکردوە و بڕیاریان لەسەر داوە، ئەگەریش نەبووبێت ئەو کات بەهۆی نەبوونی ئامرازێکی پەیوەندی ئەوتۆ کە بتوانن لە ڕێگەیەوە پرس و ڕاوێژ بەیەکتر بکەن و وەڵامی دروستی لەبارەوە وەربگرن ناچار عەقڵی خۆیان خستۆتە کار و ئیجتیهادیان کردوە، ئەمەیش وای کردوە بۆچوونەکانیان زۆر کات جیاواز بێت.

**حەوتەم:** وەرنەگرتنی فەرموودەکان وەك خۆیان:

هەندێك جار ڕوویداوە ئەو هاوەڵەی کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە وەك خۆی بۆی لەبەر نەکراوە و نەیگێڕاوەتەوە، یان گوێی لەهەموو فەرموودەکە نەبووە و تەنها بەشێکی ئاگا لێبووە، دواتر کە گێڕاوێتییەوە بەو شێوەیەی کە بیستوویەتی یان تێی گەیشتووە واتەی دەقەکە گۆڕاوە و ڕا جیایی لەنێوان زنایاندا دروست کردوە.

بۆ نموونە: ئەبو هورەیرە لەفەرموودەیەکدا بۆمان دەگێڕێتەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لاَ عَدْوَى، وَلاَ طِيَرَةَ، وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ﴾(١). واتە: هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە نا گوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر،

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٩) الطب، باب (٤٢) الطيرة، الحديث (٥٤٢١)، ص٢١٧١. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٠) السلام، باب (٣٤) الطيرة والفأل وما يكون فيه الشؤم، الحديث (٥٩٣٨)، ص٣٤.

وە هیچ شتێك نابێتە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ، وە نەگبەتی و شومی تەنها لە سێ شتدا هەیە: ئافرەت و ئەسپ و خانوو. لە ڕیوایەتێکی تری فەرموودەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَيْءٍ، فَفِي الْفَرَسِ، وَالْمَسْكَنِ، وَالْمَرْأَةِ﴾[١]. واتە: ئەگەر نەگبەتی و شومی لە شتێکدا هەبێت، ئەوە لە ئەسپ و خانوو و ئافرەتدایە.

دیارە ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە دایکی بڕواداران خاتوو عائیشە بە توندی ڕەخنەی لە شێوازی گێرانەوەکەی گرتوە و تێیدا گلەیی لە ئەبو هورەیرە کردوە کە فەرموودەکەی بەو شێوەیە گێراوەتەوە و جارێکیان دوو پیاو لە بەنی عامر دەچنە خزمەتی خاتوو عائیشە و پێی دەڵێن: ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئەسپ و ئافرەت و خانوو دەکرێت ببنە مایەی بەدبەختی و شومی بۆ مرۆڤ، خاتوو عائیشە بە بیستنی ئەو قسەیە زۆر تورە دەبێت و دەڵێت: خوا لە ئەبو هورەیرە خۆش بێت ئاگای لە کۆتایی فەرموودەکە بوو بەڵام ئاگای لەسەرەتاکەی نەبوو پێغەمبەری خودا ﷺ شتی وای نەفەرموە؛ بەڵکو سەرەتا فەرمووی: نەفرەتی خودا لە جولەکەکان کە دەیانگوت شومی لە ئەسپ و خانو و ئافرەتدایە؛ بەڵام ئەبو هورەیرە کە هات تەنها گوێی لەبەشی کۆتایی فەرموودەکە بوو، گوێی لەسەرەتاکەی نەبوو[٢].

لە فەرموودەیەکی تردا کە هەر ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لَأَنْ يَمْتَلِئَ جَوْفُ رَجُلٍ قَيْحًا يَرِيهِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يَمْتَلِئَ شِعْرًا﴾[٣]. واتا: ئەگەر کەسێك گەروی پر ببێت لە کێم وپیسی و برین و دایبرزێنێت باشترە لەوەی کە پڕ بێت لە شیعر و هۆنراوە.

کاتێك ئەم فەرموودەیە دەگاتەوە بەخاتوو عائیشە، بەهەمان شێوەی فەرموودەی پێشوو ڕەخنە لە شێوازی گێڕانەوەکەی ئەبو هورەیرە دەگرێت و دەڵێت: کاتی خۆی

---

١ – البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٠) النكاح، باب (١٨) ما يتقى من شؤم المرأة،رقم الحديث (٤٨٠٦)، ص١٩٥٩. مسلم، صحيح مسلم،ج٧، كتاب (٤٠) السلام، باب (٣٤) الطيرة والفأل وما يكون فيه الشؤم، رقم الحديث (٥٩٣٨)، ص٣٤.

٢ – الإمام أحمد، المسند، ج٤٢، الحديث (٢٥١٦٨)، ص٨٨.

٣ – البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٨١) الأدب، باب (٩٢) ما يكره أن يكون الغالب على الإنسان الشعر حتى يصده عن ذكر الله والعلم والقرآن، رقم الحديث (٥٨٠٢)، ص٢٢٧٩. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، ص٥٠، كتاب (٤٢) الشعر، باب (١)، رقم الحديث (٦٠٣١)، ص٢٢٧٩. واللفظ لمسلم.

شاعیره بێ باوەڕەکانی قورەیش جوێن و قسەی ناشیرینیان بە پێغەمبەر ﷺ دەدا، ئەویش دەربارەی ئەوان فەرمووی: ئەگەر گەروی هەر یەکێك لەوانە پر ببێت لە کێم و پیسی و برین و دایبرزێنێت باشترە لەوەی کە پڕ بێت لە شیعر و هۆنراوە وقسەی ناشیرین بەرامبەر بە پێغەمبەری خودا ﷺ.

بەڵگەی ڕاستی بۆچوونەکەی خاتوو عائیشەیش ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی لەفەرموودەیەکی تردا ستایشی شیعر دەکات و لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ مِنَ الشِّعْرِ لَحِكْمَةً﴾[1]. واتە: هەندێك لە شیعر هەیە پەند و ئامۆژگارییە. جا ئایا دەکرێت لەلایەك پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە و بەڕەهایی سەرکۆنەی شیعر و شاعیران بکات و لەلایەکی تریشەوە ئاوها ستایشی بکات؟! ئەمە هەرگیز ڕێی تێ ناچێت.

نموونەیەکی تری ئەم بابەتە ئەو فەرموودەیەیە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ڕیوایەتی دەکات و دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ﴾. واتە: مردوو بەگریانی کەسوکارەکەی بەسەریدا سزا دەدرێت. خاتوو عائیشە کە گوێی لەم قسەیەی عەبدوڵڵا دەبێت ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەڵێت نەخێر پێغەمبەری خودا ﷺ وای نەفەرمووە بەڵکو بەلای گۆڕی جولەکەیەکدا گوزەری کردوە و بینیویەتی کەسوکارەکەی بەکوڵ بەسەریدا دەگرین ئەویش فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهُمْ لَيَبْكُونَ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَيُعَذَّبُ فِي قَبْرِهِ بِذَنْبِهِ﴾[2]. واتە: بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەو مردووە ئێستا لە گۆڕەکەیدا بەهۆی تاوانەکانی خۆیەوە سزا دەدرێت، کەسو کارەکەیشی ئاوها بۆی دەگرین. فەرموودەکەیش بەو واتایەی کە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە دروست تر و گونجاو ترە؛ چونکە ئێمە هەموومان دەزانین کە لە شەرعی خوادا کەس بەتاوانی کەس سزا نادرێت و خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[3]. واتە: هیچ کەسێك بە تاوانی کەسێکی تر سزا نادرێت. و تاوانی مردوویش نییە کە کەسوکارەکەی شین و گریان یان هەر کارێکی ناشەرعی تری بۆ دەکەن، بەمەرجێ خۆی وەصیەتی نەکردبێت کە ئەو کارەی بۆ بکەن.

---

١ – إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج٢، كتاب (٣٣) الأدب، باب (٤١) الشعر، رقم الحديث (٣٧٥٥)، ص١٢٣٥، صححه الألباني.

٢ – البخاري، صحيح البخاري، ج٤، كتاب (٦٧) المغازي، باب (٧) قتل أبي جهل، الحديث (٣٧٥٩)، /ص١٤٦٢. مسلم- صحيح مسلم، ج٣، كتاب (١٢) الجنائز، باب (٩) الميت يعذب ببكاء أهله عليه، الحديث (٢١٩٧)، /ص٤٤.

٣ – سورة الأنعام: الآية (١٦٤).

**هەشتەم:** پێشکەوتنی بەردەوامی کۆمەڵگەکان و پێویستی خەڵك بە فەتوای نوێ:

هەمووماں دەزانین کە سەرجەمی ئەو دەقانەی قورئان و سوننەت کە تا ئێستایش لەبەردەستماندایە لەسەردەمێکی دیاریکراودا هاتونەتە خوارەوە یان گوتراون و کاریان پێکراوە کە ماوەکەی لە بیست و سێ ساڵ تێپەڕ ناکات، ژیانی خەڵك و بازنەی ئیسلامیش لەو سەردەمەوە نەوەستاوە و دانەخراوە؛ بەڵکو بەردەوام لەگەشەکردن و فراوانبووندایە و کێشە و پرسە شەرعییەکانیش ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون و فراوانبوونە، ئەمەیش وا دەکات کە خەڵکی بەردەوام پێویستییان بە حوکمی تازە و نوێگەرایەتیی هەبێت لە فەتوا و بۆچوونە شەرعییەکاندا، ئەرکی زانایانیش لێرەدا ئەوەیە کە لە ژێر ڕۆشنایی دەق و بنەما گشتییەکانی شەریعەتدا وەڵامی ئەو پرسانە بدەنەوە و دارشتنەوەی شەرعییان بۆ بکەن و فەتوای نوێ و شیاویان لەبارەوە بدەن.

زانایانیش بەو پێیەی کە مرۆڤی ئاسایین و سەردەم و ئاستی تێگەیشتن و شارەزایی و ژینگە و بارودۆخی ژیان و کلتور و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبییان جیاوازە، مەحاڵە چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت کە هەموویان یەك بۆچوون و لێکدانەوەیان هەبێت بۆ سەرجەم ئەو پرسە شەرعییانەی کە لە ئەژمار نایەن، لە کاتێکدا هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە باشترینی نەوە و بەئاگاترینیان بوون دەربارەی پرسە شەرعییەکان لەسەر ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئان و سوننەت بۆچوونی جیاوازیان هەبووە و هاوڕا نەبوون.

**نۆیەم:** جیاوازی سروشت و ژینگە و کلتوری کۆمەڵگەکان:

ئەمە یەکێکی ترە لە هۆکارەکاکانی دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لە نێوان زانایاندا؛ هەر بۆیەیش زانایان لەکۆنەوە بەکۆی دەنگ گوتویانە: (الفتوى تتغير بتغير الزمان والمكان). واتە: فەتوا بەپێی گۆڕانی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا دێت. هەر ئەمەیش وای کردووە کە پێشەوا شافیعی کاتێك عێراقی بەجێ هێشتووە و چووەتە وڵاتی میسر زۆربەی زۆری فیقهەکەی گۆڕیوە و بۆچوونی کۆن و نوێی بۆ دروست بووە؛ جا با بیهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەگەر ئەو کەڵە پیاوە بلیمەتە هەر لەسەردەمی خۆیدا و تەنها بە گۆڕینی شوێنەکەی زۆربەی فیقهەکەی گۆڕیبێت ئەی

ئەگەر ئێستا و پاش زیاتر لە هەزار و دووسەد ساڵ زیندوو بێتەوە و ئەم هەموو گۆڕانکارییە لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا ببینێت دەبێت چی لە فیقهەکەی بگۆڕێت و چی لێ بهێڵێتەوە؛ بۆیە گۆڕینی کۆمەڵگەکان و کات و شوێنی فەتوادان کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر ڕاجیایی زانایان.

**دەیەم:** سروشتی زانایان خۆیان و شێوازی بیرکردنەوەیان:

هۆکارێکی تری دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لەنێوان زایاندا پەیوەندی بە سرووشتی مرۆڤەکان خۆیانەوە هەیە، هەمووشمان دەزانین کە سروشتی هەموو مرۆڤەکان جیاوازن و شێوازی بیرکردنەوەیان چوون یەك نین، هەر بۆ نموونە سرووشتی ئەبوبەکر و عومەر کە دوو نزکترین هاوەڵی پێغەمبەری خودابوون ﷺ زۆر جیاواز بووە و ئەو جیاوازیەیش کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر بۆچوونەکانیان و بەتەواوی لە کردار و ڕەفتارەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ هەر بۆیە بەدەگمەن دەبینین لەسەر بابەتێك هاوڕا بووبن.

بەهەمان شێوە عەبدوڵلای کوڕی عومەر و عەبدوڵلای کوڕی عەبباسیش هەر وا بوون و زۆربەی کات بۆچوونەکانیان جیاواز بووە و هەمیشە بۆچوونەکانی عەبدوڵلای کوڕی عومەر توندی پێوە دیارە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی عەبدوڵلای کوڕی عەبباس کە شلگیری بەسەریدا زاڵە، ئەم جیاوازیەیش ئەوەندە بەزەقی دەردەکەوێت لە بۆچوونەکانیاندا تەنانەت زانایان دەفەرموون: ئاگاتان لە توندییەکانی عەبدوڵلای کوڕی عومەر و شلگیرییەکانی عەبدوڵلای کوڕی عەبباس بێت.

ئەمانە گرنگترینی ئەو خاڵانە بوون کە بوون و دەبنە مایەی دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لە نێوان هاوەڵان و زانایاندا.

بەدڵنیاییەوە هۆکاری تریش هەن بەڵام ئەوانەی باسمان کردن گرنگترینیانە.

# باسی چوارەم
# گرنگی برایەتی و تەبایی لەدەقەکانی قورئاندا

هەموو لایەکمان لە ڕووی تیۆریەوە ئەوە دەزانین کە پاراستنی گیانی برایەتی لە نێوان موسوڵمانانادا ئەرکێکی شەرعییە و پێویستە هەموو لایەکمان خەمی لێ بخۆین و پێوەی پابەند بین؛ بەڵام بەداخەوە لەڕووی کردارییەوە کەمینەن ئەوانەی کە جێبەجێی دەکەن و لەخەمی پاراستنیدان و لە گەورەیی و گرنگییەکەی تێدەگەن.

بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەدا هەندێك لەو بەڵگە شەرعییانە بخەینە ڕوو کە باس لە گرنگی ئەم بابەتە دەکەن و لەم باسەدا تەنها قسە لەسەر بەڵگە قورئانییەکان دەکەین لەوانە:

١- برایەتی و یەکڕیزی نێوان بڕواداران ئەرکێکی شەرعییە و پێویستە بڕواداران پێوەی پابەند بن، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا﴾[1]. واتە: هەمووتان دەستبگرن بە پەرتووك و پەیامەکەی خواوە و ناکۆك پەرتەوازە مەبن و ئەو بەخششەی خوا لەبیر نەکەن کە ئێوە دوژمن و ناحەزی یەك بوون، ئەو دڵەکانی یەکخستن و لەسایەی پەیامەکەی ئەودا لەبری دوژمن بوونە برای یەکتر.

جا سەرنج بدەن بەڕێزان کە چۆن خوای گەورە فەرمان بەیەکڕیزی موسوڵمانان دەکات و ئەوەیشیان دەخاتەوە یاد کە ئەو برایەتی و تەباییەی هەیانە لە سایەی پەیام و بەرنامەکەی ئەووەیە[2].

سەید قوطب دەربارەی تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموێت: (إنهما ركيزتان تقوم عليهما الجماعة المسلمة، وتؤدي بهما دورها الشاق العظيم، فإذا انهارت واحدة منهما لم تكن هناك جماعة مسلمة، ولم يكن هنالك دور لها تؤديه: ركيزة الإيمان والتقوى أولاً...التقوى التي تبلغ أن توفي بحق الله

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٠٣).

٢ - چونکە خەڵکی مەدینە بەر لەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ بڕواتە مەدینە شەڕێکی خوێناوی هەبوو لە نێوانیاندا؛ بەڵام لە سایەی ئیسلام و پەیامەکەی خوای گەورەدا دا ئەوانە بوون بە برا و پشتیوانی یەکتر، بوون بە هاو دەم و هاو خەمی یەکتر، بوون بە هاوڕێ و هاوبیر و هاو بەرنامە.

الجليل.. إذ أنه بدون هذه الركيزة يكون كل تجمع تجمعاً جاهلياً...فأما الركيزة الثانية فهي ركيزة الأخوة..الأخوة في الله، على منهج الله، لتحقيق منهج الله)[١]. واتا: ئەوە دوو بنەمای سەرەکین کە کۆمەڵگەی ئیسلامییان لەسەر دروست دەبێت و بەهۆیانەوە ڕۆڵی گرنگ و گرانی خۆی دەبینێت و ئەگەر هەر یەکێکیان هەرەس بهێنێت، ئەوە نە کۆمەڵگەی ئیسلامی دەمێنێت و نە هیچ ڕۆڵێکیشی دەمێنێت کە بیبینێت، یەکەمیان بنەمای باوەڕ و لەخوا ترسان، لە خوا ترسانێك بگاتە ئاستێك کە مرۆڤ هەموو ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر خوای گەورە جێبەجێ بکات؛ چونکە بەبێ ئەم بنەمایە هەموو کۆبوونەوە و کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەما و بەرنامەی نەفامی دەبێت. وە بنەمای دووەمیش بنەمای برایەتییە.. برایەتی لەبەر خوا و لەپێناوی ئەودا و لەسەر بەرنامە و پەیامەکەی ئەو و لە پێناو جێبەجێکردنی پەیامەکەی ئەودا.

٢- برایەتی و یەکڕیزی یەکێکە لە وەسیەتە گرنگەکانی خوای گەورە بۆ سەرجەم پێغەمبەران و شوێنکەوتوەکانیان، خوای وەرە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾[٢]. واتە: خوای گەورە پەیام و ئاینێکی بۆ هەڵبژاردوون کە پێشتریش بۆ یەکەمین فروستادەی خۆی ناردبوو کە نوحە و بۆ تۆیشی ناردووە ئەی موحەممەد ﷺ وە بۆ ئیبراهیم وموسا و عیسایشی ناردوە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا بکەن و پابەند بن بە شەریعەتی ئەوەوە و یەکڕیز بن و دووبەرەکی و جیاوازی نەکەوێتە نێوانتانەوە.

جا ئەمە ئەو وەسیەتەیە کە خوا بە درێژایی پەیام و بەرنامەکانی بۆ پێغەمبەرانی ناردوە کە دوو ئامۆژگاری زۆر گرنگی تێدایە یەکەمیان: ﴿أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ﴾. پابەند بن بە فەرمانەکانی خودا و پەیامەکەیەوە، دووەمیشیان: ﴿وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾. یەکڕیز بن و پەرتەوازە مەبن لە دینداریيەکەتاندا.

---

١ - سيد قطب، في ظلال القرآن، ج١، دار الشروق، بيروت، ط٣٧، ٢٠٠٨، ص٤٤٢.
٢ - سورة الشورى: الآية (١٣).

جا بەڕێزان لەم ئایەتە پیرۆزەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چەند پابەندبوون بە پەیامەکەی خوا و پاراستنی سنووری حەڵاڵ و حەرامەکان گەورەوە گرنگە، ئەوەندەیش پاراستنی یەکڕیزی نێوان موسوڵمانان پێویست و گرنگە.

٣- برایەتی و یەکڕیزی یەکێکە لە سیما دیار و دیاردە جوانەکانی ئەم ئوممەتە و کۆمەڵگەی ئیسلامی، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ﴾[١]. وە لە دەقێکی تر و لە سورەتێکی تردا جەخت لەسەر هەمان وەسف دەکاتەوە و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾[٢]. پێشەوا قورطوبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (هذه أمتكم ما دامت أمة واحدة واجتمعتم على التوحيد، فإذا تفرقتم وخالفتم، فليس من خالف الحق من جملة أهل الدين الحق)[٣]. واتە: ئەمە نەتەوەی ئێوەیە هەتا کۆك بن لەسەر یەکتا پەرستی، وە هەرکات پەرتەوازەبوون و سەرپێچیتان کرد، ئەوە هەرکەس سەرپێچی لە حەق و ڕاستی بکات ئەوە لە شوێنکەوتوانی ئاینی ڕاست نییە و ئەژمار ناکرێت.

کەواتە بنەمای یەکڕیزی ئێمە هەڵقوڵاوی یەکتا پەرستی و یەك بەرنامەییمانە، هەر بۆیەیشە کە هەر کەس هەڵگری ئەم بەرنامە و بۆچونە بێت، ئێمە بە براو کەسی خۆمانی دەزانین، ئیتر هەرکەس بێت و لە هەرکوێ بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە هاو بیر و هاو خەم و هاو سۆزی ئێمەیە و یەك بەرنامە و دروشم کۆمان دەکاتەوە، بەپێچەوانەیشەوە هەر کەس باوەڕی پێی نەبێت و دژایەتی بکات، ئێمە لە سۆنگەی شەرعەوە بەهیچی خۆمانی نازانین و هیچ هاوسۆزیەکیشمان لەگەڵی نییە، با ئەو کەسە کوڕ و باوك و برایشمان بێت. ئەوەتا خوای گەورە دەربارەی پەیوەندی نێوان نوح پێغەمبەر و کوڕە بێباوەڕەکەی دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ﴾[٤]. پێشەوا ڕازی دەربارەی ئەم ئایەتە لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (هذه الآية تدل على أن العبرة بقرابة الدين لا بقرابة النسب، فإن في هذه الصورة كانت قرابة النسب حاصلة من

---

١ - سورة المؤمنون: الآية (٥٢).

٢ - سورة الأنبياء: الآية (٩٢).

٣ - القرطبي (محمد بن أحمد بن أبي بكر)، تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، ج١١، عالم الكتب، الرياض، ط/١٤٢٣، تحقيق: هشام سمير البخاري، ص٣٣٩.

٤ - سورة هود: الآية (٤٦).

أقوى الوجوه ولكن لما انتفت قرابة الدين لا جرم نفاه الله تعالى بأبلغ الألفاظ وهو قوله: ﴿إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ﴾..)[1]. واتە: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە پەیوەندی و نزیکیدا ئاین و بەرنامە دەخوێنرێتەوە نەك خزمایەتی و پشت، چونکە لەم وێنەیەدا – باس لە پەیوەندی نوح و کوڕەکەی دەکات- پەیوەندی خزمایەتی و کەسایەتی لە پتەوترین ڕووەوە  بوونی هەبوو کە کوڕ وباوکێتی بوو؛ بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندی و نزیکی بەرنامە و ئاین بوونی نەبوو لە نێوانیاندا، ئەوەتا خوای پەروەردگار بە بەهێزترین و بوێژترینی شێوە ئەو پەیوەندییە هەڵدەوەشێنێتەوە و نایهێڵێت و دەفەرموێت: ئەو کەسە هیچی تۆ نییە.

هەر لەم بارەیەوە ڕێنمووی ئێمە دەکات و ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت: ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ﴾[2]. واتە: کەسانێك نابینیت و نابێت هەبن کە باوەڕیان بەخودا و ڕۆژی دوایی هەبێت، خەڵکانێکیان خۆشبووێت کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن، جا با ئەو خەڵکانە باوك یان کوڕ یان برا یان هۆز و بنەماڵەکەیشیان بن. پێشەوا خازن لە تەفسیرەکەیدا دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت: (أخبر الله تعالى أن إيمان المؤمنين يفسد بموادة الكافرين، وأن من كان مؤمنا لا يوالي من كفر؛ لأن من أحب أحدا امتنع أن يحب عدوه)[3]. واتە: خوای گەورە ڕای دەگەیەنێت کە باوەڕی بڕواداران بە خۆشویستنی بێ بڕوایان پوچەڵ دەبێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە، وە هەر کەس بڕوادار بێت نابێت هاودەم و هاوخەمی خەڵکی بێ بڕوا بێت؛ چونکە هەر کەس کەسێکی خۆشبووێت ناکرێت لەهەمان کاتدا دوژمنەکەیشی خۆشبووێت.

کەواتە ناکرێت ئەم دوو خۆشەوویستیە لەدڵی کەسێکدا جێگەی ببێتەوە لە لایەك خۆی بە بڕوادار بزانێت و لەلایەکی تریشەوە خەڵکانی خوانەناس و دژە دینی خۆشبووێت و دەستبار و کۆمەکییان بکات.

---

١ – الرازي (محمد بن عمر)، تفسير الرازي (مفاتيح الغيب)، ج١٨، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٠، ص٣.

٢ – سورة المجادلة: الآية (٢٢).

٣ – الخازن (علي بن محمد بن إبراهيم البغدادي)، تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل)، ج٧، دار الفكر، بيروت، ط/١٩٧٩، ص٥٤.

هەر چەندە زۆر بەداخەوە ئەم دیاردە نامۆیە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بەدی دەکرێت و دەبینرێت و خەڵکانێکی زۆر هەن کە خۆیان بە بڕوادار دەزانن لەو لایشەوە هۆگر و هاوخەمی خەڵکانی دژە دین و بێ باوەڕن و کۆمەکیان دەکەن و بەرگرییان لێدەکەن، ئەمە تەواو پێچەوانەی دەقی قورئانە.

٤- برایەتی و یەکڕیزیی یەکێکە لە سیفاتە جوانەکان و بەها باڵاکانی مرۆڤی بڕوادار، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾[١]. واتە: بڕواداران برای ڕاستەقینەی یەکترن.

کەواتە لەسەرو برایەتی باوەڕەوە هیچ برایەتییەکی تر نییە هێندەی ئەو بەنرخ و جێی بایەخ بێت و هەرگیز برایەتی دونیا ناگاتە ئاستی ئەو برایەتیەی کە باوەڕ دروستی دەکات و گەشەی پێ دەکات، هۆکاری ئەمەیش لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم: برایەتی باوەڕ برایەتیەکی هەتا هەتاییە و بۆ دنیا و دوارۆژە؛ بەڵام برایەتی پشت و خوێن تەنها بۆ دونیایە و هەر لە دونیا کۆتایی پێ دێت.

دووەم: جیاوازی ئاین کۆتایی بە برایەتی خوێن دەهێنێت و هەڵی دەوەشێنێتەوە[٢]؛ بەڵام جیاوازی خوێن و نەتەوە و نیشتیمان کۆتایی بە برایەتی ئاین و باوەڕ ناهێنێت و تەنانەت لاوازیشی ناکات.

جا ئەوەی جێی سەرنج و پرسیارە ئەوەیە کە ئایا ئێمەی بڕوادار ئاوا لەو برایەتییە گەیشتوین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین؟ ئایا ئەو هاوخەمی و هاو سۆزیەی کە بۆ برایەکی دونیاییمان هەمانە، هەمان هاوخەمی و هاوسۆزیمان بۆ ئەو برایانەمان هەن کە لە بیروباوەڕدا برامانن؟ ئایا کە برایەکی باوك و دایکیمان نەخۆش بێت سەردانی ناکەین؟ هاوکاری ناکەین؟ هاودەم و هاوخەمی نین؟ دەستگیرۆیی ناکەین و شەونخونی لەگەڵ ناکێشین؟ کە دوژمنایەتی و ناحەقییەکی لێ بکرێ لەسەری بەوەڵام نایەین و خۆمانی لە پێناو بەکوشت نادەین؟ ئەی لەولاوە لەگەڵ ئەو برایانەی ترمان کە بازنەی باوەڕ کۆمان دەکاتەوە هەمان هەڵوێستمان هەیە؟!.

---

١ - سورة الحجرات: الآية (١٠).

٢ - هەربۆیە دوو برای باوك و دایکی ئەگەر یەکێکیان بڕوادار بێت و ئەوی تر بێ باوەڕ هیچ ئەرك و مافێکی شەرعی لە نێوانیاندا دروست نابێت و میراتیش لەیەکتر نابەن.

بەداخەوە دەڵێم ئێمەی بڕوادار کەمجار ئەم دەقانە سەرنجمان ڕادەکێشێت و تێی ڕادەمێنین و لەواتا و مەبەستەکانیان دەگەین و گرنگییان پێ دەدەین؛ بۆیە دەبینین ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر هەن پرسیاری زۆر ورد دەربارەی کردنی نوێژ و دەستنوێژ و پاکوخاوێنی دەکەن یان دەربارەی وردەکارییەکانی ڕۆژو پرسیار دەکەن؛ بەڵام بەدەگمەن کەسێك دەبینی پرسیاری ئەرکی برایەتی و مافەکانی خەڵکانی موسوڵمان بکات؛ بۆیە دەبینیت کەسێك کە زۆر خۆی بەتێگەیشتوو موسوڵمان دادەنێت، لەسەر شتێکی زۆر بچوك دڵی براکەی دەیەشێنێت و تەبایی و یەکڕیزی مزگەوتێك تێك دەدات و کێشەیەکی گەورەی لەسەر دروست دەکات.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە کەلێنێکی گەورەی دروست کردوە لە نێوان موسوڵمانانداا، کە پێویستە هەر یەك لە ئێمە بەخۆیدا بچێتەوە و هەوڵی پڕکردنەوەی بدات، تا بگەینە ئەو ئاستەی کە لە واقیعدا بیسەلمێنین کە برای یەکترین و جگە لە برایەتی و بازنەی باوەڕ شتێکی تر نییە کۆمان بکاتەوە.

٥- ناکۆکی و دووبەرەکی و پەرتەوازەیی سیفەتی گاور و جولەکەکانە و پێویستە خەڵکانی بڕوادار خۆیانی لێ بپارێزن، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَلا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾[1]. واتە: ئێوە وەك ئەو کەسانە مەبن کە هاوەڵیان بۆ خوا بڕیارداوە و بێباوەڕ بوون، ئەوانەی کە ئاینەکەیان پەرت پەرت و بەش بەش کردوە و بونەتە چەندین گروپ و کۆمەڵ و هەریەکەیان بەکاری خۆی دڵخۆشە و بەرامبەرەکەی بەگومڕا و لاڕێ دادەنێت.

لە ئایەتێکی تردا جەخت لەسەر هەمان خاڵ دەکاتەوە و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾[2]. واتە: ئەوانەی کە ئاینەکەیان پەرت کردوە و بوونەتە چەند دەستە و گروپێك، یاخود چەمکەکانیان پەرت کردووە و باوەڕیان بە بەشێکی هەیە و بەشەکانی تری ڕەت دەکەنەوە، تۆ لە هیچ کام لەو جۆرە دەستە و گروپ و خەڵکانە نیت و پەیوەندیت پێیانەوە نییە و ئەوانەی ئەو کارەیش دەکەن بە شوێنکەوتەی تۆ ئەژمار ناکرێن.

---

١ - سورة الروم: الآيتان (٣١-٣٢).

٢ - سورة الأنعام: الآية (١٥٩).

دواتر خوای گەورە هەڕەشە دەکات لەوەی کە هەر کەس کاری وابکات لەدەرئەنجامدا سزای سەختی دەدات و دەفەرموێت: ﴿وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[١]. واتە: وەك ئەو کەسانە مەبن کە پاش ئەوەی خوای گەورە ڕێگەی ڕاستی نیشان دان، پەرت بوون و دووبەرەکی کەوتۆتە نێوانیانەوە ئەوانە خوای گەورە سزای سەختیان دەدات.

لێرەدا خوای گەورە ڕاشکاوانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم پەرتبوون و لێك ترازانە، ئەم دژایەتی کردن و لە یەکتر خوێندنە، ئەم بەخۆ هەڵدان و خراپ تەماشا کردنەی بەرامبەر هیچی ڕەوشتی خەڵکانی بڕوادار نین؛ بەڵکو ڕەوشتی خەڵکانی بێباوەڕ و سەرلێشێواون.

واتەی ئایەتەکانیش دوو شێواز لە دینداری دەگرنەوە:

یەکەم: هەر کەسێك کۆمەڵێك بۆ خۆی جیا بکاتەوە و ئیتر هەر خۆی و کۆمەڵەکەی بەڕاست بزانێت و هەموو سۆز و خۆشەویستی و کارێکی تەنها بۆ لایەنەکەی خۆی بێت و هەموو خەڵکێکی تری دەرەوەی لایەنەکەی خۆی پێ هەڵە و لاڕێ بێت و بەناوی دینەوە دژایەتییان بکات و هەوڵ بدات ناویان بزڕێنیت و هەڵە و پەڵەکانیان گەورە بکات و لەپێش چاوی خەڵك ناشیرینیان بکات.

دووەم: هەر کەسێك بەشێکی ئاین وەربگرێت و تەواو تێیدا قوڵ بێتەوە و لە پێش چاوی خەڵکی تەنها ئەو بەشە وەکو ئاین وێنا بکات و بەشەکانی تر واز لێبهێنێت و خەمیان لێ نەخوات.

٦- ناکۆکی و پەرتەوازەیی نێوان بڕواداران دەبێتە مایەی لە ناوچوون و لەدەستدانی هێز و دەسەڵاتیان، خوای گەورە لەو بارەیەوە هۆشداری دەداتە بڕواداران و دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾[٢]. واتە: گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەر بن و ناکۆك و پەرتەوازە مەبن، ئەگەر نا شکست دەخۆن و تێك دەشکێن و بەرەکەت لەکارتان هەڵدەگیرێت و سام و سڵتان لە دڵی دووژمنانتان نامێنێت.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٠٥).

٢ - سورة الأنفال: الآية (١٣).

كەواتە ناكۆكی نێوان بڕواداران نەك تەنها زیانی بۆ دوارۆژیان هەیە؛ بەڵكو بۆ دونیایش هێز و توانایان پەرت دەكات و دەیانكاتە نێچیرێكی ئاسان بۆ دوژمنانیان. هەر وەك ئەوەی ئێستا بەسەرمان هاتووە و بەچاوی سەر دەیبینین.

ئەمانە گوڵبژێرێك بوون لەو دەقانەی قورئان كەباس لە گەورەیی و گرنگی بەهای برایەتی دەكەن لەنێوان بڕوادارانادا.

## باسی پێنجەم
## گرنگی برایەتی و تەبایی لەدەقەكانی سوننەتدا

سەبارەت بە گەورەیی و گرنگی برایەتی لە سوننەتەكانی سەرووەردا، ئەگەر سەرنج لە ژیانی پڕ لە فەڕی ئەو زاتە مەزنە بدەین، دەبینین گرنگییەكی تەواوی بەم لایەنەی ژیانی موسوڵمانان و كۆمەڵگەی ئیسلامی داوە و ئەم گرنگی پێدانەیش بەڕوونی لە گوفتار و ڕەفتارەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە و لێرەدا لەچەند خاڵێكدا قسە لەسەر هەندێك لەو دەقانە دەكەین لەوانە:

١- لەفەرموودەیەكی قوسیدا خوای گەورە بەڵێن دەدا بەخۆشویستنی ئەو كەسانەی كە لەبەر خوا یەكتریان خۆش دەوێت و پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ، وَالْمُتَجَالِسِينَ فِيَّ، وَالْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ، وَالْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ﴾[1]. واتە: پێویستم كردوە لەسەر خۆم ئەو كەسانەم خۆشبوێت كەتەنها لەبەر من یەكیان خۆش دەوێت و لەبەر من بەیەكەوە دادەنیشن و لەبەر من سەردان و هاتوچۆی یەكتر دەكەن و لەحاڵی یەك دەپرسن و لەبەر من هاوكاری و كۆمەك و دەستگیرۆیی یەك دەكەن[2].

١ - إبن حبان (محمد بن حبان بن أحمد)، صحيح إبن حبان بترتيب إبن بلبان، ج٢، باب الصحبة والمجالسة، ذكر إيجاب محبة الله جل وعلا للمتجالسين فيه، والمتزاورين فيه، مؤسسة الرسالة، بيروت، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، رقم الحديث: (٥٧٥)، قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط الشيخين، ص٣٣٥.

٢ - مەرج نیە ئەم كۆمەك و بەخشینە تەنها بە پارە بێت؛ بەڵكو دەكرێت كاتی پێ ببەخشیت، لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵی بیت، هاودەم و هاوخەمی بیت، ئەمەیش هەر بەخشینە.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: ﴿أَنَّ رَجُلاً زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَةٍ أُخْرَى، فَأَرْصَدَ اللَّهُ لَهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكًا، فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ قَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَخًا لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ. قَالَ هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا؟. قَالَ: لاَ، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ. قَالَ: فَإِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ﴾[1]. واتە: پیاوێك سەردانی برادەرێکی کرد لە دێیەکی تر، خوای گەورە فریشتەیەکی لەسەر شێوەی مرۆڤ ناردە سەر ڕێگەکەی، کە پیاوەکە هات لێی پرسی: بۆ کوێ دەچیت؟ گووتی: بۆ لای برایەکم دەچم لەو دێیە. فریشتەکە گووتی: هیچ بەرژەوەندییەکت لەگەڵی هەیە بچیت چاودێری بکەیت؟. پیاوەکە گووتی: نەخێر، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لەبەر خوا خۆشم ویستوە، فریشتکە گووتی: دەی من نێردراوی خوای گەورەم بۆ لای تۆ، تا پێتی ڕا بگەیەنم، کە خوای گەورە خۆشی دەوێیت لەبەر ئەوەی تۆ ئەو پیاوەت لەبەر خوا خۆشوویستووە.

کەواتە هەرکەس دەیەوێت لەخوای گەورە نزیك بێتەوە، زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەوە بکات بەبێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی بکەوێتە سەر، ئەویش بەوەی کە تەنها لەبەر خوا خەڵکی خۆشبووێت و تەنها لەبەر ئەویش ڕقی لەخەڵك ببێت، دیارە کەسیش نییە حەز بەوە نەکات خوایەك بەو هەموو دەسەڵات و گەورەیی و میهرەبانییەوە، لەناو ئەم هەمووە ئەم دروستکراوە زەبەلاح و بێ سنوورەیدا، لەم گەردوونە بەرفراوانەیدا تۆیەکی بێ دەسەڵاتی بچووکی خۆش بووێت، ئایا چ شەرەف و شکۆیەك هەیە بگاتە ئەم ئاستە؟!!!، هەر یەکێك لە ئێمە ئێستا پێی بڵێن فلانە بەرپرس لێت ڕازییە و تۆی خۆش دەوێت: زۆر شانازی پێوە دەکەین و خۆمانی پێوە بادەدەین و لەناو خەڵکیدا باسی دەکەین، ئەی ئەگەر پێت بڵێن خوا خۆشی دەوێیت، بەڕاستی ئەمە شەرەفێکە هاوتای نیە.

ئەبو ئیدریسی خەولانی بۆمان دەگێڕێتەوە ودەڵێت: جارێکییان چوومە مزگەوتێك لە دیمەشق، گەنجێکم بینی هەمیشە دەمی بە زەردەخەنە بوو، گەنجێکی جوان و هەڵکەوتو بوو، زۆر بێدەنگ دەبوو، خەڵکی زۆر دەهاتنە لای و پرسیاریان لێ دەکرد و هەر کێشەیەکیان هەبووایە دەیانهێنایە لای ئەو بۆی چارەسەر دەکردن،

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٦) البر والصلة والآدب، باب (١٢) في فضل الحب في الله، رقم الحديث (٦٧١٤)، ص١٢.

ئەویش هەرچی بگووتایە کەس لەقسەی دەرنەدەچوو و بەگوێیان دەکرد. دەڵێت منیش پرسیارم کرد و گوتم: ئەم گەنجە کێیە وا هەمیشە دەم بە زەردەخەنەیە، و مرۆڤێکی ئاوها قورس و سەنگینە و خەڵکی زۆر ڕێز لە قسە و بۆچوونەکانی دەگرن؟ گوتیان ئەمە موعازی کوڕی جەبەلی هاوەڵی پێغەمبەری خودایە ﷺ. ئەبو ئیدریسی دەڵێت: منیش بڕیارمدا بەیانی کە ئەچین بۆ نوێژ پێش ئەو بچم بۆ نوێژ. دەڵێت: بەیانییەکیان زوو ڕۆیشتم، بینیم ئەو لە مزگەوتە شەونوێژ دەکات و نزا دەکات و دەپاڕێتەوە، دەڵێت: پاش ئەوەی کە نوێژمان کرد چووم بۆ لای؛ چونکە لەبەر خوا خۆشم دەویست، هەرچەندە هەر ئەو جارەش بینیبووم، دەڵێت سڵاوم لێ کرد و پێم گووت: وەڵلاهی کە لە دوێنێوە بینیومی لەبەر خوا خۆشم دەوێیت. ئەویش گوتی: توخودا بە ڕاستتە لەبەر خودا خۆشت دەوێم؟. گوتم: بە خودا بە ڕاستمە لەبەر خودا خۆشم دەوێیت. دووبارەی کردەوە و گوتی: توخودا بە ڕاستتە منت لەبەر خودا خۆش دەوێت؟. گوتم: بە خودا بەڕاستمە. ئەوجا سێ بارەی کردەوە و گوتی: توخودا بە ڕاستتە تەنها لەبەر خودا منت خۆش دەوێت؟. گوتم: بە خودا بەس لەبەر خودا تۆم خۆش دەوێت. دەڵێت: کەوام گوت: یەخەی کراسەکەی گرتم و توند ڕای کێشام بۆ لای خۆی و باوەشی پێدا کردم و گوتی: مژدەت لێبێت من گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە ﷺ دەیفەرموو: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ........﴾[1].

٢- لە فەرموودەیەکی تری قودسیدا خوای گەورە بەڵێن بەو کەسانە دەدات کە تەنها لەپێناو ئەودا یەکیان خۆش دەوێت کە لەژێر سێبەری خۆیدا حەشریان دەکات لە قیامەتد، لەو بارەیەوە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلاَلِي الْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي﴾[2]. واتە: خوای گەورە لە قیامەتدا دەفەرموێت: کوان ئەو کەسانەی کە لەبەر من یەکتریان خۆشوویستووە لە دونیا، ئەمڕۆ دەیانخەمە ژێر سێبەری خۆم، کە جگە لەسێبەری من هیچ سێبەرێکی تر بوونی نیە.

---

١ - إبن حبان، المصدر السابق، ج٢، ص٣٣٥.

٢ - مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٦) البر، والصلة، والآداب، باب (١٢) في فضل الحب في الله، رقم الحديث (٦٧١٣)، ص١٢.

لە فەرموودەیەکی تردا کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ باس لەو حەوت دەستەیە دەکات کە خوای گەورە لە قیامەتدا لەژێر سێبەری خۆیدا حەشریان دەکات، لە بارەی یەکێك لەو دەستانەوە دەفەرموێت: ﴿وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ﴾[١]. واتە: دوو کەس کە تەنها لەبەر خوا یەکتریان خۆشوویستووە و لە سەر ئەو خۆشەویستییە یەکیان گرتووە و هەر لەسەر ئەو خۆشەویستییەیش لەیەك جیابوونەتەوە.

٣- پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەیەکدا خۆشەویستی لە پێناوی خوادا بە چلەپۆپەی باوەڕ وەسف دەکات و دەفەرموێت: ﴿أَوْثَقُ عُرَى الإِيمَانِ الْحُبُّ فِي الله، وَالْبُغْضُ فِي الله﴾[٢]. واتە: بەرزترین و بەبەهاترین پلەکانی باوەڕ خۆشەویستیی و ڕقلێبوونەوەیە لەبەر خوا؛ چونکە ئەم هەڵوێستە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕی ئەم مرۆڤە ئەوەندە دامەزراوە، هەموو هەست و هەڵوێست و هەڵسەنگاندنێکی هەڵقوڵاوی باوەڕەکەیەتی و لەپێناوی خوادایە نەك بەرژەوەندی تەسکی خۆی.

٤- لە فەرموودەیەکی تردا خۆشەویستی لە پێناوی خوادا بەنیشانەی کامڵبوونی باوەڕ وەسف دەکات و دەفەرموێت: ﴿مَنْ أَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ، وَأَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ، وَأَنْكَحَ لِلَّهِ، فَقَدْ اِسْتَكْمَلَ إِيمَانَه﴾[٣]. واتە: هەر کەسێك لەبەر خوا ببەخشێت و لەبەر خوایش دەست بگرێتەوە و نەبەخشێت[٤]، لەبەر خوا خەڵکی خۆشبووێت و لەبەر خوایش ڕقی لەخەڵکی بێتەوە، لەبەر خوا خزمایەتی لەگەڵ خەڵك ببەستێت و ژن و ژنخوازییان لەگەڵ بکات، ئەو کەسە باوەڕی تەواو دامەزراوە.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢، كتاب (٣٠) الزكاة، باب (١٥) الصدقة باليمين، رقم الحديث (١٣٥٧)، ص٥١٧. مسلم، صحيح مسلم، ج٣، كتاب (١٣) الزكاة، باب (٣١) فضل إخفاء الصدقة، رقم الحديث (٢٤٢٧)، ص٩٣، واللفظ للبخاري.

٢ - إبن أبي شيبة (عبد الله بن محمد بن أبي شيبة)، المصنف في الأحاديث والآثار، ج٦، دار الفكر، بيروت، ضبط وتعليق: سعيد اللحام، ص٣٤٧.

٣ - أحمد بن حنبل، المسند، ج٣، مؤسسة قرطبة، القاهرة، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، رقم الحديث (١٥٦٧٦)، ص٤٤٠. الترمذي (محمد بن عيسى الترمذي)، سنن الترمذي، ج٤، دار الفكر، بيروت، تحقيق: عبد الوهاب عبد اللطيف، قال الترمذي: هذا حديث حسن، ص٧٨. الحاكم (محمد بن عبد الله)، المستدرك على الصحيحين، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١٩٩٠، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، وقال الذهبي في التلخيص: على شرط البخاري ومسلم، ص١٧٨.

٤ - بۆ نموونە ئەگەر کەسێك پارە بۆ کاری خراپە و لاڕێخستنی خەڵکی و خوا نەناسی بەکار بهێنێت، ئەوە پێویستە لەبەر خوا هاوکاری نەکەین و نەیدەینێ؛ چونکە بەم هاوکارییە دەبیتە هاوبەشی خراپەکانی؛ بۆیە خوای گەورە ئەم دەستگرتنەوەیەی پێ ناخۆش نییە.

دیارە هەر کەسیش کەلێن و کەمتەرخەمی هەبێت لەیەکێك لەو خاڵانەدا ئەوە پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردن و پتەوکردنی باوەڕەکەی بدات.

٥- لە فەرموودەکی تردا باس لە ئەرك و مافەکانی ئەم برایەتییە دەکات و دەفەرمویێت: ﴿لاَ تَحَاسَدُوا، وَلاَ تَنَاجَشُوا، وَلاَ تَبَاغَضُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا، وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا. الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لاَ يَظْلِمُهُ، وَلاَ يَخْذُلُهُ، وَلاَ يَحْقِرُهُ. التَّقْوَى هَا هُنَا وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ، وَمَالُهُ، وَعِرْضُهُ﴾[١]. واتە: ئێرەیی بەیەکتر مەبەن و نرخی شتومەك لەسەر یەك زیاد مەکەن و ڕقتان لەیەکتر نەبێت و پشت لەیەکتر مەکەن و قسە لەگەڵ یەکتر دامەبڕن،

وشەکانی ﴿لاَ تَحَاسَدُوا، وَلاَ تَنَاجَشُوا، وَلاَ تَبَاغَضُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا﴾ لە بابی (مفاعلة ومشاركة) یە، واتە ئەگەر برایەکیشت یەکێك لەم کارانەی دەربارەی تۆ کرد، تۆ نابێت لە پەرچە کرداری هەڵوێستی ئەودا هەمان هەڵوێستت بەرامبەری هەبێت، بەڵکو دەبێت باوەڕدارانە هەڵوێستی بەرامبەر وەربگریت و مامەڵەی لەگەڵ بکەیت و هەوڵ بدەیت ئەو ڕقە لەدڵی ئەویشدا لابەریت و نەیهێڵیت.

﴿وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا. الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لاَ يَظْلِمُهُ، وَلاَ يَخْذُلُهُ، وَلاَ يَحْقِرُهُ. التَّقْوَى هَا هُنَا﴾. واتە: ئەگەر کەسێکتان شتێکی فرۆشت کەسێکی تر نەچێت بەکڕیارەکە بڵێت من بەهەرزانتر دەتدەمێ و لەوی مەکڕە، هەمووتان بەندەی خوا و برای یەکتر بن، موسوڵمان برای موسوڵمانە، ستەمی لێناکات و پشتی بەرنادات وە هەرگیز بەچاوی کەم سەیری ناکات ومافەکانی پێشێل ناکات.

پاشان فەرمووی: ﴿التَّقْوَى هَا هُنَا﴾. هەستی لەخوا ترسان ئالێرەدایە و سێ جار ئاماژەی بۆ سنگی کرد. دیارە مەبەستی ئەوەیە کە کەس بەخۆی نەنازێت و بانگەشەی لەخوا ترسان بۆ خۆی بکات و بەچاوی کەم سەیری براکەی بکات بە بیانووی ئەوەی کە ئەو تاوانبارە و لەخوا دوورە؛ چونکە لە خوا ترسان شتێکی دیار نییە و تەنها خوا بۆ خۆی دەیزانێت کە کێ لە خوا ترسە و لەخواوە نزیکە.

---

١ - مسلم (مسلم بن الحجاج النيسابوري)، صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، ج٨، كتاب (٤٦) البر، والصلة، والآداب، باب (١٠) تحريم ظلم المسلم ...دار الجيل، بيروت، دار الآفاق الجديد، بيروت، رقم الحديث (٦٧٠٦)، ص١٠.

پاشان فەرمووی: ﴿بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ، وَمَالُهُ، وَعِرْضُهُ﴾. واتە: مرۆڤی باوەڕدار ئەوەندەی خراپە بەسە کە بەکەم لەبرا بڕوادارەکەی بڕوانێت وە هەموو شتێکی موسوڵمان لەسەر برا موسوڵمانەکەی حەرامە، خوێن و ماڵ و کەرامەت و نامووسی و بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە خراپەی دەربارە بکات.

لە ریوایەتەکەی پێشەوا بوخاریدا هاتووە: ﴿وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾[1]. واتە: هەر کەس بەدەم پێداویستیی براکەیەوە بچێت و بۆی دابین بکات، خوای گەورە لەکاتی پێویستیدا بەدەمییەوە دەچێت و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکات، هەرکەس کێشە و گرفتی موسوڵمانێك چارەسەر بکات، خوای گەورە کێشەوە گرفتێك لەگرفتەکانی دوارۆژی بۆ چارەسەر دەکات و لەسەر لا دەبات، هەرکەس نەنگی و کەموکورتی موسوڵمانێك بپۆشێت لە دونیادا خوای گەورە لە قیامەت لەبەرچاوی هەموو جیهانیان نەنگی و کەموکورتییەکانی دەپۆشێت و لای خەڵکی ئاشکرای ناکات.

٦- لە فەرموودەیەکی تردا کۆی موسوڵمانان لە برایەتی و تەباییدا وەك ئەندامی یەك جەستە وێنا دەکات و دەفەرموێت: ﴿مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ، وَتَرَاحُمِهِمْ، وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ ،إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى﴾[2]. واتە: نموونەی بڕواداران لە خۆشەویستی و بەزەیی و هاوسۆزییان بۆ یەکتر وەك نموونەی یەك لاشە وان، ئەگەر یەکێك لە ئەندامەکانی بداتە ئازار هەموو ئەندامەکانی تری ئەو لاشەیە لەگەڵی گەرم دادێت و شەونوخونی لەگەڵ دەکێشێت.

با هەموومان پێکەوە سەرنج لەم نموونە جوانە بدەین و بزانین تا چەند ئێمە لێی بەهرەمەند بووین، خۆ ئەگەر وا نین ئەو کات دیارە ئێمە ئەندامێکی مردووین لەم لاشەیەدا، وەك چۆن هەندێك جار ئەندامێکی لاشە دەمرێت ئیتر هیچ هەستێکی

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢، كتاب (٥١) المظالم، باب (٤) باب لا يظلم المسلم المسلم ولا يسلمه، دار إبن كثير، اليمامة، بيروت، ط٣، ١٩٨٧، تحقيق وتعليق: مصطفى ديب البغا، رقم الحديث (٢٣١٠)، ص٨٦٢.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٨١) الأدب، باب (٢٧) رحمة الناس والبهائم، رقم الحديث (٥٦٦٥). مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٦) البر، والصلة، والآداب، باب (١٧) تراحم المؤمنين وتعاطفهم وتعاضدهم، رقم الحديث (٦٧٥١)، ص٢٢٣٨. واللفظ لمسلم.

تێدا نامێنێت دیارە ئێمەیش وامان لێ هاتووە بۆیە هەست بە ئازاری ئەندامەکانی تر ناکەین و خەمیان لێ ناخۆین.

٧- لە فەرمودەیەکی تردا خۆشەویستی لەبەر خوای گەورە بە کرۆك و شیرینی باوەڕ وەسف دەکات و دەفەرموێت: ﴿ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ﴾[١]. واتە: سێ سیفەت هەن لەهەر کەسێکدا هەبن شیرینی باوەڕی چەشتوە و لەواتەی باوەڕ گەیشتووە[٢]. یەکەم: ئەو کەسە خوای گەورە و پێغەمبەری خودای ﷺ لە هەموو کەس زیاتر خۆشبوێت. دووەم: کاتێك کەسێکی خۆشوویست تەنها لەبەر خوای گەورە خۆشی بوویت. سێیەم: ئەو کەسە چەند پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە ئەوەندەیش پێی ناخۆش بێت کە بگەڕێتەوە سەردەمی نەفامی.

کەواتە دووان لە نیشانەکانی گەیشتن بە شیرینی باوەڕ پەیوەندییان بەخۆشەویستی خودا و ئەو کەسانەوە هەیە کە خودا خۆشی دەوێن و خودایان خۆش دەوێت، خۆ ئەگەر باوەڕێکیش ئەمانەی لەناخدا درووست نەکرد ئەوە پێویستە خاوەنەکەی بەخۆیدا بچێتەوە و خاڵە لاوازەکانی بدۆزێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

٨- لە فەرموودەیەکی تردا خۆشەویستی لەبەر خوا بە هۆکاری بەهەشتی بوون ئەژمار دەکات و ئەنەسی کوڕی مالیك لەو بارەیەوە فەرموودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە ودەڵێت: (كُنَّا جُلُوسًا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: ﴿يَطْلُعُ عَلَيْكُمْ الْآنَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ﴾. فَطَلَعَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ تَنْطِفُ لِحْيَتُهُ مِنْ وُضُوئِهِ، قَدْ تَعَلَّقَ نَعْلَيْهِ فِي يَدِهِ الشِّمَالِ، فَلَمَّا كَانَ الْغَدُ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ مِثْلَ ذَلِكَ، فَطَلَعَ ذَلِكَ الرَّجُلُ مِثْلَ الْمَرَّةِ الْأُولَى، فَلَمَّا كَانَ الْيَوْمُ الثَّالِثُ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ مِثْلَ مَقَالَتِهِ أَيْضًا، فَطَلَعَ ذَلِكَ الرَّجُلُ عَلَى مِثْلِ حَالِهِ الْأُولَى، فَلَمَّا قَامَ النَّبِيُّ ﷺ تَبِعَهُ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ فَقَالَ: إِنِّي لَاحَيْتُ أَبِي، فَأَقْسَمْتُ أَنْ لَا أَدْخُلَ عَلَيْهِ ثَلَاثًا، فَإِنْ رَأَيْتَ أَنْ تُؤْوِيَنِي إِلَيْكَ حَتَّى تَمْضِيَ فَعَلْتَ؟ قَالَ: نَعَمْ.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (٨) حلاوة الإيمان، رقم الحديث (١٦)، /ص١٤. مسلم، صحيح مسلم، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (١٧) بيان خصال من اتصف بهن وجد حلاوة الإيمان، رقم الحديث (١٧٤)، /ص٤٨. واللفظ للبخاري.

٢ - ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە باوەڕ شیرینییەکی هەیە ئەگەر مرۆڤ لە کەنارەکانی باوەڕدار بێت و باش تێیدا قوڵ و قاڵ نەبووبێتەوە بەداخەوە چێژی ئەو شیرینیە ناکات.

قَالَ أَنَسٌ: وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ يُحَدِّثُ أَنَّهُ بَاتَ مَعَهُ تِلْكَ اللَّيَالِي الثَّلَاثَ فَلَمْ يَرَهُ يَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ شَيْئًا، غَيْرَ أَنَّهُ إِذَا تَعَارَّ وَتَقَلَّبَ عَلَى فِرَاشِهِ ذَكَرَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَكَبَّرَ، حَتَّى يَقُومَ لِصَلَاةِ الْفَجْرِ. قَالَ عَبْدُ اللَّهِ: غَيْرَ أَنِّي لَمْ أَسْمَعْهُ يَقُولُ إِلَّا خَيْرًا، فَلَمَّا مَضَتْ الثَّلَاثُ لَيَالٍ، وَكِدْتُ أَنْ أَحْتَقِرَ عَمَلَهُ، قُلْتُ: يَا عَبْدَ اللَّهِ إِنِّي لَمْ يَكُنْ بَيْنِي وَبَيْنَ أَبِي غَضَبٌ وَلَا هَجْرٌ ثَمَّ، وَلَكِنْ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ لَكَ ثَلَاثَ مِرَارٍ: ﴿يَطْلُعُ عَلَيْكُمْ الْآنَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ﴾. فَطَلَعْتَ أَنْتَ الثَّلَاثَ مِرَارٍ، فَأَرَدْتُ أَنْ آوِيَ إِلَيْكَ لِأَنْظُرَ مَا عَمَلُكَ فَأَقْتَدِيَ بِهِ، فَلَمْ أَرَكَ تَعْمَلُ كَثِيرَ عَمَلٍ، فَمَا الَّذِي بَلَغَ بِكَ مَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ؟. فَقَالَ: مَا هُوَ إِلَّا مَا رَأَيْتَ. قَالَ: فَلَمَّا وَلَّيْتُ دَعَانِي فَقَالَ: مَا هُوَ إِلَّا مَا رَأَيْتَ، غَيْرَ أَنِّي لَا أَجِدُ فِي نَفْسِي لِأَحَدٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ غِشًّا، وَلَا أَحْسُدُ أَحَدًا عَلَى خَيْرٍ أَعْطَاهُ اللَّهُ إِيَّاهُ. فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: هَذِهِ الَّتِي بَلَغَتْ بِكَ، وَهِيَ الَّتِي لَا نُطِيقُ[1].

واتە: جارێکیان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبووین فەرمووی: ئێستا پیاوێك دێت بۆ لاتان ئەو پیاوە بەهەشتییە. ئەنەس دەفەرموێت: پیاوێکی ئەنصاری پەیدا بوو- دیارە پیاوێکی نە ناسراو بووە بۆیە ئەنەس ناوی نابات ئەڵێت: پیاوێکی ئەنصاری هات- دەستنوێژی گرتبوو، ئاو لە ریشی ئەچۆڕا و نەعلەکانی بە دەستی چەپییەوە گرتبوو، بۆ بەیانی پێغەمبەری خودا ﷺ هەمان فەرموودەی دووبارە کردەوە و دواتر بەهەمان شێوەی ڕۆژی پێشوو هەمان پیاو پەیدا بوو، ڕۆژی دواتر پێغەمبەری خودا ﷺ هەمان شتی فەرموو، دواتر بەهەمان شێوەی ڕۆژەکانی تر هەمان پیاو پەیدا بوو، دواتر کە پێغەمبەری خودا ﷺ ڕۆیشت و دانیشتنەکەی بەجێ هێشت و خەڵکەکە هەستان، عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص شوێن ئەو پیاوە کەوت و پێی گوت: من لەگەڵ باوکم کێشەیەکم هەیە و سوێندم خواردووە تا سێ ڕۆژی تر ناچمەوە لای باوکم، ئەگەر بۆت دەکرێت ئەو ماوەیە میواندارییم بکەیت؟. پیاوەکەیش گوتی: باشە. ئەنەس دەڵێت: دواتر عەبدوڵلا بۆی گێڕاینەوە کە ئەو سێ شەوە لەماڵیان بووە نەیبینیبوو یەك ڕکعات شەو نوێژ بکات، جگە لەوە نەبێت کە شەو دەجوڵا یادی خوای دەکرد و (اللە أکبر) ی دەکرد هەتا بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەستا. عەبدوڵلا دەڵێت: بەڵام لەو ماوەیەدا قسەی خێر نەبێت هیچی ترم لێ نەبیستووە، تا ئەو سێ شەوە

---

١ - الإمام أحمد، المسند، ج٣، الحديث رقم (١٢٧٢٠)، ص١٦٦. النسائي (أحمد بن شعيب)، سنن النسائي الكبرى، ج٦، دار دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩١، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن، رقم الحديث (١٠٦٩٩)، ص٢١٥. وقال الألباني في تخريجه: إسناده صحيح على شرط الشيخين. أنظر: الألباني (محمد ناصر الدين الألباني)، سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة، وأثرها السيئ في الأمة، ج١، دار المعارف، الرياض، ط١، ١٩٩٢، ص٢٦.

تێپەڕی و وای لێ هات کردەوەکانی زۆر بەکەم بێنە پێش چاوم. کە ماوەکەم تەواو بوو پێم گووت: ئەی بەندەی خوا، من لەگەڵ باوکم هیچ کێشە و توڕەبوونێك لە نێوانماندا ڕووی نەداوە، بەڵام گوێم لێ بوو پێغەمبەری خودا ﷺ سێ جار فەرمووی: ئێستا پیاوێك دێت بۆ لاتان ئەو پیاوە بەهەشتییە و هەر سێ جارەکەیش تۆ هاتیت، جا پێم خۆشبوو لەلات بمێنمەوە تا بزانم چی دەکەیت و بەچی گەیشتوویتە ئەو پلە و پایەیە تا چاوت لێ بکەم؛ بەڵام لەو ماوەیەدا نەمبینی کە تۆ پەرستش و کردەوەی چاکە زۆر بکەیت، پیاوەکە لەوەڵامدا گووتی: بەخوا لەوەی کە بینیوتە شتێکی زیاترم نییە و ناکەم. عەبدوڵلا دەڵێت: کەماڵئاواییم لێ کرد و پشتم هەڵکرد بانگی کردم و گووتی: کار و کردەوەی من هەر ئەوەیە کە بینیوتە، بەڵام من بەرامبەر بە هیچ موسڵمانێك هیچ ڕق و فێڵ و ناپاکییەك لەدڵمدا نیە و ئێرەییشم بەرامبەر بە هیچ کەسێك نییە کە خوا ناز و نیعمەتێکی پێ دابێت. عەبدوڵلایش پێی گووت: ئەم سینە سافی و نیەت پاکییەیە کە تۆی گەیاندۆتە ئەم پلە و پایەیە و بەزۆر کەس لە ئێمە ناکرێ.

کەواتە بەڕێزان: ئەم پیاوە ئەنصارییە تەنها بەم دڵسافی و نیەت پاکییەی بەرامبەر بە موسوڵمانان گەیشتۆتە ئەو پلە و پایەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە دونیادا مژدەی بەهەشتی پێبدات، جا ئایا ئێمە ئاواین؟ ئەمە پرسیارێکە پێویستە هەمیشە لەیادمان بێت و فەرامۆشی نەکەین و ڕۆژانەیش بەخۆماندا بچینە و موحاسەبەی نەفسی خۆمانی لەسەر بکەین.

٩- لەفەرموودەیەکدا هۆشداری دەداتە بڕواداران کە هەر هەڵوێستێکی نەرێنیی بەرامبەر بە بڕوادارێکی تر جگە لەوەی کەسەکە پێی گوناهبار دەبێت لەهەمان کاتدا چاکەکانیشی پێ لەدەست دەدات و لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ؟﴾. قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لاَ دِرْهَمَ لَهُ وَلاَ مَتَاعَ. فَقَالَ: ﴿إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلاَةٍ، وَصِيَامٍ، وَزَكَاةٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ﴾[١]. واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ لە هاوەڵەکانی پرسی:

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٦) البر، والصلة، والآداب، باب (١٥) تحريم الظلم، رقم الحديث (٦٧٤٤)، ص١٨.

دەزانن کەسی مایەپووچ کێیە؟ هاوەڵەکانیشی بەپێی تێگەیشتنی خۆیان و پێوەرە دونیاییەکان لەوەڵامدا گوتیان: کەسی مایەپووچ ئەوەیە کە نە درهەمێك و نەدینارێکی نییە. پێغەمبەر ﷺ - ویستی ئەم تێگەیشتنەی هاوەڵەکانی لە ڕووە شەرعییەکەوە ڕاست بکاتەوە و پێناسەیەکی تریان فێر بکات، تا ئاگایان لەخۆیان بێت لەو ڕووەوە مایە پووچ نەبن؛ چونکە مایەپووچی ڕاستەقینە پەنا ئەگرین بەخوای باڵادەست ئەوەیە کە لە لای خوا مایەپووچ بێت نەك لای خەڵك؛ بۆیە فەرمووی: کەسی مایە پووچ لە ئوممەتی من ئەو کەسەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا دەیهێنن نوێژی کردوە، بەڕۆژوو بووە، زەکاتیشی داوە؛ بەڵام جوێنی بەم داوە و بوختانی بۆ ئەو کردوە و قسەی ناشیرینی شوێن خستوە و ماڵی ئەوی تری بەناحەق خواردوە و خوێنی کەسێکی تری بە ناحەق ڕشتووە و لەکەسێکی تری داوە و ئازاری داوە، - جا لە قیامەتدا لەبەر ئەوەی پارەوپول نییە تا قەرەبوویان بکاتەوە، چاکەکانی دەهێنن و دابەشی دەکەن بەسەریاندا و هەرکەس هێندەی خراپەکەی دونیای بەرامبەری لە دواڕۆژدا لەچاکەکانی دەبات- جا ئەو دێت لە چاکەکانی دەبات و ئەوی تر دێت لە چاکەکانی دەبات، تاوای لێ دێت هیچ چاکەی نامێنێت، ئەوجا کە هیچ چاکەی نەما تا خاوەن حەقەکان بیبەن و هێشتایش حەقی خەڵکی ستەملێکراوی دونیای هەر لەسەر مابوو، ئەوجا خراپە و تاوانەکانی ئەو ستەملێکراوانە دەهێنن و دەیدەن بەسەر ئەمدا و فڕێ دەدرێتە ئاگرەوە.

ببینن بەڕێزان غەیبەت و بوختان و قسەی ناشیرین بەرامبەر بە خەڵکی چەند مەترسی دارە و چۆن مرۆڤ مایەپووچ دەکات و چاکەکانی بەهەدەر دەدات!!!.

١٠- لە فەرموودەیەکی تردا باس لەگەورەیی هەوڵی تەبایی و ڕێکخستنی نێوانی موسوڵمانان دەکات و هەڕەشە لە نانەوەی ئاشوب و دووبەرەکی دەکات و دەفەرموێت: ﴿أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَفْضَلَ مِنْ دَرَجَةِ الصِّيَامِ، وَالصَّلَاةِ، وَالصَّدَقَةِ؟﴾. قَالُوا: بَلَى. قَالَ: ﴿صَلَاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ، فَإِنَّ فَسَادَ ذَاتِ الْبَيْنِ هِيَ الْحَالِقَةُ﴾. وفي رواية: ﴿لَا أَقُولُ تَحْلِقُ الشَّعَرَ وَلَكِنْ تَحْلِقُ الدِّينَ﴾[1]. واتە: ئایا

---

١ - الترمذي (محمد بن عيسى)، سنن الترمذي، ج٤، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، والأحاديث مذيلة بأحكام الألباني عليها، رقم الحديث (٢٥٠٩)، ص٦٦٣. قال أبو عيسى: هذا حديث صحيح والحديث صححه الألباني.

ئایا پێتان بڵێم کە چی لە ڕۆژووی سوننەت و نوێژی سوننەت و بەخشینی سوننەت باشترە و خێری زیاترە؟. ئەوانیش گوتیان: بەڵێ. فەرمووی: ڕێکخستن و یەکخستنی ڕیزی موسوڵمانان؛ چونکە تێکدانی ڕیزی موسوڵمانان و بشێوی نانەوە لەنێوانیاندا وەکو تاشین وایە، ناڵێم وەکو تاشینی مووی سەر وایە؛ بەڵکو ئەمە ئاین دەتاشێ و کردەوە باشەکانی مرۆڤی باوەڕدار هەڵدەوەرێنێ و لەناویان دەبات.

کەواتە پێویستە هەمووومان زۆر ئاگامان لەخۆمان بێت، ئێمە بەیانی هەتا ئێوارە بەرۆژوو دەبین، خۆمان تینوو و برسی ئەکەین، لە پارەوپولی خۆمان لەبەر خوا دەبەخشین، هەوڵ دەدەین هەموو کارێکی چاکە بکەین؛ بەڵام لەولایشەوە قسەی خراپ دەکەین لەنێوان موسوڵماناندا، دەبینە مایەی دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە و دروستکردنی بشێوی، خەڵکی هاندەدەین کە سەلام لەیەکتری نەکەن، کتێب و نامیلکە و گوتار دژی یەکتر بڵاو دەکەینەوە بەبێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین، ئەمانە هەڵەن بەڕێزان و پێویستە چاو بەخۆماندا بخشێنینەوە و چارەسەریان بکەین.

١١- لە فەرمووودەیەکی تردا هەڕەشە لە دەنگ داگرتن و قسە نەکردن لە گەڵ خەڵکانی برِوادار دەکات و دەفەرمویێت: ﴿لاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ، فَمَنْ هَجَرَ فَوْقَ ثَلاَثٍ فَمَاتَ دَخَلَ النَّارَ﴾[١]. واتە: هیچ موسڵمانێك بۆی نییە لە سێ ڕۆژ زیاتر قسە لەگەڵ موسڵمانێکی تر نەکات، وە هەرکەسێك لە سێ ڕۆژ زیاتر لەگەڵ موسڵمانێك قسە نەکات و سەلامی لێنەکات دواتر بمرێت دەچێتە دۆزەخەوە.

خۆ ئەم کەسە موسوڵمانیشە بەڵام تەنها لەسەر ئەوەی کە لە سێ ڕۆژ زیاتر قسەی لەگەڵ موسڵمانێکی تر نەکردوە دەچێتە دۆزەخ، جا با ئەم دیمەنە باش بخەینە پێش چاوی خۆمان، ئەمە تەنها سەلامت لێ نەکردووە، تەنها نەت دواندووە، ئەی ئەگەر غەیبەتت کردبێت و قسەت بۆ هەڵبەستبێت و ڕاپۆرتت لەسەر نوسیبێت و چاڵت بۆ هەڵکەندبێت و نانبڕاو و ناو زڕاوت کردبێت، ئەبێت ئەمە تاوانی چی بێت و سزاکەی چی بێت؟!!.

---

١ - أبو داود (سليمان بن الأشعث السجستاني)، سنن أبي داود، ج٤، كتاب (٤٢) الأدب، باب (٥٥) فيمن يهجر أخاه المسلم، دار الكتاب العربي، بيروت، رقم الحديث (٤٩١٦)، ص٤٣١، الأحاديث مذيلة بأحكام الألباني عليها، والحديث صححه الألباني.

١٢- لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خودا ﷺ پەرتەوازەیی و دووبەرەکی نێوان براوادارن بە هۆکاری لەناچوونی گەلان باس دەکات و عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکییەوە و لەباپیرییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَلَى أَصْحَابِهِ، وَهُمْ يَخْتَصِمُونَ فِي الْقَدَرِ، فَكَأَنَّمَا يُفْقَأُ فِي وَجْهِهِ حَبُّ الرُّمَّانِ مِنَ الْغَضَبِ. فَقَالَ: ﴿بِهَذَا أُمِرْتُمْ، أَوْ لِهَذَا خُلِقْتُمْ؟! تَضْرِبُونَ الْقُرْآنَ بَعْضَهُ بِبَعْضٍ، بِهَذَا هَلَكَتِ الأُمَمُ قَبْلَكُمْ﴾..)[١]. واتە: جارێکییان پێغەمبەری خودا ﷺ گوێی لێبوو هاوەڵەکانی هەرا و دەمەقاڵەیانە لە سەر بابەتی قەزا و قەدەر، بۆیان هاتە دەرەوە، ئەوەندە تووڕە بوو سوور بووبووەوە ئەتگوت دەنکی هەنار بە دەم و چاویدا تەقیوە و پرژاوە، فەرمووی: بەمە فەرمانتان پێ کراوە و من ئاوام پێ گوتون؟! یان خوا ئێوەی بۆ ئەمە دروست کردووە؟! شەڕ بە ئایەتەکانی قورئان بکەن و پێکیاندا بدەن، گەلانی پێش ئێوە بەم دەمەقاڵێ و دووبەرەکییە لەناوچوون.

باشە بەرێزان خۆ ئەم هاوەڵانە دەمەقاڵەکەیان لەسەر یەکلاکردنەوەی بابەتێکی شەرعی بوو کە قەدەرە؛ بەڵام چونکە کار گەیشتبووە ئەوەی کە دەنگ لەیەکتر بەرز بکەنەوە و ببێتە هەرایان، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی قبوڵ نەکرا و بەو شێوەیە تووڕە بوو، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین کە پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر بەدەگمەن تووڕە بووە، ئەی ئەگەر هەرا و دەمەبۆڵەی موسوڵمانان وەك ئەمڕۆ دەبینین لەسەر کاری دونیا بێت و بۆ بەدەستهێنانی هەندێك بەرژەوەندی تایبەتی و بەرتەسکی حیزبایەتی بێت، ئەوکات ئەمە ناوبنێین چی و دەرئەنجامەکەی دەبێت چی بێت؟! دەبێت سزاکەی چی بێت؟! و ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ بەوشێوەیە بمانبینێت دەبێت پێمان بڵێت چی؟!.

١٣- لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خودا ﷺ هۆشداری دەداتە هاوەڵەکانی کە لەهەموو ئەو شتانە دووربکەونەوە کە دەبێتە مایەی کێشە و پەرتەوازەیی لە نێوانیاندا با ئەو شتە خوێندنی قورئانیش بێت و پێیان دەفەرموێت: ﴿اقْرَءُوا الْقُرْآنَ مَا

---

١ - إبن ماجة (محمد بن يزيد)، سنن إبن ماجة، ج١، دار الفكر، بيروت، تحقيق، وتعليق: محمد فؤاد عبد الباقي، ص٣٣، والأحاديث مذيلة بأحكام الألباني عليها، وقال الألباني في تخريجه: حديث حسن صحيح.

ائْتَلَفَتْ عَلَيْهِ قُلُوبُكُمْ، فَإِذَا اخْتَلَفْتُمْ فَقُومُوا عَنْهُ﴾[1]. واتە: دابنیشن لەگەڵ یەك قورئان بخوێنن بخوێنن و پێیدا بچنەوە، تا ئەو کاتەی کە دڵەکان لەسەری تەبا و ڕێك بن، خۆ ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوانتانەوە و ڕاڕا بوون لەسەری ئەو کات واز لەقورئان خوێندنەکە بهێنن.

جا سەرنج بدەن خۆشەویستان هەرچەندە قورئان خوێندن کارێکی گرنگە و خێرێکی گەورەیە و بەهەر پیتێکی مرۆڤ دە چاکەی بۆ دەنووسرێت، بەڵام یەك ریزی موسڵمانان لە قورئان خوێندنەکە گەورەترە لەشەرعدا؛ چونکە قورئان خوێندن بەو شێوازە و بە کۆمەڵ پێویست و فەرز نییە؛ بەڵام یەکڕیزی موسوڵمانان لەهەموو کات و شوێنێکدا فەرزە و پێویستە، بۆیە ناکرێت ئێمە بۆ سوننەتێك فەرزێك لەدەست بدەین.

ئەم فەرموودانەی کە باسمان کرد مشتێکە لە خەرمانی پڕ بەرەکەتی فەرموودەکانی پێشەوامان ﷺ لەسەر ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارەی کە قسەی لەسەر دەکەین و بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردەواری بە گشتی و ڕابوونی ئیسلامی بەتایبەتی وەکو پێویست لێی بەهرەمەند نەبووین.

دیارە ئەم بابەتە لەبەر گرنگییەکەی دەیەها و سەدەها فەرموودەی تری لەسەرە و قسەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت؛ بەڵام با ئەوەندە بەس بێت و بچینە سەر بۆچوون و هەڵوێستی هاوەڵان و زانایان سەبارەت بەم بابەتە تا بزانین ئەوان دەربارەی برایەتی و یەکڕیزی موسوڵمانان چی دەڵێن.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٤، كتاب (٦٩) فضائل القرآن، باب (٣٧) اقرؤوا القرآن ما ائتلفت عليه قلوبكم، رقم الحديث (٤٧٧٤)، ص١٩٢٩. مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٨) العلم، باب (١) النهي عن إتباع متشابه القرآن، والتحذير من متبعيه، والنهي عن الإختلاف في القرآن، رقم الحديث (٦٩٤٨)، /ص٥٧. واللفظ للبخاري.

# باسی شەشەم
# گرنگی برایەتی و تەبایی لەدیدی هاوەڵان و زانایاندا

ئێستا دەچینە سەر تێڕوانینی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتە دەربارەی ئەم چەمکە و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم پرسە هەستیارەدا:

١- عەبدوڵلای کوڕی مەسعود پێی وابووە کە لەسەفەری حەجدا دەبێت نوێژ کورت بکرێتەوە؛ بەڵام پێشەوا عوسمان پێی وابووە کە دەبێت وەك خۆی بکرێت و کورت نەکرێتەوە، جا کاتێك پێشەوا عوسمان نوێژ دەکات عەبدوڵلای کوڕی مەسعود دەچێت لەگەڵی نوێژەکان بەجەماعەت دەکات، کاتێك لێی دەپرسن دەڵێن: تۆ پێت وایە کە دەبێت نوێژ کورت بکرێتەوە ئەی بۆ چی دەچیت لەگەڵ عوسمان بە جەماعەت و بەتەواوی دەیکەیت، لەوەڵامدا دەڵێت: (الخلاف شر)[1]. واتە: ناکۆکی خراپە وباش نیە.

٢- حەسەن و حسێن کە کچەزای پێغەمبەر بوون ﷺ لە دوای مەروانی کوڕی حەکەمەوە نوێژیان دەکرد وە عەبدوڵلای کوڕی عومەر لە دوای حەجاجەوە نوێژی دەکرد، کە لێیان دەپرسین بۆ نوێژ لە دوای ئەوانەوە دەکەن دەیانگوت: ئەگەر ئێمە لەدوایانەوە نوێژ نەکەین خەڵکیش چاو لەئێمە دەکەن و لەدوایانەوە نوێژ ناکەن بەمەیش یەکڕیزی نێوان موسوڵمانان پەرت دەبێت و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە[2].

٣- پیاوێك بە پێشەوا مالیك دەڵێت: هەندێك مەلا و پێشەوامان هەن بۆچوونیان دەربارەی سوجدەی سەهو جیاوازە لە بۆچوونی تۆ، ئەوان پێیان وایە سوجدەی سەهو دوای سەلام دانەوەیە و کاتێك یەکێکیان هەڵەیەك دەکات لەنوێژەکەیدا، لە لای ئێمە وایە کە دەبێت سوجدەی ئەو سەهوە پێش سەلام دانەوە بێت، کەچی ئیمام پێی وایە کە دەبێت پاش سەلام دانەوە بێت و پاش سەلام دانەوەیش سوجدەمان پێ دەبات؟

---

١ - أبو داود، سنن أبي داود، ج٢، كتاب (١١) المناسك، باب (٧٧) الصلاة بمنى، رقم الحديث (١٩٦٢)، ص١٤٥، وصححه الألباني.

٢ - إبن قدامة، المغني، ج٢، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٤٠٥، ص٢٢.

پێشەوا مالیك لەوەڵامدا پێی فەرمووە: (اتبعوه فإن الخلاف أشر)[١]. واتا: ئەو چۆن دەکات وا بکەن؛ چونکە دووبەرەکی و پەرتەوازەیی کارێکی خراپە.

٤- قاضی عیاض لەو بارەیەوە دەڵێت: (وَالْأُلْفَةَ إِحْدَى فَرَائِضِ الدِّينِ، وَأَرْكَانِ الشَّرِيعَةِ)[٢]. واتە: تەبایی نێوان موسڵمانان یەکێکە لە فەرزەکانی ئاین و بنەماکانی شەریعەت.

٥- ئیبن تەیمیەیش دەڵێت: (ويستحب للرجل أن يقصد إلى تأليف القلوب بترك هذه المستحبات؛ لأن مصلحة التأليف في الدين أعظم من مصحلة فعل مثل هذا)[٣]. واتە: وا باشترە مرۆڤ واز لە هەندێك کاری خوازراو و سوننەت بهێنێت لە پێناو ئەوەی ئاشتەوایی و تەبایی بخاتە نێوان دڵەکانەوە؛ چونکە بەرژەوەندی تەبایی و برایەتی لە ئیسلامدا گەورەتر و لەپێشترە لەکردنی ئەو سوننەتانە.

لێرەدا ئیبن تەیمییە نموونە بەوە دێنێتەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە پاش ئازادکردنی شاری مەککە پێی خۆش بوو کەعبە تێك بدات و لەسەر ئەو شێوازە دروستی بکاتەوە، کە کاتی خۆی ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامی خوایان لێبێت دروستیان کردبوو، وە ئەو زیادە دیوارەی کە هەیە بیخاتەوە سەر کەعبە و دەرگاکانی کەعبە کە قیبلەیە بیکاتەوە بە دووان، بەڵام ئەمەی نەکرد و کاتێکیش هۆکارەکەی بۆ خاتوو عائیشە ڕوون دەکاتەوە پێی دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَيْ أَنَّ قَوْمَكِ لَمَّا بَنَوْا الْكَعْبَةَ اقْتَصَرُوا عَنْ قَوَاعِدِ إِبْرَاهِيمَ﴾. فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَلَا تَرُدُّهَا عَلَى قَوَاعِدِ إِبْرَاهِيمَ؟. قَالَ: ﴿لَوْلَا حِدْثَانُ قَوْمِكِ بِالْكُفْرِ لَفَعَلْتُ﴾[٤]. واتە: نەتبینیوە خزمەکانت - قورەیش و خەڵکی مەککە- کە کە عبەیان دروستکردۆتەوە لەبەر کەم دەرامەتی[٥] بەکەموکورتی دروستیان کردۆتەوە

---

١ - مالك بن أنس، المدونة الكبرى، ج١، مطبعة السعادة، مصر، ص١٣٨.

٢ - عبد الرؤوف المناوي، فيض القدير شرح الجامع الصغير، ج١، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، ط١/١٣٥٦.

٣ - إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٢٢، ط٣، ٢٠٠٥، دار الوفاء، تحقيق: أنور الباز، عامر الجزار، ص٤٠٧.

٤ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢، كتاب (٣٢) الحج، باب (٤١) فضل مكة وبنيانها، رقم الحديث (١٥٠٦)، ص٥٧٣. مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٦) الحج، باب (٦٩) نقض الكعبة وبنائها، رقم الحديث (٣٣٠٦)، ص٩٧، واللفظ للبخاري.

٤- ئەوە بوو لافاوێك لەمەككەدا ڕوویدا و کەعبەی ڕووخاند و دواتر خەڵکی مەککە دروستیان کردەوە. هەرچەندە قورەیش زۆر دەوڵەمەندی گەورەیان هەبوو؛ بەڵام بڕیاریاندابوو کە تەنها پارەی حەڵاڵ لەدروستکردنەوەی کەعبەدا بەکار بهێنن و پارەی سوو وستەم و دزی و لەشفرۆشی و داگیرکردنی تێدا بەکار نەهێنن، دیارە سەرچاوەی زۆربەی پارەکانیشیان لەو بابەتانەوە بووە و پارەی حەڵاڵیان کەم بووە و هەر بەشی ئەوەندەی کردووە.

و نەیانخستۆتەوە سەر ئەو بنەمایانەی کە کاتی خۆی ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت لەسەری دروستکردبوو. خاتوو عائیشە دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەی بۆ تێکی نادەیت و نایخەیتەوە سەر بنەماکانی ئیبراهیم؟ لەوەڵامدا دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی خزمەکانت تازە موسوڵمان بوون و لەوانەیە شتێك لەدڵیاندا دروست بێت ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە دەمکرد.

کەواتە کەعبە بەو هەموو گرنگی و پیرۆزییەی کە هەیەتی کە قیبلە و ڕووگەی موسوڵمانانە، پێغەمبەری خودا ﷺ دەستکاری ناکات و ڕاستی ناکاتەوە بەخاتری ئەوەی کە نەوەك خەڵکانێکی تازە موسوڵمان شتێکیان لەدڵدا دروست بێت، کە چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ کەعبە دەڕوخێنێت و تێکی دەدات؛ بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ بەرژەوەندی تەبایی و یەکڕیزی و دروست نەکردنی ئاڵۆزی بۆ خەڵکانێکی لەو جۆرە بەگەورەتر دەزانێت لە ڕاستکردنەوە و چاکردنەوەی کەعبە و ماڵی خوای پەروەردگار.

٦- ئیبن تەیمیە هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: (إذا تعذر إقامة الواجبات من العلم والجهاد وغير ذلك إلا بمن فيه بدعة مضرتها دون مضرة ترك ذلك الواجب، كان تحصيل مصلحة الواجب مع مفسدة مرجوحة معه خيرا من العكس)[1]. واتە: ئەگەر کۆمەڵێك ئەرك و کاری شەرعی هەبوو هەبوو لە نموونەی وەرگرتن و دانەوەی زانستی شەرعی و جیهاد کردن و هاوشێوەکانیان بەبێ کۆمەکی خەڵکانێکی بیدعەچی و لادەر جێبەجێ نەدەکران و زیانی بیدعەکەی ئەوان لەزیانی وازلێهێنانی ئەرکە شەرعییەکە کەمتر بوو، ئەو کات بەرژەوەندی جێبەجێکردنی ئەرکە شەرعییەکە باشترە و لەپێشترە لەو زیانە کەمەی کە بەهۆی بیدعەکەی ئەو خەڵکانەوە دروست دەبێت..

ئەم قسەیەی شەیخ لئیسلام وەڵامی زۆرێك لەو پرسیار و گومانانە دەداتەوە کە ئەمڕۆ لەسەر گروپ و لایەنە ئیسلامییەکان دروست دەکرێن، کە ئایا کۆمەکی کردن و دەستباری کردنیان تاچەند شەرعی بێت؟ لەکاتێکدا ئەوان بەشایەتی دۆست و دوژمن بێ هەڵە و پەڵە نین؛ بەڵام ئەگەر ئەو هەڵە و پەڵانە بەراورد بکەین بەو ئەرکە پیرۆز و گەورانەی کە ئەوان جێبەجێی دەکەن، پێم وایە بەراورد ناکرێن، هەر بۆ نموونە ئەو هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە لە بینراو و بستراو و خوێندراو کە بەردەوام

---

١ - إبن تيمية ، مجموع الفتاوى، ج٢٨، ص٢١٢.

لەخزمەت کاری بانگەوازدایە، ئەو هەموو داکۆکی کردنە لەشەرعی خوا لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، ئەو هەموو وانە و گووتارە تایبەت و گشتییانەی کە دەیدەن بەگوێی خەڵکدا، ئەو چەتری خواناسیەی کە هەزارەها خەڵکی داڵدە داوە و لەخراپە و بەدخووی دووری خستۆتەوە، ئەو هۆشیارییە ئیسلامییە هەمە لایەنەی کە بەناو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە، ئەمانە هیچی بەتاکی موسوڵمان ناکرێت و ئەگەر ئەوانیش پێی هەڵنەسن کەس نابێت جێیان بگرێتەوە.

کەواتە بەو هەموو هەڵە و کەموکوتیانەیش کە هەیانە هەر بوونیان باشترە و ئەرکی موسوڵمانانیش ئەوەیە بەپێی توانا هاوکاری و کۆمەکیان بکەن، تا ئەوانیش زیاتر بتوانن لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن و بە ئەرکە ئیسلامی و شەرعییەکانیان هەستن، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە چاو لە هەڵە و لادانەکانیان بپۆشین؛ بەڵکو پێویستە بەپێی توانا هەوڵی چارەسەرکردن و ڕاستکردنەوەیان بدەین و لەم لایەنەیشەوە ئەرکی شەرعی خۆمان بەرامبەریان جێبەجێ بکەین و ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودایان ﷺ لەگەڵ جێبەجێ بکەین کە دەفەرموێت: ﴿الدِّينُ النَّصِيحَةُ﴾. قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: ﴿لِلَّهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ، وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ، وَعَامَّتِهِمْ﴾[1]. واتە: ئاینی پیرۆزی ئیسلام بریتییە لە ئامۆژگاری. گوتیان: بۆ کێ؟. فەرمووی: بۆ خوای پەروەردگار و قورئانەکەی و پێغەمبەرەکەی ﷺ - بە پابەندبوون بەفەرمان و ڕێنماییەکانیانەوە- و پێشەوای موسوڵمانان و گشت موسوڵمانان- بەپشتیوانیکردنیان لەسەر کاری چاکە و ڕێگەلێگرتنیان لەکاری خراپە؛ بۆیە ئامۆژگاری کردنی خەڵکانی موسوڵمان و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان بەشێکی سەرەکییە لە ئاین و پەیامەکەی ئێمە و جێبەجێکردنی ئەرکی برایەتی و باوەڕداریشە بەرامبەر بەیەکتر.

٧- دەگێڕنەوە جارێکیان لەمیسر لەمانگی ڕەمەزاندا موسوڵمانانی مزگەوتێك ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە لەسەر نوێژی تەراویح کە ئایا چەند ڕکعات بکەن، هەشت بکەن یان بیست ویەك، کە بەداخەوە تا ئێستایش ئەم کێشەیە لە

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (٤٠) الدين النصحية لله، ولرسوله ﷺ، ولأئمة المسلمين، وعامتهم، رقم الحديث (٥٧)، ص٣١. مسلم، صحيح مسلم، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (٢٥) بيان أن الدين النصيحة، رقم الحديث (٢٠٥)، ص٥٣، و اللفظ لمسلم.

مزگەوتەکانی ئێمەدا بەردەوامە، دیارە پێشەوا حەسەن بەننایش لەوێ دەبێت و دەڵێت: کلیلی مزگەوتەکەم بدەنێ مزگەوتەکە دادەخەم، خەڵکەکەیش پێیان سەیر دەبێت و دەڵێن: چۆن؟! ئەی نوێژ نەکەین لە مزگەوتدا؟ ئەی ئەم عیبادەتە گەورەیە لە مزگەوت دا نەکرێت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: پاراستنی یەکرِیزی نێوان موسوڵمانان فەرزە و نوێژی تەراویح سوننەتە، جا ئەگەر سوننەتێك ببێتە مایەی ئەوەی کە فەرزێك لە دەست بدات ئەو سوننەتە نەکرێت باشترە.

بەرِێزان ئێمە خەڵکی وامان هەیە کە دێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت لە سەر تەسبیحاتێك، یان نزایەك، یان لەسەر شتێکی زۆر سادە کە لەوانەیە لەشەرعدا هەر بوونی نەبێت و زیاد کراو بێت، کێشەیەکی گەورە دروست دەکات و ئارامی مزگەوتەکە و یەکرِیزی موسوڵمانان تێك دەدات، من بە خوا سوێند دەخۆم ئەو کەسە لەماڵەکەی خۆیدا نوێژەکەی بکات باشترە و خێری زیاترە؛ چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: ﴿مَنْ أَكَلَ الثُّومَ أَوْ الْبَصَلَ مِنَ الْجُوعِ أَوْ غَيْرِهِ فَلَا يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا﴾[1]. واتە: هەرکەس سیر یان پیازی خوارد لەبرسان یان لەبەر هەر هۆیەکی تر با نزیکی مزگەوتی ئێمە نەکەوێت. لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی موسوڵمانان بە بۆنەکەی بێزار دەبن، جا ئایا بۆنی سیر وپیاز نارِەحەتە یان دەنگ بەرز کردنەوە و قسەی نابەجێ، بەدڵنیاییەوە بۆنی سیر وپیازەکە کێشەی کەمترە.

ئەرِۆیتە مزگەوت پێت وایە تەسبیحات سوننەتە بۆ خۆتی بکە و کەشی پەرستن لە خەڵکانی تر تێك مەدە، پێت وایە بیدعەیە بۆ خۆت مەیکە، ئەگەر فەرمودەیەك یان قسەیەکی خێرت پێیە بە ئاژاوە و دەنگە دەنگ کەس لێت وەرناگرێت؛ بەڵکو بە لەسەر خۆیی و بەو پەرِی ئەدەبەوە دەتوانیت پەیامی خۆت بگەیەنیت و ئامۆژگاری خەڵك بکەیت، ئەگەر لێیان وەرگرتیت ئەوە باشە، ئەگەر نا تۆ ئەرکی خۆتت جێبەجێ کردوە و ئەنجامەکەی بەرە دەست خوای گەورە.

لە کۆتا تەوەرەی ئەم باسەدا پێم خۆشە ئاماژەیەك بە پەیامی پەرستش و ئەرکە شەرعییەکان بدەین لە ئیسلامدا کە تا چەند ئەوانیش دەبنە هەوێنی ئەو برایەتی و یەکرِیزیە و تا چەند خزمەت بە بابەتی باسەکەمان دەکەن:

---

١

بەڕێزان: ئێمە کاتێك نوێژ دەکەین پێویستە بزانین پەیامی نوێژ بۆ ئێمە چییە؟ نوێژ چیمان فێر دەکات؟. نوێژ فێری یەك ڕیزی و یەك ئامانجی و یەك درووشمیمان دەکات، فێری ئەوەمان دەکات ڕۆژانە پێنج جار لەمزگەوتێکدا پێکەوە کۆببینەوە و ئاگامان لەخۆشی و ناخۆشی یەکتر بێت؛ بەڵام ئێمە بەداخەوە ئەوەندەی گرنگی بەشێوازی دەست دانان و جوڵەی پەنجە دەدەین لە نوێژدا نیو ئەوەندە گرنگی بەدروستکردنی کەشی برایەتی و تەبایی نادەین و لەسەر شتی زۆر بچووك دڵی دەیەها موسوڵمان لەخۆمان دەکەین و ئاژاوە دروست دەکەین، لەکاتێکدا مزگەوت ماڵی خوایە و پێویستە لە هەموو کار و ئاکارێکی نابەجێ و نەخوازراو، لە هەموو خواست و بەرژەوەندییەکی دونیایی بەرتەسك، لە هەموو ململانێیەکی هزری و سیاسی  بەدوور بگیرێت.

زەکاتیش هەر وایە ناکرێت وەکو باجێکی دارایی سەیر بکرێت، خەڵکانی موسوڵمان بەنابەدڵی زەکاتی ماڵەکانیان دەربکەن و بەچاوی باجگر و مشەخۆر سەیری ئەو برا هەژارانەیان بکەن کە هاوکاریان دەکەن؛ بەڵکو ئامانجی سەرەکی زەکاتدان بریتییە لە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و پاشان پاکردنەوەی ئەو سامانە لە مافی خەڵکانی تر و دەستگیرۆیی کردنی خەڵکانی هەژار و نەدار و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان و بنبڕکردن و کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی لە نێوان خەڵکانی دەوڵەمەند و هەژاردا و بەم شێوەیەیش خۆشەویستی و هاوسۆزی لەنێوان چینی هەژار و دەوڵەمەندا دروست دەبێت.

ڕۆژوویش بەڕێزان بەهەمان شێوەیە تەنها ناکرێت وەکو سزایەکی جەستەیی، یان ڕێجیمێکی پزیشکی بۆ باشتر کردنی باری تەندروستی مرۆڤەکان سەیر بکرێت؛ بەڵکو پەیامی ڕۆژو پاش جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە بریتییە لە بەئاگا هێنانەوەی مرۆڤە دەوڵەمەندەکان لە ئەندێشەی خەڵکانی هەژار و برسی و ڕاهێنانی مرۆڤەکانە لەسەر خۆ گرتنەوە لەهەموو کارێکی حەرام و نەشیاو.

ئەمانە و چەندین وانەی تر پەیامی ڕۆژوون و هەموو پەرستشەکانی تریش هەر بەم شێوەیەن و پێویستە مرۆڤ سوود و وانەیان لێ وەربگرێت و تەنها سەیری ڕواڵەت و لایەنە جەستەییەکانی نەکات؛ بەڵکو لە پەیام و ئامانجەکانی ڕابمێنێت و لێی

بەهرەمەند بێت و شان بەشانی لایەنە جەستەییەکەی گۆڕانکاری دەروونیشی تێدا دروست بکات.

ئەمانە سەبارەت بە پەرستش و واجباتەکان سەبارەت بە شتە یاساغ و قەدەغەکراوەکانیش ئەگەر بەوردی سەرنجیان بدەین هەر بۆ ئەو مەبەستەیە کە بەرژەوەندی سەرجەمی مرۆڤەکان پارێزراو بێت و کەس بەشێوەیەکی نارەوا مافی کەسی تر نەخوات و پێشێلی نەکات و بشێوی و ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێو خەڵکیدا دروست نەکات، وە سەرجەمی ئەو حەرامانەی کە پەیوەندی بەنێوانی مرۆڤەکانەوە هەیە لەم بازنەیەدا دەسوڕێنەوە، بۆ نموونە پیاوکوشتن بۆ حەرامە؟؛ چونکە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر ژیان و نەفسی خەڵکی. زینا بۆ حەرامە؟؛ چونکە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر ناموسی خەڵکی. دزی بۆ حەرامە؟؛ چونکە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر ماڵی خەڵکی. بەهەمان شێوە بوختان و غەیبەت و درۆ هتد؛ هۆکاری حەرام بوونیان ئەوەیە کە سنووربەزاندن و پێشێلکردنی مافی خەڵکی تری تێدایە لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە.

# باسی حەوتەم
## دوو هەڵوێستە و سەرنج

لەم باسەدا دەچینە خزمەت ڕاڤەكردنی هەندێك دەقی گرنگ كە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەباتەكەمانەوە هەیە و جەخت لەسەر هەمان مەبەستی فەرموودەكانی تر دەكاتەوە؛ بەڵام بەداخەوە هەندێك جار ڕاڤەی جیاوازیان بۆ دەكرێت و واتەكانیان دەشێوێنرێت؛ بۆیە بە پێویستم زانی لێرەدا قسەیان لەسەر بكەین و بۆچوونی دروستیان لەبارەوە بخەینە ڕوو، هەر بۆ نموونەیش تەنها قسە لەسەر دووان لەو دەقانە دەكەین كە بریتین لە:

یەكەم: خوای گەورە لە ئایەتێكی قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾[(١)]. واتە: ئەگەر خوای پەروەردگار خۆی بیویستایە خەڵكی لەسەر یەك ئاین و یەك بەرنامە درست دەكرد و كۆ دەكردەوە؛ بەڵام ویستی خوا وایە كە خەڵكی ئازاد بێت لە بڕیاردان و هەڵبژاردندا و ئەمەیش وا دەكات كە بەردەوام خەڵكی بە پێی ئارەزووەكانیان ڕێچكە و ڕێبازی جیاواز هەڵبژێرن، مەگەر خەڵكانێك نەبێت كە خوای پەروەردگار بەبەزەیی و میهرەبانی خۆی ڕێنمویی كردوون و هیدایەتی داون بۆ ڕێگەی ڕاست و هەر بۆ ئەم مەبەستەیش دروستی كردوون.

ئەم ئایەتە باس لە چەمكێكی گرنگی بیروباوەڕ دەكات كە چەمكی خواست و ویستەكانی خوای گەورەیە، جا بەر لەوەی قسە لەسەر حوكمی ئایەتەكە بكەین، پێم خۆشە قسەیەك لەسەر ئەو بابەتە بكەین، تا لە تێگەیشتنی ئایەتەكەدا نەكەوینە هەڵەوە.

خۆشەویستان خوای گەورە دوو جۆر خواست و ویستی هەیە كە پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی مرۆڤەكانەوە:

١- ویستێكیان پێی دەگوترێت گەردوونی و قەدەری: خوای گەورە لە جێبەجێكردنی ئەم ویستەیدا پرس بەكەس ناكات و گوێ بەڕەزامەندی یان

---

١ - سورة هود: الآيتان (١١٨- ١١٩).

بەرژەوەندی بەندەکانی نادات و ویستی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، وەکو بەڕێوەبردنی جوڵەی گەردوون و هاتنی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ و باران بارین و دروستکرنی مرۆڤەکان و دیاری کردنی نەتەوە و تەمەن و ڕەگەزیان و ڕێژەی جوانی و ناشیرینیان و سەرجەم ئەو شتانەی تر کە مرۆڤ دەستی لە بڕاردەکردنیاندا نییە و سەرەنجام لێیشیان بەرپرسیار نییە، بۆ نموونە خوای گەورە لێپیچینەوە لە گەڵ هیچ بەندەیەکی ناکات کە بۆ کورد بووە یان عەرەب، زۆر ژیاوە یان کەم، جوان بووە یان ناشرین، نێر بووە یان مێ؛ چونکە ئەمانە بە ویستی خوای گەورە خۆی بوو و تەنها ئەویش لێی بەرپرسیارە.

٢- لەبەرامبەر ئەم ویستەیدا خوای گەورە ویستێکی تری هەیە پێی دەگوترێت شەرعی داواکراو: لەم ویستەیدا خوای گەورە کاتێك حەز بەکردنی کارێك دەکات، بڕیاری لەبارەوە دەدات؛ بەڵام خۆی جێبەجێی ناکات و بەزۆریش بەکەسی ناکات، بەڵکو داوا لەمرۆڤەکان دەکات ئەوان ئەنجامی بدەن و توانستی زانستی و جەستەییشیان بۆ کردن یان نەکردنی کارەکە پێ دەبەخشێت و بڕیاری کۆتایی بۆ خۆیان جێ دەهێڵێت و دواتریش لەسەر ورد و درشتی ئەو فەرمانانە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات و لەسەر گوێڕایەڵییان پاداشتیان دەداتەوە و لەسەر یاخیبوونیشیان سزایان دەدات. وەکو: نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج، فەرمان کردن بەچاکە ڕێگە گرتن لەخراپە، واز هێنان لە درۆ، دزی، دەستپیسی، داوێنپیسی، هتد،

کەواتە ئەگەر خوای گەورە خۆی بیویستایە هیدایەتی هەموو خەڵکی دەدا و هەموویان شوێن ئاینی ڕاست دەکەوتن؛ بەڵام خوای گەورە نایەوێت ئەمە بکات؛ چونکە ئەو کات هەموو خەڵکی هاوشێوەی فریشتەکان دەبوون و جگە لەخواناسی توانای کارێکی تریان نەدەبوو، وە پێوەرێکیش بۆ جیاکردنەوەی باش و خراپەکان و بەها و واتایەك بۆ بوونی سزا و پاداشت و بەهەشت و دۆزەخ نەدەمایەوە؛ بۆیە دەیەوێت خەڵك بەژیری خۆیان و لە ڕێی کاراکردنی عەقڵیانەوە بگەنە ئەو ڕاستییە و خۆیان بەتەنگ چارەنووسی خۆیانەوە بێن و هەوڵی بۆ بدەن و ئەوکات هەر کەسە و لەسەر هەوڵ و ماندووبوونی خۆی پاداشت یان سزا وەردەگرێت.

بۆیە کاتێك خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً﴾. دەبێت ئێمەی بڕوادار لەوە تێبگەین کە ئەم ویستەی خوای گەورە لەبەشی ویست و خواستە شەرعییەکانە نەك خواستە گەردوونی و قەدەرییەکان، واتە: هەرچەندە خوا ویستی وایە کە مرۆڤەکان یەك ڕیز و یەك ڕابن لەسەر ڕاستە شەقامەکەی ئاینی ئیسلام؛ بەڵام ئەم خواستەی خۆی بەسەر خەڵکیدا نەسەپاندوە؛ بەڵکو داوای کردوە مرۆڤەکان جێبەجێی بکەن؛ بەڵام بەداخەوە وەك سەرجەم فەرمانەکانی تری خوای گەورە زۆرێك لەمرۆڤەکان پێوەی پابەند نابن و جێبەجێی ناکەن.

هەر بۆیە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك ئەم ئایەتە بکرێتە بەڵگە بۆ قوڵکردنەوەی زامی پەرتبوون و پاساوی لێکترازان و بڵێین ویستی خوا وایە کە ئێمە دەبێت تا قیامەت هەر وابین، هەرکەسیش ئەم ئایەتە وا ڕاڤە بکات ئەوە کات نابێت لۆمەی خەڵکانی بێباوەڕ و خوانەناسیش بکات؛ چونکە بەهەمان شێوەی ئەم ئایەتە خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی تردا دەفەرمویێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً﴾[١]. واتە: ئەگەر خوا بیویستایە هەرچی لەسەر زەویدا هەیە باوەڕیان دەهێنا. یان دەفەرمویێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكُوا﴾[٢]. واتە: ئەگەر خوا خۆی بیویستایە بێباوەڕان هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدەدا و یەکتاپەرست دەبوون. یان دفەرمویێت: ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا﴾[٣]. واتە: ئەگەر بمانویستایە هەموو کەسێکمان هیدایەت دەدا و دەمانخستە سەر ڕێی ڕاست؛ جا چۆن ناکرێت ئەم ئایەتانە بکرێنە بەڵگە و پاساوی بێ باوەڕی خەڵکانی بێ باوەڕ، بەهەمان شێوە ناکرێت ئایەتی پێشوو تریش بکرێتە بەڵگە و پاساوی پەرت بوونی موسوڵمانان و لێك ترازانیان لەیەکتر.

دواتریش بەڕێزان: ئەگەر ئێمە بڵێین خوا خۆی دەیەوێت ئێمە پەرت بین و یەك ڕیز نەبین، ئەی باشە چی لەو هەموو دەقانە بکەین کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانی بەیەك ڕیزی و برایەتی تێدا دەکەن؟! ئایا دەکرێت خوا خۆی ئەم پەرت بوونەی بەسەر ئێمەدا سەپاندبێت و لەو لایشەوە داوای برایەتی و

---

١ - سورة يونس: الآية (٩٩).

٢ - سورة الأنعام: الآية (١٠٨).

٣ - سورة السجدة: الآية: (١٣).

یەکڕیزی لەئێمە بکات؟! ئایا ئێمە لەتواناماندا هەیە بەپێچەوانەی وویستی ئەووەوە کاربکەین؟! ئایا ئەمە تەکلیفی مەحالْ نییە؟!..

هەربۆیە پێویستە وا لە ئایەتەکە بگەین: کە خوای گەورە سەرەڕای ئەوەی داوای لە سەرجەم گرۆهی ئادەمیزاد کردوە کە شوێن ئاینی ئیسلام و پەیامی دوایین پەیامبەری ئەو بکەون و یەك ڕیز و یەك ڕابن لەسەر ئەم پەیامە؛ بەلاّم سەرەڕای داواکەی خوای گەورەیش خەلْکی بەردەوام بە هۆکاری جیاواز پەرت و لاڕێ دەبن و لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن، مەگەر ئەوانە نەبێت کە خوای گەورە خۆی بە بەزەیی خۆی هیدایەتی داون و یەکڕیز و تەبای کردوون لەسەر پەیامی خواناسی.

دواتر خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾. واتە: خوای گەورە بۆ ئەوە دروستی کردون، جا لێرەدا زانایان سێ بۆچوونیان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو ئاماژەیە لە ئایەتەکەدا بۆ چی دەگەڕێتەوە و خوای گەورە مرۆڤەکانی بۆچی دروست کردوون:

-هەندێك پێیان وایە کە ئەو ئاماژەیە بۆ: ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾. دەگەڕێتەوە، واتە خوای گەورە بۆ ئەوە دروستی کردون کە بەردەوام پەرت و جیاواز بن و وەکو پێشتر باسمان کرد ئەم بۆچونە دوورە لە ڕاستی و ڕۆحی ئیسلام و دەقە شەرعییەکانەوە.

- هەندێکی تر دەلْێن کە ئەو ئاماژەیە بۆ: ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾. دەگەڕێتەوە، واتە: خوای گەورە بۆ ئەوە دروستی کردوون کە تەبا و یەکڕیز بن تا شایەنی ئەوەبن کە خوای گەورە بەزەیی پێیاندا بێتەوە.

- زۆرینەی زانایانیش لەسەر ئەوەن کە ئەو ئاماژەیە بۆ هەردوو بڕگەکە دەگەڕێتەوە واتا بۆ: ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾. و ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾. یش دەگەڕێتەوە[(١)].

---

١ - بۆ زیاتر بەئاگابوون لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: الطبري (محمد بن جرير بن يزيد)، تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل القرآن)، ج١٥، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ٢٠٠٠، تحقيق: أحمد محمد شاكر، ص٥٣١-٥٣٨. الرازي - تفسير الرازي، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٠، ص٢٤٨٥-٢٤٨٧. الثعلبي (أحمد بن محمد بن إبراهيم)، الكشف والبيان، ج٥، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط، ٢٠٠٢، تحقيق: محمد بن عاشور، ص١٩٤-١٩٥. الماوردي (علي بن محمد بن حبيب)، تفسير الماوردي (النكت والعيون)، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، تحقيق: السيد بن عبد المقصود عبد الرحيم، ص٥١١-٥١٢.

ئەم بۆچوونەیش لە بۆچوونەکانی تر پەسەند ترە و واتاکەی ئەوە دەگرێتەوە: کە خوای گەورە لەگەڵ ئەوەی داوای لێکردووین کە یەکڕیز و تەبا بین لەسەر ئاینی ئیسلام، بەڵام ئەم ویستەی نەکردۆتە ویستێکی قەدەری و بەزۆر نەیسەپاندووە بەسەرماندا، بەڵکو کردویەتی بە ویستێکی شەرعی و خۆمانی ڕاسپاردووە جێبەجێی بکەین؛ بۆیە ئەم ئەرکەیش وەك هەر فەرمانێکی شەرعی تری خوای گەورە خەڵکانێك هەن بەردەوام لێی لادەدەن و لاڕێ دەکەون، مەگەر خەڵکانێك نەبێت کە خۆی بەبەزەی و میهرەبانی خۆی هیدایەتی داون، خوای گەورەیش بۆیە دروستی کردوون تا ئەم دووبەرەیە لێك جیا ببێتەوە و روون ببێتەوە کە کێ بەدەم خواستەکەی خواوە دێت و شوێن پەیامی ڕاستی دەکەوێت و کێیش شوێنی حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەکەوێت.

بەڵام مەخابن ئێستا هەندێك خەڵکی موسوڵمان ئەم ئایەتە دەکاتە بەڵگە و پاساو بۆ ئەم جیاوازی و دووبەرەکییەی کە ئەمڕۆ لە نێوان موسوڵماناندا هەیە و بەشێوەیەك ئەم پەرتەوازەیی و ناکۆکییە دەڕازێنێتەوە و شەرعییەت پێ دەدات وەك ئەوەی خوای گەورە فەرمانی کردبێت کە دەبێت وابین، دیارە ئەم جۆرە ڕاڤەکردنەیش لە زۆر ڕووەوە مەترسیدارە، لەوانە:

- دەبێتە مایەی وەلاخستنی هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە فەرمان بەیەکڕیزی و یەکگرتن دەکات و نەهی لە پەرتەوازەبوون و بشێوی دەکات.

- وا لە خەڵکانی ناو ڕابوونی ئیسلامی دەکات کە ئەم حاڵەتی ناکۆکی و پەرتەوازەییەیان پێ ئاسایی بێت و شەرعییەتی پێ بدەن و هەرکەس هەستێت بۆ خۆی دەستە و کۆمەڵێك جیا بکاتەوە و ناوێك لەخۆی بنێت و بەمەیش هێز و وزەی موسوڵمانان تەواو لاواز دەبێت.

- هەموو هەوڵێکی نزیك بوونەوە و یەکگرتنی نێوان موسوڵمانان لەگۆڕ دەنێت، و واقیعێکی وا دروست دەکات کەهیچ کەس هەوڵی برایەتی و یەکڕیزی نەدات، و هەرکەس هەوڵ بۆ لایەنی خۆی بدات و بەباڵایدا هەڵبدات.

کەواتە بەڕێزان: پێویستە هەموو لایەکمان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابین کە ڕۆحی برایەتی و زمانی لەیەك گەیشتن لەنێوانماندا قوڵ بکەینەوە و بەئەرکێکی

شەرعی ئەژماری بکەین و هەرگیز و لە ژێر هیچ پەردە و پاساوێکدا هەوڵ نەدەین شەرعییەت بەم ناکۆکییەی ئەمرۆمان بدەین؛ چونکە ئێمە کە یەك خوا و یەك پەیامبەر و یەك پەیام و یەك ڕووگە و یەك ئامانجمان هەبێت، بۆچی تەنها شێوازی کارکردنمان بکەینە پاساوی لێك دابڕان و پەرتبوونمان، کە زۆر جار ئەم پەرتبوونە سەری بۆ بشێوی و ناتەبایی کێشاوە و خەڵکانێکی کاڵفام یان بەدنیاز یان خاوەن بەرژەوەندی تایبەت بەو ئاراستەیەیاندا بردوە و دەرەنجامی خراپی لێ کەوتۆتەوە.

دووەم: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: ﴿افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً، وَتَفَرَّقَتِ النَّصَارَى عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً[١]، وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً﴾[٢]. فِرْقَةً﴾[٢]. وە لەهەندێك ڕیوایەتی تردا هاتووە: ﴿كُلُّهُمْ فِي النَّارِ إِلَّاوَاحِدَةً﴾. قَالُوا: وَمَا هِيَ تِلْكَ الْفُرْقَةُ؟ قَالَ: ﴿مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي﴾[٣]. واتە: جولەکەکان دابەش بوون بەسەر حەفتا و یەك یان حەفتاو دوو دەستە و کۆمەڵەدا، گاورەکانیش- مەسیحیەکان- دابەش بوون بەسەر حەفتا و یەك یان حەفتاو دوو دەستە و کۆمەڵەدا، وە ئوممەت و شوێنکەوتوانی منیش دابەش دەبن بە سەر حەفتا و سێ دەستە و کۆمەڵەدا. - فەرموودەکە هەتا ئێرە هیچ گرفتی نییە- بەڵام لەهەندێك ڕیوایەتی تردا هاتووە کە:

---

١ - ئەو کەسەی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە بە گومانە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەهودییەکانی فەرمووە حەفتا و یەك بەش و بەنەصاراکانی فەرمووە حەفتا و دووبەش یان بەپێچەوانەوە، بۆیە هەدوو ڕیوایەتەکە باس دەکات.

٢ - إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج١٤، كتاب (٦٠) التأريخ، باب (١) بدء الخلق، رقم الحديث (٦٢٤٧)، ص١٤٠، قال شعيب الأرنؤوط: حديث حسن. أبو داود، سنن أبي داود، ج٤، كتاب (٤١) السنة، باب (١) شرح السنة، رقم الحديث (٤٥٩٨)، ص٣٢٣. إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج٢، كتاب (٣٦) الفتن، باب (١٧) إفتراق الأمم، رقم الحديث (٣٩٩١)، ص١٣٢١. و قال الألباني: حديث حسن صحيح.

٣ - ئەم بەشەی کۆتایی فەرموودەکە لە هەندێك ڕیوایەت و سەرچاوەی جیاواز لە سەرچاوەکانی فەرموودەی پێشوودا هاتووە لەوانە: الطبراني (سليمان بن أحمد بن أيوب)، المعجم الصغير، ج٢، باب من اسمه عيسى، المكتب الإسلامي، بيروت، دار عمار، عمان، ط١، ١٩٨٥، رقم الحديث(٧٢٤)، تحقيق: محمد شاكر، ص٣٠. وقد ضعف الشيخ الألباني هذه الرواية في: التبريزي (محمد بن عبد الله الخطيب)، مشكاة المصابيح، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٩٨٥، رقم الحديث (١٧١). تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني: وقال في تحقيقها: ضعيف. ثم عاد وحسنها في تحقيقه لسنن الترمذي: الترمذي، سنن الترمذي، ج٥، كتاب (٤١) الإيمان، باب (١٨) ما جاء في افتراق الأمة، رقم الحديث(٢٦٤١). قال الترمذي: حديث مفسر غريب لا نعرفه مثل هذا إلا من هذا الوجه. وقال الألباني: حديث حسن، ص٢٦. محمود. الهيثمي (علي بن أبي بكر الهيثمي)، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، ج١، دار الفكر، بيروت، ط، ١٩٩٢، رقم الحديث (٨٩٩). وقال الهيثمي في تخريج هذه الزيادة: رواه الطبراني في الصغير، وفيه عبد الله بن سفيان. قال العقيلي: لا يتابع على حديثه هذا، وقد ذكره ابن حبان في الثقات، ص٢٣١.

هەموو ئەو دەستە و كۆمەڵانە لە ئاگردان تەنها یەكێكیان نەبێت. گوتیان: ئەو كۆمەڵە كامەیە- كە بەتەنها ئەو دەچێتە بەهەشتەوە-؟. فەرمووی: ئەوانەن كە لەسەر ئەو ڕێباز و پەیڕەوە دەمێننەوە كە ئەمڕۆ من و هاوەڵەكانمی لەسەرین.

هەرچەندە بەشی كۆتایی ئەم فەرموودەیە - كە گرفتی لەسەرە و هەندێك كەس بەهەڵە ڕاڤەی دەكەن و خەڵكی پێ چەواشە دەكەن- قسە و باسی زۆری لەسەرە و هەندێك لەزایان بەلاوازی لە قەڵەم دەدەن، تەنانەش شێخی ئەلبانیش بەلاوازی دادەنێت؛ بەلام دواتر لە تەحقیقی سونەنی ترمذیدا دەڵێت: حەسەنە.

بەهەر حاڵ باواز لەم لایەنەی فەرموودەكە بهێنین و وای دابنێین كە تەواو دروستە و لەو ڕووەوە هیچ گرفتیشی تێدا نییە؛ بەلام لە ڕووی شیكردنەوە و تێگەیشتنی واتاوە پێویستە هەندێك ڕوونكردنەوە لەسەر فەرموودەكە بخەینە ڕوو:

١- پێشەوا شاطبی لە كتێبی (إعتصام) دا دەڵێت: كاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ دەڵێت: ﴿وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً﴾. لە زمانی عەرەبیدا وشەی (فرقة) بەو كۆمەڵانە دەگوترێت كە لە بنەماكانی باوەڕدا جیاوازییان هەبێت، یان لە زۆرینەی وردەكارییەكاندا جیاوازییان هەبێت بەشێوەیەك كە ئەو وردەكاریانە ئەوەندە زۆربن وەك جیاوازی بنەڕەتییان لێبێت؛ كەواتە: ئەو دەستە و تاقمانەی كە پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەكەدا باسیان لێوە دەكات و هەڕەشەیان لێ دەكات، ئەوانەن كە لە هەندێك بنەما كە پەیوەندییان بە بیروباوەڕەوە هەیە جیاوازییان لە گەڵ ئەهلی سونەنە و جەماعەدا هەیە، وەكو خەواریج، موعتەزیلە، مورجیئە، هەندێك گروپی شیعەی توندڕەو؛ بەلام ناكرێت ئێمە ئەم فەرموودەیە بەسەر پەیڕەوانی قوتابخانە و مەزهەبە ئیسلامییەكانی وەكو حەنەفی، مالكی، شافعی، حەنبەلی، ظاهری، زەیدیدا، بسەپێنین و حوكمی ئاگریان بەسەردا بدەین؛ چونكە ئەمانە هەموویان لەسەر بنەما سەرەكییەكانی ئاین كۆكن و ئەگەر جیاوازییەكیشیان هەبێت ئەوە لەهەندێك وردەكاریی فیقهی و تێڕوانینی لاوەكیدایە و هیچی تر؛ بۆیە ناكرێت ئەمانە بە فیرەق ناو ببرێن و حوكمی فەرموودەكە هیچ كام لەمانە ناگرێتەوە.

بەهەمان شێوازی ئەم قوتابخانە فیقهیانە ئەو كۆمەڵ و لایەنە ئیسلامییانەی كە ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی ئیسلامیی كوردستان یان جیهانی ئیسلامیدا كاردەكەن ناكرێت

حوکمی ئەو فەرموودەیەیان بەسەردا بسەپێنرێت و بەو فیرەقانە پۆلێن بکرێن؛ چونکە ئەمان نەك لەبنەما ئاینییەکاندا بەڵکو لە زۆرێك لە وردەکارییە فیقهیەکانیشدا جیاوازییان نییە و تاکە جیاوازییەك کە هەیانبێت لەسەر شێوازی کارکردنە بۆ ئیسلام و گرنگیدانە بەلایەنێك کە خۆیان زیاتر بەپێویستی دەزانن بۆ ئەم قۆناغەی کۆمەڵگە، بۆ نموونە برایانی سەلەفی زیاتر گرنگی بە بابەتەکانی بیروباوەڕ دەدەن و پێیان وایە میللەتی ئێمە زیاتر لەم لایەنەوە کەم وکورتی هەیە، برایانی صۆفی تەزکیە و سلوك و لایەنی رۆحی و دەروونییان لا گرنگتر و لەپێشترە، لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان بابەتەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی و گەڕانەوەی حوکمی شەرعی خوایان پێ گرنگترە، و ئەمانیش لەشێوازی کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەسەڵاتە دید و بۆچوونی جیاوازیان هەیە؛ بەڵام هەموویان هەر لە بازنەی ئیسلامدان و ناکرێت کەسێك یان لایەنێك لەمانە ئەو مافە بەخۆی بدات کە برا و هاوڕێ و هاوخەمەکانی لە لایەنەکانی تر بخاتە ریزی ئەو دەستە و تاقمانەوە و حوکمی دۆزەخی بوونیان بەسەردا بسەپێنێت و تەنها خۆی بەبەهەشتی لە قەڵەم بدات؛ بەڵکو پشتیوان بەخوای گەورە هەموو ئەوانە پێکەوە بەو کۆمەڵە ئەژمار دەکرێن کە پێغەمبەری خودا ﷺ مژدەی بەهەشتیبوونیان پێ دەدات.

بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونەیش قسەیەکی شێخ (إبن باز) دەخەینە ڕوو کە لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی دیاریکردنی ئەو دەستەیەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ مژدەی بەهەشتیان پێ دەدات دەڵێت: (إن الفرقة الناجية: هي الجماعة المستقيمة على ما كان عليه النبي ﷺ وأصحابه من توحيد الله، وطاعة أوامره، وترك نواهيه، والاستقامة على ذلك قولا، وعملا، وعقيدة، هم أهل الحق، وهم دعاة الهدى ولو تفرقوا في البلاد...وإن كانت منهم جماعة هنا وجماعة هناك ما دام الهدف والعقيدة واحدة...وإذا تسمى بعضهم بـ: أنصار السنة، وتسمى بعضهم بـ: السلفيين، أو بالإخوان المسلمين، أو تسمى بعضهم بـ: جماعة كذا، لا يضر إذا جاء الصدق...وإذا أخطأت الجماعة في شيء فالواجب على أهل العلم تنبيهها وإرشادها إلى الحق إذا اتضح دليله)[١].

---

١ - إبن باز (عبد العزيز بن عبد الله بن باز، مجموع فتاوى العلامة عبد العزيز بن باز، ج٨، مصدر الكتاب: موقع الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء، أشرف على جمعه وطبعه: محمد بن سعد الشويعر، ص١٨٣.

واتە: ئەو دەستەیەی کە سەرفراز دەبن — و پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەکەدا مژدەی بەهەشتی پێداون- ئەو کۆمەڵەن کە لەسەر ئەو ڕاستە شەقامەن کە پێغەمبەری خودا ﷺ و هاوەڵانی لەسەری ڕۆیشتوون، لە یەکتا پەرستی خوای گەورە و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دوور کەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی و دامەزراوی و بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێبازە لە گوفتار و ڕەفتار و باوەردا، ئەوانە لەسەر حەقن و بانگخوازانی ڕێگەی ڕاستیین با پەرتیش بووبن بەوڵاتاندا و کۆمەڵێکیان لێرە بێت و کۆمەڵێکی تریان لەشوێنێکی تر، مادەم یەك ئامانج و یەك باوەڕیان هەیە، ئەگەر هەندێکیشیان ناوی خۆیان نابێت، بە أنصار السنة یان بە سەلەفی، یان بە برایانی موسوڵمان، یان هەندێکیان ناوی خۆیان نابێت: کۆمەڵی فلاّن هیچ زیانی نییە، ئەگەر ڕاستگۆبن... وە ئەگەر هەر یەك لەم کۆمەڵانە هەڵەی کرد، ئەوە پێویستە زانایان ئەگاداریان بکەنەوە و ڕێنموویيان بکەن بۆ ڕێگەی ڕاست ئەگەر بەڵگەی ڕوونی هەبوو.

کەواتە: ئەرکی مرۆڤی باوەڕدار ئەوەیە کە هەموو ئەم دەستە و تاقمانە بەبرای خۆی بزانێت و بەچاوی برایەتی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات و ئەگەر حەقێکی لێ بینین پشتگیریان بکات و ئەگەریش هەڵەیەکی لێ بینین ئامۆژگارییان بکات و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات.

٢- ئەو حەفتاو دوو کۆمەڵەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەیان دەفەرمووێت: ﴿وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي﴾. واتە: ئوممەتی من جیادەبێتەوە، کەواتە: لەگەڵ ئەوەیش کە ئەمانە لە بنەما سەرەکییەکانی باوەڕدا جیاوازییان هەیە بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ هەر بەئوممەتی خۆی ناویان دەبات و پۆلێنیان دەکات و پێیان نافەرموێت کافرن یان ئوممەتی من نین، کە دەشفەرموێت دۆزەخین واتای ئەوە نییە کە بەهەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە؛ بەڵکو بەهێندەی لەحەق لادانیان لە دۆزەخدا دەمێننەوە و دواتر پاش پاك بوونەوەیان لە تاوانەکانیان دەچنە بەهەشتەوە؛ چونکە تەنها کافر و خەڵکانی بێ باوەڕ بەهەتا هەتایی لەدۆزەخەدا دەمێننەوە و هەرکەس هێندەی بچوکترین گەرد باوەڕ لەدڵیدا هەبێت دەچێتە بەهەشت، وەك لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت، خوای گەورە لەقیامەتدا دەفەرموێت:

﴿فَمَنْ وَجَدْتُمْ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَخْرِجُوهُ﴾[1]. واتە: هەرکەسێکتان بینی هێندەی بچوکترین گەرد باوەڕ لەدڵیدا هەبوو لەدۆزەخ بیهێننە دەرەوە .

کەواتە تەنانەت ئەو کۆمەڵانەیش هەر بەموسوڵمان و ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ ئەژمار دەکرێن و حوکمی کافربوونیان بەسەردا نادرێت، مەگەر کارێك یان بۆچوونێکیان هەبێت کە لە بازنەی باوەڕ بیانباتە دەرەوە؛ خۆ ئەگەر وا بوو ئەو کات بە کافر ئەژمار دەکرێن؛ هەر بۆیەیشە زانایان پێیان وانەبووە کە هەموو خەواریج، یان موعتەزیلە، یان مورجیئە، یان شیعە کافر بن.

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٦، كتاب (١٠٠) التوحيد، باب (٢٤) قول الله تعالى: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾، رقم الحديث (٧٠٠١)، ص٢٧٠٦.

# باسی هەشتەم
# هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکان

لەم تەوەرەیەی باسەکەماندا قسە لەسەر ئەدەبی گفتوگۆکردن و هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکان دەکەین بەشێوازێك کە بتوانین لەیەك کاتدا هەم جیاوازییەکانمان بپارێزین، هەم سنووری برایەتی و یەکریزی و تەبایی نێوانیشمان؛ بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر کۆمەڵێك خاڵ کە دەکرێت هاوکارمان بێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا و گرنگترینی ئەو خاڵانەیش بریتین لە:

**یەکەم:** بوونی زانست و زانیاری شەرعی تەواو دەربارەی ئەو بابەتانەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین و بیروڕای جیاوازمان لەسەریان هەیە:

خوای گەورە ڕاستەو خۆ و بەر لەهەموو کەس بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ﴾[1]. واتە: بزانە کە جگە لە زاتی الله هیچ کەس و شتێکی تر شایەنی پەرستن نییە و ئەوجا داوای لێخۆشبوونی لێ بکە. کەواتە: بەر لەهەموو شت خوای گەورە داوای زانستی لێ دەکات و پێی دەفەرموێت ﴿فَاعْلَمْ﴾. واتە: بزانە و پێی نافەرموێت (فقل) واتە: بڵێ. چونکە قسە ئەگەر هەڵقوڵاوی زانست و قەناعەت نەبێت سوودێکی نیە.

دواتر خوای گەورە پەیامەکەی گشتگیر دەکات بۆ هەموو خەڵکی و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ﴾[2]. واتە: با هەموو خەڵکیش بزانن کە جگە لە زاتی الله پەرستراوێکی تر بەحەق لەم بوونەوەرەدا بوونی نییە.

پێغەمبەری خودایش ﷺ لەم بارەیەوە لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: ﴿مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ﴾[3]. واتە: هەر کەس بمرێت — و لەژیانیدا- زانیبێتی و باوەڕی بووبێت کە جگە لەزاتی الله هیچ پەرستراوێکی تر بەحەق لەم بوونەوەرەدا بوونی نییە، دەچێتە بەهەشتەوە.

---

١ - سورة محمد: الآية (١٩).

٢ - سورة إبراهيم: الآية (٥٢).

٣ - مسلم، صحيح مسلم، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (١٢) من لقي الله بالإيمان وهو غير شاك فيه دخل الجنة على النار، رقم الحديث (١٤٥)، ص٤١.

لێرەشدا پێغەمبەری خودا ﷺ بەهەمان شێوەی ئایەتەکانی پێشوو جەخت لەسەر زانین دەکاتەوە، نەك تەنها گوتن،

لە ژێر رۆشنایی ئەم دەقانەدا پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا بابەتێکی تەرخان کردووە بە ناونیشانی (باب العلم قبل القول والعمل). واتە: زانست لەپێش هەموو گوفتار و ڕەفتارێکەوەیە و بەبێ زانست هیچ گوفتار و ڕەفتارێکی دروست بوونی نیە.

جا زۆر بەداخەوە خەڵکانێکی زۆری موسوڵمان هەتا ئێستایش هەر بە زوبان دەڵێن (لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ). و ئیتر هیچ ئاگایان لە مانا و لێکەوتەکانی ئەم وشە بەنرخە نییە و ناشزانن ئەو گۆڕانکارییانە چین کە دەبێت لە ژیانی موسوڵماندا دروستیان بکات و ئەو شتانە چین کە لەگەڵ واتا و داواکارییەکانیدا ناگونجێت.

هەر ئەم نەزانییەیشە کە وای کردوە باوەڕ و یەکتاپەرستی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لەژیانی ئێمەدا دروست نەکردوە و هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە کردار و گوفتارماندا نییە، نە لەسەر ئاستی تاك و نە لەسەر ئاستی کۆمەڵیش، بەپێچەوانەی ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە باوەڕیان دەهێنا ئیتر تەنها ئەم وشەیە کۆدەتایەکی لەژیانیاندا دروست دەکرد و سەر لەبەری ژیانیانی دەگۆڕی و دەیکردنە مرۆڤێکی تر، هەر ئەمەیش وایکرد کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا و بەژمارەیەکی زۆر کەمەوە بتوانن ڕووی شارستانیەت بگۆڕن.

ئێستایش ئەگەر خەڵکی ئێمە لە واتەی (لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ). تێدەگەن چۆن ژیانیان بۆ غەیری خوا تەرخان دەکەن و حەڵاڵ و حەرام لە غەیری بەرنامەکەی ئەوەوە وەردەگرن و ژیان و مان و مردنیان بۆ غەیری ئەو بەخەرج دەدەن؟!. ئەگەر تێگەیشتوون لەوەی خوا تاك و تەنهایە و ژیان و ڕزق و مردن و هەموو شتیان بەدەستی ئەوە، چۆن سەر بۆ غەیری خوا دادەنەوێنن و هانا بۆ غەیری خوا دەبەن؟!.

جا بەڕێزان: ئەگەر خەڵکی ئێمە لە بنەماکانی باوەڕدا حاڵی ئاوا بێت، دەبێت لە بابەتەکانی تر و وردەکارییە فیقهییەکاندا حاڵی چۆن بێت؟!. وە ئەگەر خوای گەورە ئیمان و باوەڕ بەبێ زانین وەرنەگرێت، ئیتر چۆن کردەوەکانی تر بەبێ زانیاری وەردەگرێت!!!. هەر بۆیە زانایان پێیان وایە کە زانست مەرجی سەرەکی وەرگرتنی

هەموو كردەوەیەكی مرۆڤەكانە. (إبن المنير) لەو بارەیەوە دەڵێت: (العلم شرط في صحة القول والعمل، فلا يعتبران إلا به، فهو متقدم عليهما؛ لأنه مصحح للنية المصححة للعمل)[١]. واتا: زانین مەرجی وەرگتنی هەموو گوفتار و ڕەفتارێكی مرۆڤە و هەر گوفتارێك یان ڕەفتارێك خاوەنەكەی زانیاری دەربارەی نەبێت لێی وەرناگیرێت؛ چونكە زانین لەپێش گوفتار و ڕەفتارەوەیە و بەزانین نیەتی مرۆڤ پاك دەبێتەوە و بەنیەتی پاكیش كردەوەی مرۆڤەكان دروست دەبێت و وەردەگیرێت.

جا زانست نەك تەنها لە ڕووە مەعریفییەكەوە لەگەڵ گوتنی زمان جیاوازە؛ بەڵكو لە پلە و پایەشدا جیاوازییان هەیە؛ چونكە زانست لەدڵ و مێشكدایە و ئەم دووانە دوو ئەندامی زۆر هەستیاری جەستەی مرۆڤن و ژیان بەبێ هەر یەكێكیان مەحاڵە و هەر ئەم دووانەیش ئاراستەی سەرجەم ئەندامەكانی تری لەش دەكەن؛ بەڵام گوتن تەنها بەزمان دەكرێت و جیاوازی نێوان دڵ و زمانیش وەكو جیاوازی نێوان ئاسمان و ڕێسمانە.

ئەمە هەمووی لەلایەك و لەلایەكی ترەوە خوای گەورە لە چەندین ئایەتی قورئاندا قەدەغە و یاساغی كردوە هیچ كەس دەم لە ئاین و پەیامەكەی بكوتێ و بەناوی ئەوەوە قسە بۆ خەڵكی بكات و باسی حەڵاڵ و حەرام یان بیدعە و سونەتیان بۆ بكات، ئەگەر ئەو كەسە خۆی زانست و زانیاری تەواوی دەربارەی ئەو شتانە نەبێت كە دەیڵێت، لەوانە:

- لە ئایەتێكدا ڕووبەڕوی پێغەمبەر دەفەرمویێت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾[٢]. واتە: شتێك مەڵێ كە زانستت دەربارەی نییە و پشت ڕاستی مەكەرەوە، جا ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ كە مافی تەشریع و یاسادانانی هەیە بۆی نەبێت بەبێ زانست دەربارەی بابەتە شەرعییەكان قسە بكات، ئەی دەبێت حاڵ و حوكمی خەڵكانی تر چۆن بێت؟!. هەر بۆیە زۆر جار پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ كراوە؛ بەڵام زاتی ئەوەی

---

١ - إبن حجر العسقلاني (أحمد بن علي بن محمد)، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج١، دار الفكر، بيروت، ترقيم وتبويب: محمد فؤاد عبد الباقي، تحقيق: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، ومحب الدين الخطيب، ص١٦٠.

٢ - سورة الإسراء: الآية (٣٦).

نەکردووە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە و بێدەنگ بووە و چاوەڕوانی کردوە تا خوای گەورە وەڵامی پرسیارەکەی بۆ بنێرێت و ڕوونکردنەوەی لەسەر بدات.

- لە ئایەتێکی تردا و بۆ نیشاندانی قەبارەی تاوانی لەو جۆرە کاتێك باسی شتە حەرام و قەدەغەکراوەکان دەکات لە پاش تاوانی هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان باس لە تاوانی قسە کردن بەدەم خواوە دەکات بەبێ زانیاری و دەفەرمویێت: ﴿وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾[1]. واتە: هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدەن و بەنەزانی قسەی بەدەمەوە بکەن.

- لە ئایەتێکی تردا هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە کاری وا دەکەن و دەفەرمویێت: ﴿وَلا تَقُولُوا لِما تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لا يُفْلِحُونَ﴾[2]. واتە: بەدرۆیەك کە بەزمانی خۆتان هەڵی دەبەستن و بەبێ بەڵگە و زانیاری مەڵێن ئەوە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە، بۆ ئەوەی درۆ بەدەم خواوە هەڵبببەستن، ئەوانەی درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن لەسزای درۆکانیان دەرباز نابن و ڕزگاریان نابێت.

بەڕێزان بەداخەوە ئێمە لە ئێستادا برای وامان هەیە هەر ئەوەندە دوو کتێبی خوێندەوە و دوو وشە فێر بوو ئیتر خۆی لێ دەبێتە موفتی سەردەم و بەڕاست و چەپدا فەتوا دەدات و لەهەرچی زانستدا هەیە قسە دەکات و کەسی پێ ڕاست نییە تەنها خۆی نەبێت و ئامادەیش نیە سازش لەسەر هیچ بۆچوونێکی خۆی بکات و گشت خەڵکی بە لاڕێ و سەرلێشێواو دەبینێت تەنها دەستە و موریدانی خۆی نەبێت و زۆر بێباکانە فەتوا لەسەر خەڵکی دەدات و بەش بەشیان دەکاتك بەو دەڵێت ئەوە بیدعەچییە و ئەم فاسیقە و ئەو  مونافیقە و ئەو کافرە و بەکەیفی خۆی سەلام لەو دەکات و لەوی ناکات و خۆیشی لە هەموو کەس پێ دیندارتر و زانا ترە.

جا ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە جێی مەترسین یەکەم لەسەر پەیام و بانگەوازی ئیسلامی کە ئەم جۆرە کەسانە نەفامانە گوزارشتی لێ دەکەن و سیما جوانەکەی دەشێوێنن و لای خەڵکی دەیبێزرێنن، پاشان لەسەر خۆیان کە کەمیان تاسەر لەگەڵ

---

١ - سورة الأعراف: الآية (٣٣).

٢ - سورة النحل: الآية (١١٦).

ئەو پەیامە هەڵەکەن و زۆر زوو هەڵدەخلیسکێن و ئاسان دەکەونە داوی دوژمنانی دین و بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان دەهێنن، دواتریش لەسەر خەڵکانی موسوڵمان کە ئەم جۆرە بەناو مامۆستا و بانگخوازانە بە ناحەق و نەفامانە یەکڕیزی و برایەتییان دەشێوێنن و هێز و تواناکانیان پەرت دەکەن.

ئێمە لە مڕۆدا بەداخەوە چەند گیرۆدەی دەستی دووژمنەکانمانین دوو هێندە گیرۆدەی دەستی بەناو دۆستە نەزانەکانمانین.

ئێستا دینی خوا ئەوەندە بێ دڵسۆزە و پرسی ئایین و پیرۆزییەکەی ئەوەندە کاڵکراوەتەوە هەرچی هەڵدەسێت دەبێتە موفتی و شەرع زان؛ ئەمە لە کاتێکدا بۆ زانستەکانی تر خەڵکی وا نین و ڕێز لە پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆیان دەگرن؛ بۆ نموونە هیچ کەس ڕێ بەخۆی نادات حەپێك بۆ کەسێك بنووسێت یان نەشتەرگەرییەکی بۆ بکات ئەگەر پزیشك نەبێت و پسپۆڕ نەبێت؛ بەڵام هەموو کەس ڕێ بەخۆی دەدات لە بچووکترین تا گەورەترین بابەت و پرسی شەرعی قسە بکات و ڕوونکردنەوە بدات.

کەواتە خاڵی یەکەم و هۆکاری سەرەکی پەرتەوازەیی و لێقەوماویمان نەبوونی زانست و زانیاری شەرعییە و جورئەتی خەڵکە لەسەر فەتوا؛ پێغەمبەری خودایش ﷺ هەر لەزووەوە هۆشداری دەربارەی ئەم دیاردە مەترسیدارە داوە و لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنْ الْعِبَادِ وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا﴾[١]. واتە: خوای گەورە -کاتێك دەیەوێت زانستی شەرعی هەڵبگرێت- لە سینگی خەڵکی هەڵناکێشێ، بەڵام لەڕێگەی مردنی زانایانەوە زانست دەباتەوە، تا وای لێ دێت کە هیچ زانایەك نامێنێت ئەوجا خەڵکی کۆمەڵێك نەزان و و بێ ئاگا دەکەنە پێشەوا و دەمڕاستی خۆیان و کاتێك پرسیاریان لێ دەکرێت بەنەزانی وەڵامی خەڵکی دەدەنەوە، جا ئەوانە خۆیان و خەڵکیش گومڕا و لاڕێ دەکەن.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب(٣) العلم، باب (٣٤) كيف يقبض العلم، رقم الحديث (١٠٠)، ص٥٠. مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٨) العلم، باب (٥) رفع العلم وقبضه، وظهور الجهل والفتن في آخر الزمان. رقم الحديث (٦٩٧١)، ص٦٠.

له فەرمووده‌یه‌كی تردا ده‌فه‌رموویت: {الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ: وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ وَاثْنَانِ فِي النَّارِ، فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ، فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ فِي الْحُكْمِ فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ}[1]. واته: قازی و موفتییه‌كان- له‌قیامه‌تدا- ده‌بن به‌سێ به‌شه‌وه: به‌شێكیان ده‌چێته به‌هه‌شته‌وه و دووانیان ده‌چنه ئاگره‌وه، كه‌سێك حه‌قی زانیبێت و حوكمی پێكردبێت و جێبه‌جێی كردبێت ده‌چێته به‌هه‌شته‌وه، كه‌سێكیش حه‌قی زانیبێت و جێبه‌جێی نه‌كردبێت و سته‌می له‌خه‌ڵك كردبێت ده‌چێته ئاگره‌وه، كه‌سێكیش به‌نه‌زانی و بێ ئاگایی حوكمی بۆ خه‌ڵكی كردبێت و فه‌تواى بۆ دابن ده‌چێته ئاگره‌وه.

هه‌ر بۆیه بۆ ئه‌وه‌ی ئێمه له‌م ته‌نگژه‌یه رزگارمان بێت و دیارده‌ی دووبه‌ره‌كی و ناكۆكی له نێوان موسوڵمانانیدا ڕیشه كێش بكه‌ین و تۆوی برایه‌تی و ته‌بایی له جێگه‌یدا سه‌وز بكه‌ین، پێویسته هه‌موو لایه‌كمان هه‌وڵ بده‌ین بره‌و بده‌ین به‌لایه‌نی زانستی ئه‌م ڕابوونی ئیسلامییه له‌سه‌ر ئاستی ئه‌ندام و لایه‌نه‌كانیش، چ بۆ خۆمان وچ بۆ خه‌ڵكیش؛ چونكه زۆربه‌ی ئه‌و دوو به‌ره‌كییانه خه‌ڵكانی نه‌فام و بیرته‌سك و له‌خۆ ڕازی دروستی ده‌كه‌ن، ئه‌وانه دروستی ده‌كه‌ن كه ته‌نها خۆیان پێ ڕاسته و هه‌موو خه‌ڵكی به‌لاڕێ و گومڕا ده‌زانن، ئه‌وانه دروست ده‌كه‌ن كه بێ ئاگان له‌و كلتوره فیقهییه ده‌ڵه‌مه‌نده هه‌مه لایه‌نه‌ی كه پێشینی ئێمه بۆیان جێهێشتووین.

بۆیه خاڵی یه‌كه‌م با له‌زانست و زانیارییه‌وه ده‌ست پێ بكه‌ین و بیكه‌ینه دروشمی كارمان.

---

١ - أبو داود، سنن أبي داود، ج٣، كتاب (٢٥) الأقضية، باب (٢) في القاضي يخطيء، رقم الحديث (٣٥٧٥)، ص٣٢٤. إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج٢، كتاب (١٣) الأحكام، باب (٣) الحاكم يجتهد فيصيب الحق، رقم الحديث (٢٣١٥)، ص٧٧٦، واللفظ لأبي داود، صححه الألباني.

دووەم: یەکلابوونەوە و (إخلاص) بۆ خوای گەورە:

بەوەی کە هەر کارێك یان گوفتارێك دەیکەین یان دەیڵێین پێویستە تەنها مەبەستمان ڕەزامەندی خوای گەورە و بەدەمەوە هاتنی فەرمانەکانی ئەو بێت و هیچی تر نا، ئەمەیش مەرجێکی تری سەرەکی وەرگرتنی هەر کردەوەیەکی مرۆڤەکانە.

خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾[١]. واتە: تەنها فەرمانی ئەوەیان پێ کراوە کە خوا بەتاك و تەنها بپەرستن و لەپەرستەکەیشیاندا جگە لەڕەزامەندی ئەو هیچ مەبەستێکی تریان نەبێت.

لە ئایەتێکی تردا باس لەمەرجەکانی وەرگرتنی کردەوەی مرۆڤەکان دەکات و دەفەرموێت: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَآءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَلِحاً وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدَا﴾[٢]. واتە: هەر کەس دەیەوێت پاداشتی کردەوەکانی لای خوای گەورە وەربگرێتەوە، ئەوە باکردەوەی چاك بکات و لەکردەوەکانیشیدا تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت.

کەواتە دوو مەرج پێویستە بۆ وەرگرتنی کردەوەی مرۆڤەکان:

١- دەبێت ئەو کردەوەیە بنەمایەکی شەرعی هەبێت و بەو شێوازەیش ئەنجام بدرێت کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوە.

٢- پێویستە مەبەستی کەسەکە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و هیچی تر.

هەر کردەوەیەکیش یەکێك لە دوو مەرجەی تێدا نەبێت خوای گەورە وەری ناگرێت.

پێغەمبەری خودایش ﷺ لە فەرموودەیەکیدا لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى﴾[٣]. واتە: هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ بەپێی ئەو

---

١ - سورة البينة: الآية (٥).

٢ - سورة الكهف: الآية (١١٠).

٣ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١) بدء الوحي، باب (١) باب كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله ﷺ ، رقم الحديث (١)، ص٣. مسلم، صحيح مسلم، ج٦، كتاب (٣٤) الإمارة، باب (٤٥) قوله ﷺ: ﴿إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّةِ﴾، رقم الحديث (٥٠٣٦)، ص٤٨، واللفظ للبخاري.

مەبەستەیە کە بۆی ئەنجام داوە و هەر مرۆڤێکیش بەپێی مەبەستەکەی پاداشت وەردەگرێت؛ بۆیە هەر کارێك کە مرۆڤ دەیکات ئەگەر مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە نەبێت ئەوە نەك تەنها خوای پەروەردگار کارەکە وەرناگرێت و دەیداتەوە بە چاوی خاوەنەکەیدا، بەڵکو سەرباری ئەوە سزای سەختیشی دەدات.

دەربارەی سزای ئەو جۆرە کەسانە و ئەنجامی کردەوەکانیان پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ يَنْزِلُ إِلَى الْعِبَادِ لِيَقْضِيَ بَيْنَهُمْ، وَكُلُّ أُمَّةٍ جَاثِيَةٌ، فَأَوَّلُ مَنْ يَدْعُو اللَّهُ بِهِ رَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ، وَقَرَأَ الْقُرْآنَ، وَرَجُلٌ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَرَجُلٌ كَثِيرُ الْمَالِ. فَيَقُولُ اللَّهُ لِلْقَارِئِ: أَلَمْ أُعَلِّمْكَ مَا أَنْزَلْتُ عَلَى رَسُولِي؟ قَالَ: بَلَى يَا رَبِّ. قَالَ: فَمَاذَا عَمِلْتَ فِيمَا عُلِّمْتَ؟. قَالَ: تَعَلَّمْتُ فِيكَ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ، وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ، فَكُنْتُ أَقُومُ بِهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ، فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ: كَذَبْتَ، وَتَقُولُ لَهُ الْمَلَائِكَةُ: كَذَبْتَ، وَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ: بَلْ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ: هُوَ عَالِمٌ، وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ: إِنَّ فُلَانًا قَارِئٌ، فَقَدْ قِيلَ ذَاكَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَيُؤْتَى بِصَاحِبِ الْمَالِ فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ: أَلَمْ أُوَسِّعْ عَلَيْكَ حَتَّى لَمْ أَدَعْكَ تَحْتَاجُ إِلَى أَحَدٍ؟. قَالَ: بَلَى يَا رَبِّ. قَالَ: فَمَاذَا عَمِلْتَ فِيمَا آتَيْتُكَ؟. قَالَ: كُنْتُ أَصِلُ الرَّحِمَ، وَأَتَصَدَّقُ، وَمَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ. فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ: كَذَبْتَ، وَتَقُولُ لَهُ الْمَلَائِكَةُ: كَذَبْتَ، وَيَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: بَلْ أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ: فُلَانٌ جَوَادٌ، فَقَدْ قِيلَ ذَاكَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَيُؤْتَى بِالَّذِي قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ: فِي مَاذَا قُتِلْتَ؟. فَيَقُولُ: أُمِرْتُ بِالْجِهَادِ فِي سَبِيلِكَ ، فَقَاتَلْتُ حَتَّى قُتِلْتُ، فَيَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى لَهُ: كَذَبْتَ، وَتَقُولُ لَهُ الْمَلَائِكَةُ: كَذَبْتَ، وَيَقُولُ اللَّهُ: بَلْ أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ: فُلَانٌ جَرِيءٌ، فَقَدْ قِيلَ ذَاكَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ﴾. ثُمَّ ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى رُكْبَتِي فَقَالَ: ﴿يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، أُولَئِكَ الثَّلَاثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ اللَّهِ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾[1]. واتە: لە قیامەتدا خوای گەورە دادەبەزێتە لای بەندەکانی تا بڕیار لە چارەنووسیان بدات، لەو کاتانەدا هەموو خەڵکی لەترسا بەچۆکدا دێن، یەکەم کەس کە خوای گەورە داوا دەکات بانگی بکەن پیاوێکە زانست فێربووە و خەڵکیشی فێر کردووە و قورئانیشی خوێندوە، پاش ئەو پیاوێك کە – بەڕووکەش- لەپێناو ڕێبازی خوادا کوژراوە، پاش ئەویش پیاوێکی دەوڵەمەند. خوای گەورە بە پیاوە زانا و قورئان خوێنەکە دەفەرمووێت: ئایا شارەزام نەکردیت لەو پەیام و بەرنامەیەی کە بۆ

---

١ - الترمذي، سنن الترمذي، ج٤، رقم الحديث (٢٣٨٢)، ص٥٩١، وقال الألباني حديث صحيح.

پێغەمبەرەکەم ناردبوو؟!. دەڵێت: بەڵێ ئەی پەروەردگارم. دەفەرموێت: دەی باشە چیت کرد لەوەی کە فێرم کردی و چۆن بەکارت هێنا؟!. دەڵێت: لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی تۆدا خۆم فێری زانست کرد و خەڵکیشم فێر دەکرد و هەر لە پێناو ڕەزامەندی تۆدا خۆم فێری قورئان کرد و بەڕۆژ و بەشەو قورئانم دەخوێند. خوای گەورە پێی دەفەرموویێت: درۆت کرد، بەدوایدا فریشتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد. خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بەڵکو بۆیە خۆت فێری زانست و زانیاری کرد بۆ ئەوەی پێت بڵێن زانا و شارەزا، بۆیەیش خۆت فێری قورئان کرد تا پێت بڵێن: فلان کەس قورئان خوێنێکی باشە. ئەوەیشت لە دونیا دەست کەوت و پاداشتەکەیت وەرگرت و خەڵکی لە دونیادا وایان پێ دەگوتیت. دواتر خوای گەورە فەرمان دەکات لەسەر ڕووی ڕایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە. دواتر دەوڵەمەندەکە دەهێنن و خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئایا پارە و ماڵم ئەوەندە پێ نەدابووویت تا لەهەموو کەس بێ منەت بیت و پێویستت بەکەس نەبێت؟! دەڵێت: بەڵێ ئەی پەروەردگارم. دەفەرموێت: دەی ئەو پارە و سامانەت چۆن بەکار هێنا؟. دەڵێت: هاوکاری خزمەکانم دەکرد و خێر و چاکەم دەکرد و هەر شتێکم  زانیبێت کە تۆ پێت خۆشە لەپێناویدا ببەخشم ئیللا لەبەر خاتری تۆ بەخشیومە. خوای گەورە پێی دەفەرموێت: درۆت کرد، بەدوایدا فریشتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد. خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بەڵکو مەبەستت ئەوە بوو کە خەڵك باست بکەن و پێت بڵێن: کەسێکی میهرەبان و بەخشندەیە و ئەوەیشت لە دونیا دەست کەوت و پاداشتەکەیت وەرگرت و خەڵکی لە دونیادا وایان پێ دەگوتیت. دواتر خوای گەورە فەرمان دەکات لەسەر ڕووی ڕایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە. دواتر ئەوە دەهێنن کە بە ڕوکەش لە پێناو خوادا کوژراوە، خوای گەورە پێی دەفەرموێت: لە پێناو چیدا کوژرایت؟!. دەڵێت: فەرمانم پێ کرابوو کە لە پێناو ئاینەکەی تۆدا بجەنگم، منیش لەو پێناوەدا جەنگام هەتا کوژرام. پێی دەفەرموێت: درۆت کرد، بەدوایدا فریشتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد. خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بەڵکو مەبەستت ئەوە بوو خەڵکی باست بکەن و بڵێن: فلان کەس ئازا و چاو نەترسە و ئەوەیشت دەست کەوت و پاداشتەکەیت وەرگرت و خەڵکی لە دونیادا وایان پێ دەگوتیت. دواتر خوای گەورە فەرمان دەکات لەسەر ڕووی

ڕایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە. دواتر ئەبو هورەیرە کە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ کە قسەکانی تەواو کرد، دەستی دا بەسەر ئەژنۆمدا و فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیەرە: ئەو سێ کەسە یەکەمین دەستە و کۆمەڵن کە ئاگری دۆزەخیان پێ خۆش دەکرێت.

بزانن بەڕێزان: سزای ئەمانە چەند سەختە کە بەڕوکەش بۆ خوا کاریان کردوە و لەناخیاندا مەبەستی تریان هەبووە، ئەمانە بەر لەهەموو خەڵکی ئاگری دۆزەخیان پێ خۆش دەکرێت و خوای گەورە بە بەرچاوی هەموو دروستکراوەکانی خۆیەوە ئابڕوویان دەبات و ڕیسوایان دەکات. بۆیە فوضەیلی کوڕی عیاض لە قسەیەکیدا دەڵێت: (لأن أطلب الدنيا بطبل ومزمار أحب إلي من أن أطلبها بالعبادة)[١]. واتە: ئەگەر دەهۆڵێك بخەمە بن دەستم و زوڕنایەك بگرم بە دەممەوە و پارەی پێ پەیدا بکەم، ئەوەم پێ باشترە لەوەی کە بەخواناسی پارە پەیدا بکەم.

جا ئەگەر ئێمە ڕاستمان کرد لەگەڵ خوای گەورە و دڵسۆز بووین لە باوەڕەکەماندا ئەو کات ئەگەر بۆچوونێکی جیاوازیشمان هەبێت لە بابەتێکی شەرعیدا مەبەستی هەموومان تەنها دەرکەوتنی حەق دەبێت، بێ گوێدانە ئەوەی کە دەرکەوتنی ئەو حەقە چۆن و لەسەر دەستی کێ دەبێت، ئەو کاتیش لەبری ئەوەی یەکمان وەك دژ یان ناحەز بێتە پێش چاو یەکمان وەك برا و دڵسۆز و هاریکار دێتە پێش چاو، پێشەوا غەزالی لەو بارەیەوە دەڵێت: (التعاون على طلب الحق من الدّين، ولكن له شروط وعلامات منها: أن يكون في طلب الحق كناشد ضالّة، لا يفرق بين أن تظهر الضالّة على يده أو على يد معاونه. ويرى رفيقه معيناً لا خصماً. ويشكره إذا عرَّفه الخطأ وأظهره له، كما لو أخذ طريقا في طلب ضالته، فنبهه صاحبه على ضالته في طريق آخر... فهكذا كانت مشاورات الصحابة رضي الله عنهم)[٢].

واتە: هاریکاری کردنی یەکتر لەسەر گەڕان بەشوێن حەقدا بەشێکە لە ئاین، ئەمەیش چەند نیشانە و مەرجێکی هەیە لەوانە: ئەبێت لەگەڕان بە شوێن ڕاستییدا وەکو کەسێك وابێت کە شتێکی لێ وون بووە و بە شوێنیدا دەگەڕێ، جا خۆی بیدۆزێتەوە

---

١ - إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي بن محمد)، صفة الصفوة، ج٢، دار المعرفة، بيروت، ط٢، ١٩٧٩، تحقيق: محمود فاخوري و د.محمد رواس قلعه جي، ص٢٤٢.

٢٢ - الغزالي (محمد بن محمد الغزالي)، إحياء علوم الدين، ج١، ص٤٤، دار المعرفة، بيروت.

یان هاورێکەی بەلایەوە گرنگ نییە و جیاوازی نییە و هەر کات وا بیری کردەوە ئەو کات هاورێ و بەرامبەرەکەی بە چاوی هاریکار سەیر دەکات نەك وەکو دژ و ئەگەر بۆی روونکردەوە کە هەڵەی کردووە و نەیپێکاوە سوپاسی دەکات هەر وەك چۆن سوپاسی دەکات ئەگەر رێگەیەکی هەڵەی گرتبێتە بەر لەگەڕان بەشوێن شتە ونبووەکەیدا و هاورێکەی پێی بڵێت شتە ونبووەکەت لێرەوە نییە و ئەو رێگەیە هەڵەیە...ڕاوێژکردنی هاوەڵان و ڕاجیاییەکانیان بەو شێوەیە بوو.

کەواتە ئێمە کاتێك بۆچونێکی جیاوازمان هەیە لەسەر بابەتێکی شەرعی با وەکو پێشەوا غەزالی دەڵێت: هەردوو لامان هەست بکەین شتێکمان لێ وون بووە و پێکەوە بەشوێنیدا دەگەڕێین، جا گرنگ نیە کێ دەیدۆزیتەوە؛ بەڵکو گرنگ ئەوەیە شتەکە بدۆزینەوە، من ئەو شتەی کە لێم ونبووە ئەگەر تۆ بۆم بدۆزیتەوە هەر مەمنوونتم، ئەگەر خۆشم بیدۆزمەوە هەر مەمنونتم، لەبەر ئەوەی تۆ ماندوو بوویت و وەکو من بە شوێنیدا گەڕاویت و هەوڵت داوە رێگەی ڕاستم نیشان بدەیت تا ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنم، ئەم ڕوحییەت و هەستە جوانەیش تەنها نیەت پاکی و ئیخلاص دەتوانێت دروستی بکات.

ئیبن قەیمیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (فمن هداه الله – سبحانه – إلى الأخذ بالحق حيث كان ومع من كان، ولو كان مع من يبغضه ويعاديه، ورد الباطل مع من كان ولو كان مع من يحبه ويواليه، فهو ممن هدى الله لما اختُلف فيه من الحق، فهذا أعلم الناس، وأهداهم سبيلا، وأقومهم قيلا)[1]. واتە: هەرکەس خوای گەورە هیدایەتی بدات بۆ ئەوەی کە حەق لەهەر کوێ و لەسەر دەستی هەرکەس بێت وەری بگرێت و کاری پێ بکات ئەگەر لەسەر دەستی ناحەز و دوژمنەکەیشی بێیت وە ئامادەی دەستبەرداری ناحەق بێت ئەگەر لەلای دۆست و خۆشەویستەکەیشی بێت، ئەو کەسە لەوانەیە کە خوای گەورە هیدایەتی داون و رێی ڕاستی نیشان داون لەو بابەتانەی کە بۆچوونی جیاوازیان لەسەرە و حەقیان تیا ڕوون نییە و ئەو کەسەیش لە هەموو کەس زانا ترە و ڕێبازەکەی ڕاستترە و قسەکانی پەسەند ترە.

---

١ - إبن القيم، الصواعق المرسلة، ج٢، ص٥١٦.

بەڵام بەداخەوە ئێمە لەبەر ئەوەی مەبەستەکانمان تەواو بۆ خوا یەکلا نەبۆتەوە دەبینین زۆر کات لەگەڵ برا و هاورێکانمان وانین و بە چاوی دژ سەیریان دەکەین و دوژمنکارانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەین و هەوڵی شکاندن و ناوزڕاندنیان دەدەین و دەبینە تەوری دەستی دوژمن و برایانمان دەبڕینەوە، هۆکاری ئەم هەڵوێستە نابەجێیانەیش تەنها بۆ بەد نیەتی خۆمان دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە هەمیشە بەنیەتی خۆماندا بچینەوە و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بین کە جگە لەڕەزامەندی خوای گەورە و پاداشتی ڕۆژی دوایی هیچ مەبەستێکی ترمان لە کار و بۆچوونەکانمان نەبێت.

**سێیەم:** شەرعیبوونی هەڵوێست:

ئەمە خاڵێکی ترە کە هاوکارییمان دەکات بۆ یەکلابوونەوەی کێشە و بۆچوونە جیاوازەکانمان بەپێی پێودانگە شەرعییەکان.

جا ئەگەر خاڵی یەکەم بریتی بوو لە وەرگرتنی زانستی شەرعی و بەئاگا بوون لە پرسە شەرعییەکان، خاڵی سێیەم بریتییە لەبەرجەستەکردنی ئەو زانستە شەرعییانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانمان؛ چونکە ئەم دوو خاڵە بێ یەك نایانکرێت و هیچیان بێ ئەوی تریان سوودێکیان نییە.

خوای گەورە لەزۆر ئایەتدا ڕێنموویمان دەکات بۆ ئەم خاڵە و ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە پێویستە شەرعی خوا سەنگی مەحەکی هەڵوێستەکانمان بێت و هەر ناکۆکی و ڕاجیاییەکمان هەبێت و لەسەر هەر بابەتێك بۆچوونمان جیاواز بوو بیگێڕینەوە بۆ بەرنامەکەی ئەو و پێوەی پابەند بین. و لەو بارەیەشەوە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾[1]. واتە: ئەگەر لەسەر هەرشتێك چەند بچوکیش بێت ناکۆکیتان هەبوو بیگێڕنەوە بۆ لای خوای گەورە و پێغەمبەری خودا ﷺ و بەپێی بەرنامەکەی ئەو یەکلای بکەنەوە، ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕتان بەخوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەیە.

ئەم مەرجەی کۆتایی ئایەتەکە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر ئەوەی کە هەر کەس ناکۆکی و کێشەکانی بەشەرعی خوا یەکلا نەکاتەوە و پێی ڕازی نەبێت و پێوەی

---

١ - سورة النساء: الآية (٥٩).

پابەند نەبێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە باوەڕی نییە یان هیچ نەبێت باوەڕی تەواو دانەمەزراوە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ﴾[1]. واتە: لەهەرچی شتێکدا ناکۆکیتان هەبوو ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوای گەورە و بەپێی پەیامەکەی ئەو یەکلای بکەنەوە.

لەچەندین ئایەتی تردا فەرمان بەپێغەمبەر دەکات ﷺ کە شەرعی خوا بکاتە یاسا و یەکلاکەرەوەی بۆچوونە جیاوازەکان و پێی دەفەرموێت: ﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ اللهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ﴾[2]. واتە: بەپێی ئەو بەرنامە و پەیامەی کە بۆمان ناردویتە خوارەوە کێشەکانیان چارەسەر بکە  وشوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە.

وە بەبەمەبەستی قوڵکردنەوەی هەمان هەست لەناخی بڕوادارانا خوای گەورە ئامۆژگارییان دەکات کە کاتێك شەرعی خوایان بۆ ڕوون بویەوە پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵی بکەن و پێوەی پابەندبن و بەهیچ شێوەیەك لێی لا نەدەن و قسە و بۆچوونی کەس پێش شەرعی خوا نەخەن و پێیان دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾[3]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران بترسن و قسە و بۆچوونی خۆتان مەخەنە پێش فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەوە ﷺ و خوای گەورە بیسەر و زانایە بەوەی کە دەیکەن و دەیڵێن.

بۆیە پێویستە لەسەرمان هەوڵ بدەین کارەکانمان لەسنووری شەرعدا بێت و هەر کێشە و ناکۆکیەکمان هەبوو بەپێی شەرعی خوا یەکلای بکەینەوە و نەکەوینە داوی حەز و شەیتان؛ چونکە یەکەمین تاوانێك کە لەزەویدا ڕوویدا بەهۆی ئەوەوە بوو کە شەیتان حەز و بۆچوونی خۆی خستە پێش فەرمانی خواوە و بەعەقڵی کەم و کورتی خۆی فەرمانی خوای گەورەی ڕەت کردەوە و بەهۆی ئەم حەزە گلاوەیەوە بەر نەفرەتی خوا و فریشتەکان و سەرجەم دروستکراوەکان کەوت.

---

١ - سورة الشورى: الآية (١٠).

٢ - سورة المائدة: الآية (٤٩).

٣ - سورة الحجرات: الآية (١).

هەروەها پێویستە هەمیشە وێڵبین بەشوێن ڕاستییدا و هەموو تواناکانمان بخەینە گەڕ بۆ گەیشتن پێی و ئەگەریش هەڵەیەکمان کرد، هەر کات و لەهەر کوێ و لەسەر دەستی هەرکەس ڕاستیمان بۆ دەرکەوت بەسنگێکی فراوانەوە وەری بگرین و کاری پێ بکەین و شەرم نەکەین لەوەی لەهەڵەکانمان پەشیمان ببینەوە؛ چونکە شەرعی خوا لەسەرو هەموو شتێکەوەیە و ئەمڕۆ خۆمان دان بەهەڵەی خۆماندا بنێین باشترە لەوەی سبەی لە قیامەت باجەکەی بدەین.

هەر بۆیە زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتە لەگەڵ ئەو هەموو زانست و زانیاریەی کە خوا پێی بەخشیبوون و لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزی و دابڕانەیان لەگەڕان بەشوێن حەقدا، هەمیشە خەڵکیان هانداوە کە شەرعی خوا بکەنە سەنگی مەحەك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان و هەر کات دەقێکیان بینی شوێنی بکەون و بۆ قسەی کەس لێی لانەدەن، لەو بارەیەشەوە وتە و هەڵوێستی زۆر جوان و ناوازەیان هەیە لەوانە:

- پێشەوا مالیك دەڵێت: (كل يؤخذ من قوله ويترك إلا صاحب هذا القبر)[١]. واتە: هەموو هەموو کەس بۆی هەیە قسەی لێ وەربگیرێت و قسەیشی ڕەت بکرێتەوە تەنها خاوەنی ئەو گۆڕەنەبێت- دەستی بۆ گۆڕەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ درێژ دەکرد.

- پێشەوا شافیعی جارێکیان پیاوێك پرسیارێکی لێ دەکات، ئەویش وەڵامی پرسیارەکەی بە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا ﷺ دەداتەوە و دیارە فەرموودەکە لەبەرژەوەندی کەسەکە نابێت و زۆر بەدڵی نابێت؛ بۆیە بە پێشەوا شافعی دەڵێت: ئەی بۆچوونی خۆت چۆنە؟. شافعی بەم پرسیارە زۆر تورە دەبێت و پێی دەڵێت: (أتراني في كنيسة؟! أترى علي زنار؟! أقول لك: قال رسول الله ﷺ وتقول: ما رأيك أنت)[٢]. واتە: بۆ وادەزانیت لەکڵێسام؟! یان جلی قەشەم لەبەردایە و زننارم[٣] بەپشتەوە دەبینیت[٤]؟! پێت دەڵێم پێغەمبەری خودا ﷺ وا دەفەرموێت کەچی دەڵێیت: ئەی بۆچوونی تۆ چیە؟!!.

---

١ - صالح بن فوزان، إعانة المستفيد بشرح كتاب التوحيد، ج٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٣، ٢٠٠٢، ص١١١.

٢ - مجلة البيان، العدد، ص١٥٧.

٣ - بەو پشتێنە دەگوترێت کە پیاوانی ئاینی مەسیحییەکان دەیبەستنە پشتیان و تا بەری پێیان شۆڕی دەکەنەوە.

٤ - مەبەستی ئەوەیە کە ئەوەندە بەبێ دینم دەزانیت؟!!.

هەر شافیعیش گوتویەتی: (أجمع العلماء على أن من استبانت له سنة رسول الله ﷺ لم يكن له أن يدعها لقول أحد)[١]. واتە: زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی كە هەر كەس سوننەتێكی پێغەمبەری خودای ﷺ پێگەیشت، بۆی نییە بۆ قسەی هیچ كەسێكی تر واز لەو سوننەتە بهێنێت.

وە گوتویەتی: (إذا صح الحديث فهو مذهبي)[٢]. واتە: هەر كات فەرموودەیەكی دروست هەبوو لەسەر هەر بابەتێك بۆچوونی من لەگەڵ ئەو فەرموودەیەیە و ئەوەیش مەزهەبی منە.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو پیاوە ئەستۆ پاكە لە هەر بۆچوونێكی مەزهەبەكەی كە لەگەڵ دەقێكی شەرعی یەك ناكاتەوە و دژ دەوەستێتەوە، وە هەركەس لەو بۆچوونەی بەگوێی بكات بۆقیامەت تەنها خۆی بەرپرسیارە و كەسی تر نا.

- پێشەوا ئەحمەدیش گوتویەتی: (لا تقلدني، ولا تقلدن أبا حنيفة، ولا مالكًا، ولا الشافعي وخذ من حيث أخذوا)[٣]. واتە: نەشوێن من بكەوە و نەشوێن ئەبو حەنیفە و نە مالیك و نەشافعی، شوێن ئەو بەڵگە و سەرچاوانە بكەوە كە ئەوان دینیان لێ وەرگرتووە.

- ئیبن قەیمیش گوتویەتی: (اتخاذ أقوال رجل بعينه بمنزلة نصوص الشارع لا يلتفت إلى قول من سواه، بل ولا إلى نصوص الشارع إلا إذا وافقت نصوص قوله، فهذا والله هو الذي أجمعت الأمة على أنه محرم في دين الله، ولم يظهر في الأمة إلا بعد انقراض القرون الفاضلة)[٤]. واتە: وەرگرتن و سەیركردنی قسەی كەسێكی دیاریكراو وەك دەقە شەرعییەكان بەشێوازێك كە مرۆڤ تەنها بەگوێی ئەو بكات و گوێ بەقسەی كەسی تر نەدات، تەنانەت گوێ بەدەقە شەرعیەكانیش نەدات مەگەر هاوڕا بێت لەگەڵ قسەی ئەو كەسەدا، ئەمە ئەو شتەیە كە هەموو ئەم ئوممەتە بەكۆی دەنگ پێیان وایە كە حەرام و قەدەغەیە و لەدینی

---

١ - إبن القيم، إعلام الموقعين، ج٢، مكتبة الكليات الأزهرية، القاهرة، ط، ١٩٦٨، تحقيق: طه عبد الرؤوف ، ص٣٢٥.

٢ - الرملي (محمد بن أحمد)، نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج، ج١، دار الفكر، بيروت، ط/١٩٨٤، ص٥٠.

٣ - أحمد بن عبد الرحيم الدهلوي، عقد الجيد في أحكام الاجتهاد والتقليد، المطبعة السلفية، القاهرة، تحقيق : محب الدين الخطيب، ص٢٨.

٤ - إبن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج٢، ص٢٦٥.

خوادا جێی نابێتەوە و ئەم جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوەیەیش تەنها لە پاش لەناوچوونی سەدە تێکەیشتوو و چاکەکان سەریان هەڵدا.

دەگێڕنەوە کە ئیبن جەوزی پاش نوێژەکان هەندێك نزا و ویردی دەخوێند کە لەفەرمووددەیەکدا هاتبوون؛ بەڵام دواتر وازی لێ هێنا و نەیدەخوێند کە لێیان پرسی بۆ وازی لێ هێناوە گوتی: (كنت قد سمعت هذا الحديث في زمن الصبا، فاستعملته نحوا من ثلاثين سنة، لحسن ظني بالرواة، فلما علمت أنه موضوع تركته، فقال لي قائل: أليس هو استعمال خير؟ قلت: استعمال الخير ينبغي أن يكون مشروعا، فإذا علمنا أنه كذب خرج عن المشروعية)[1]. واتە: ئەو فەرموودەیەم لەتەمەنی لاوێتیدا بیستبوو وە بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ کارم پێکردوە؛ چونکە گومانی باشم هەبوو بەو کەسانەی کە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە و پێم وابوو کەسانێکی ڕاستگۆن، کە بۆم دەرکەوت فەرموودە نییە و هەڵبەستراوە وازم لێ هێنا. دەڵێت کەسێك پێی گوتم: جا باشە با هەڵبەستراویش بێت، مەگەر خوێندنی ئەو ویردانە کاری خێر نییە ئیتر بۆ نەیکەین!؟. گوتم: کاری خێر دەبێت ڕێگە پێدراو بێت لەشەرعدا، کە زانیمان درۆیە و هەڵبەستراوە ئیتر ڕێگەی پێ نادرێت و نابێت کاری پێ بکرێت.

جا بەڵگەکان لەم بارەیەوە ئەوەندە زۆرن باوەڕناکەم کەس دوودڵ بێت لەگرنگی یان لاری هەبێت لە شەرعیبوونی لە ڕووی هزری و تیۆریەوە؛ بەڵام گرفتی ئێمە هەمیشە لە بەرجەستەکردن و جێبەجێ کردندایە؛ چونکە ئێستە لەهەر موسوڵمانێك بپرسیت: ئایا بەشەرعی خوا ڕازیت و ئامادەیت هەموو کێشەکانت بەشەرعی خوا یەکلا بکەیتەوە؟. بەدڵنیاییەوە دەڵێت بەڵێ و لەوانەیە خۆیشیت لێ تووڕە بکات و بەگژتا بێتەوە کەچۆن پرسیاری وای لێ دەکەیت، بەڵام هەر هەمان موسوڵمان کاتێك کێشەیەکی بۆ دروست دەبێت، یان بەرژەوەندییەکی دونیایی دێتە ڕێ و هەست دەکات بەوەی کە شەرعی خوا لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم یەك ناکاتەوە، دەبینیت زۆر بەئاسانی واز لەشەرعی خوا دێنێت و شوێن بەرژەوەندییەکەی خۆی دەکەوێت و ئەگەر لێیشی بپرسیت کە ئەم کارە شەرعی نییە، سەد پێچ و پەنا و پاساوت بۆ دەدۆزێتەوە بۆ بەرگریکردن لەو هەڵوێستە ناشەرعییەی.

---

١ - الألباني، سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة، ج٢، ص١٣٩.

خوای گەورە دەربارەی ئەو جۆرە کەسانە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿فَلا وَرَبِّكَ لايُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيما شَجرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفِسِهِم حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾(١). واتە: سوێند بە پەروەردگاری تۆ ئەی موحەممەد ﷺ ئەوانە باوەڕیان دانامەزرێت هەتا لە هەموو کێشە و ناکۆکیەکیاندا تۆ و پەیامەکەی تۆ نەکەنە دادوەر، دواتریش لەناخدا بەو حوکمەی کە تۆ دەیکەیت تەواو ڕازی و دڵنیا نەبن و هیچ ڕەخنە و گازندەیان لە ڕاستی حوکمەی تۆ نەبێت و خۆیانی نەدەنە دەست.

هەر بۆیە تەنها ئەوەندەیش بەس نییە کە مرۆڤ بەڕووکەش خۆی بداتە دەست حوکمی خوا، بەڵکو دەبێت لەناخیشدا تەواو ئاسوودە و دڵنیا بێت بەوەی کە شتێك لە حوکمی خودا باشتر و لەبار تر نییە. جا حوکمی خوا لەبەرژەوەندی ئەم بێت یان نا ئەم دەبێت هەڵوێستی بەرامبەری ڕاستی حوکمی خوا جێگیر و نەگۆڕ بێت.

کەواتە دەبێت هەمیشە ئێمە لەگەڵ شەرعی خوا بین و بیکەینە ئامانج و بەشوێنیدا وێڵ بین و لەهەر کوێ و لای هەرکەس بوو بەسنگێکی فراوانەوە وەری بگرین و تەنها خۆمان، یان ئەو لایەنەی کەکاری لەگەڵ دەکەین، یان ئەو مامۆستا، یان شێخە، یان ڕابەرە، یان ئەمیندارە، یان ئەمیرە، یان سەرکردەیە بەڕاست نەزانین و هەموو خەڵکی ترمان پێ هەڵە بێت؛ بەڵکو حەق لای هەرکەس بوو ئێمە لەو هەڵوێستە لەگەڵ ئەو بین و هەوڵی سەرخستنی بدەین؛ چونکە ئێمە لەقیامەتدا تەنها لەسەر شەرعی خوای گەورە لێپێچینەوەمان لەگەڵ دەکرێت و هەرچیش پێچەوانەی ئەو بێت و خەڵکێك کوێرانە لەگەڵی بێت و بەرگری لێبکات لەقیامەتدا خۆی بەرپرسیارە.

**چوارەم:** گومانی باش بەیەکتر بردن:

واتە کاتێك بۆچوونەکانمان لەبابەتێکدا یەك ناکاتەوە پێویستە گومانی باشمان بەیەکتر هەبێت، بەوەی کە هەموومان بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێین و کەسمان بەرژەوەندییەکی تایبەتمان نییە لەو بۆچونەی کە هەمانە و ئامادەیی تەواومان تێدایە کە هەرکاتێك حەقمان بۆ دەربکەوێت شوێنی بکەوین و دەست لە بۆچوونەکەی

---

١ - سورة النساء: الآية (٦٥).

خۆمان هەڵبگرین؛ چونکە مرۆڤی باوەڕدار پێویستە بەردەوام گومانی باشی بە براکەی هەبێت ئەگەر چی بۆچوونەکانیشیان جیاواز بێت.

ئێمە ئێستا بەداخەوە لە هەڵوێستە باشەکانی یەکتریش بە گومانین چ جای خراپەکان؛ بۆیە کاتێك برایەکمان دەستی برایەتی و تەباییمان بۆ درێژ دەکات دەڵێین ئەوە باری لارە و کێشەی هەیە و پێویستی پێمانە بۆیە وا نەرمی دەنوێنێت ئیتر وەڵامی نادەینەوە و بەدەم برایەتییەکەیەوە ناچین. خۆ ئەگەریش هەڵوێستەکەی خراپ بێت ئەوە دە کەڕەت خراپەی دەرحەق دەکەینەوە و لێی بێ دەنگ نابین.

ئەم جۆرە هەڵوێستانەیش تەواو پێچەوانەی دەقەکانی شەریعەت و گیانی برایەتی و پێکەوە بوونن؛ ئێمە دەبێ لە ناخی خۆمانەوە بڕوانینە هەڵوێستی براکانمان؛ بۆیە ئەگەر هەڵەیەکیشیان کرد پاساویان بۆ بۆ بێنینەوە و چاوپۆشی لێبکەین و بڵێین مەبەستیان نەبووە یان لەگەڵ ئێمەیان نییە یان نەیانزانییوە یان هەر پاساوێکی تر ئەوجا بەگیانێکی برایانەوە لە هەڵەکانیان ئاگاداریان بکەینەوە، خۆ ئەگەریش چاکەیان دەربارە کردین ئەو کات دە بەرامبەر چاکەیان لەگەڵ بکەینەوە.

لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کاتێك دووڕوو و بێباوەڕەکان تۆمەتێکی ناڕەوایان بۆ خاتوو عائیشە هەڵبەست و بەمەدینەدا بڵاویان کردەوە، ئەبو ئەیوبی ئەنصاری هەواڵەکەی بیست و کاتێك گەڕایەوەماڵەوە خێزانەکەی پرسیاری لێکرد و گوتی: بیستووتە دووڕووەکان چی بە خاتوو عائیشە دەڵێن؟! گوتی: بەڵێ، بەڵام ئەگەر تۆ لەجێی خاتوو عائیشە بیت کاری وا نەبەجێ دەکەیت و خیانەت لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەکەیت؟! گوتی: نەخێر. گوتی: دەی وەڵاهی خاتوو عائیشە زۆر لەتۆ بەڕێز تر و بڕوادار ترە. وە ئەگەر منیش بومایە لە بری صەفوان، هەر گیز کاری وام نەدەکرد و خیانەتم لە پێغەمبەری خودا ﷺ نەدەکرد وە وەڵاهی صەفوان زۆر لەمن چاکتر و باوەڕدار ترە. خوای پەروەردگار لەسەروو حەوت ئاسمانەوە گوێی لەم هەڵوێستە جوانەی ئەم دوو هاوسەرە باوەڕدارە دەبێت و زۆر بەرز دەینرخێنێت و بۆ مێژوو بۆیان تۆمار دەکات و لەقورئاندا باسی دەکات و داوا لە بڕواداران دەکات کە وەك نموونە و پێشەنگ سەیریان بکەن و چاویان لێبکەن و دەفەرموویێت: ﴿لَّوْلَا إِذْ

﴿سِمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْراً وَقَالُواْ هَاذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ﴾[١]. واتە: دەبوو کاتێك کە هەواڵەکەتان بیست گومانی باشتان بەخۆتان ببردایە و- وەك ئەو دوو هاوسەرە- بتان گوتایە پەنا بەخوا ئەوە درۆ و هەڵبەستراوێکی ڕوون و ئاشکرایە.

پێشەوا موزەنی لەو بارەیەوە دەڵێت: (إياك من الكلام ما إن أصبت فيه لم تؤجر، وإن أخطأت تؤزر، وذلك سوء الظن بأخيك)[٢]. واتە: خۆت لە کردنی قسەیەك بپارێزە ئەگەر ڕاستت کردبێت پاداشتی لەسەر وەرنەگریت و ئەگەریش هەڵەت کردبێت لەسەری سزا بدرێیت، ئەو قسەیەیش بریتییە لەگومانی خراپ بردن بە براکەت.

ئەبوبەکری کوڕی عەبدوللایش لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر کەسێکت لەخۆت گەورەتر بینی بڵێ ئەو لەمن باشترە چونکە بەر لەمەن باوەڕی هێناوە و کردەوەی چاکی لەمن زیاترە، وە ئەگەر کەسێکی لەخۆت منداڵ ترت بینی هەر بڵێ: ئەو لەمن باشترە چونکە تاوانی لەمن کەمترە، وە ئەگەر بینیت هاوەڵان و برایانت ڕێزت لێ دەگرن بڵێ ئەوە خۆیان بەڕێزن کە ڕێز لەمن دەگرن، وە ئەگەر کەمتەرخەمیەکیشت لێ بینین بڵێ: ئەوە بەهۆی تاوانی خۆمەوەیە کە بەو چاوە سەیرم دەکەن[١].

کەواتە بەرامبەرەکەمان هەرچی وهەرچۆن بێت پێویستە گومانی باشمان پێی هەبێت.

**پێنجەم:** ڕێزگرتن لە کەسی بەرامبەر و لە بۆچوونەکەی:

ئەم بنەمایە لە دەقەکانی شەریعەتدا گرنگی زۆری پێدراوە و لە زۆر کات و شوێندا ڕەچاو کراوە، بەتایبەتی لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ بۆچونە جیاوازەکانی تردا، لەم بارەیەوە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو لەوانە:

١- خوای گەورە لەچەندین ئایەتدا فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کە بەباشترین و جوانترین شێوە قسە لەگەڵ هەموو خەڵکی بکەین تەنانەت ئەگەر بێباوەڕ و نەیاریشمان بن چ جای ئەوەی برِوادار و برامان بن. لەو بارەییشەوە دەفەرموێت: ﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْناً﴾[٢]. واتە: با قسەتان لەگەڵ خەڵکی باش بێت و گوفتار و ڕەفتارتان

---

١ - سورة النور: الآية (١٢).

٢ - الإمام الذهبي (أبو عبد الله محمد بن أحمد)، سير أعلام النبلاء، ج٨، مؤسسة الرسالة، بيروت، تحقيق: مجموعة محققين بإشراف شعيب الأرناؤوط، ص١٠٢.

شیرین بێت. سەرنج بدەن بەڕێزان خوای گەورە نافەرموێت لەگەڵ بڕواداران بەڵکو دەفەرموێت لەگەڵ هەموو خەڵکی، بە جیاوازی ئاین و ئایدیا و نەتەوە و ڕەگەز و بۆچوونیانەوە.

لە ئایەتێکی تردا فەرمان بەپێغەمبەری خودا ﷺ دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ﴾[٣]. واتا: ئەی موحەممەد ﷺ بە هەموو خەڵکی بڵێ و فەرمانیان پێ بکە با بەباشترین و جوانترین شێوە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، نەبا شەیتان زەفەریان پێ ببات و ڕق و کینە لەنێوانیاندا دروست بکات.

لە ئایەتێکی تردا کاتێك خوای گەورە باس لە بنەماکانی بانگەواز و شێوازی بانگکردنی خەڵکی بۆ ئیسلام دەکات ئاراستەی پێغەمبەر ﷺ و بڕواداران دەکات و فەرمانیان پێ دەکات و دەفەرموێت : ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[٤]. واتە: خەڵکی بانگ بکەن بۆ ڕێبازی ئیسلام بە قورئان و سوننەت و پەند و ئامۆژگاری و بەجوانترین شێوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن.

٢- ئەگەر سەرنجی هەموو ئایەتەکانی قورئان بدەین دەبینین زۆر کات کە خوای گەورە دەیەوێت پەیامەکەی خۆی ئاراستەی چینێك یان دەستە و کۆمەڵێك بکات، بە جوانترین و خۆشترین ناو و نازناو بانگیان دەکات کە خۆیان پێیان خۆشە، بۆ ئەوەی ئەمە زەمینە سازییەك بکات لە دڵ و دەروونیاندا تا پەیامەکەی خوا قبوڵ بکەن.

بۆ نموونە بەرامبەر بە بڕواداران دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ﴾. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران. بەرامبەر بە جو و دیانەکان دەفەرموێت: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ﴾. واتا: ئەی ئەوانەی کە خاوەنی پەیام و پەڕتووکی ئاسمانین. سەرەڕای ئەوەی کە ئەمانە گومڕا و لاڕێ بوون. تەنانەت کاتێك فەرموودەکانی ئاراستەی خەڵکانی بێباوەڕ و لائیکیش دەکات بەو ناوەوە بانگیان ناکات؛ بەڵکو شێوازێکی گشتگیر لەفەرموودەکەدا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی هەستیان بریندار نەکات و ئەو سیفەتە خراپە لەناخیاندا

---

١ – إبن الجوزي، صفة الصفوة، ج٣، ص٢٤٨.

٢ – سورة البقرة: الآية (٨٣) .

٣ – سورة الإسراء: الآية (٥٣).

٤ – سورة النحل: الآية (١٢٥).

قوڵ نەکاتەوە و پێیان دەفەرموێت: ﴿يَا بَنِي آدَمَ﴾. واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم. یان دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ﴾. واتا: ئەی خەڵکینە. دیارە ئەم جۆرە وشانەیش (نەوەکانی ئادەم) یان (خەڵکینە) ڕۆحی یەکسانی و برایەتی لەناو خەڵکیدا قوڵ دەکاتەوە.

جا بەڕێزان: ئەگەر خوایەك بەو هەموو گەورەیی و بێ منەتییەوە ئاوها ڕێز لە بەندەکانی بگرێت، ئەی دەبێت هەڵوێستی ئێمەی باوەڕدار بەرامبەر بەیەکتر لە لایەك و بەرامبەر بەخەڵکی تر چۆن بێت؟!. لەکاتێکدا ئێمە شتێکمان لەخەڵك زیاتر نییە و لەکەسیش بێ منەت نین.

٣- لەسەردەمێك لەسەردەمەکاندا خوای گەورە باشترین بەندەی خۆی کە موسا پێغەمبەر و هارونی برایەتی سەلامی خوایان لێ بێت، ڕەوانەی لای خراپترین بەندەی خۆی دەکات کە فیرعەونە، سەرەڕای ئەوە ئامۆژگارییان دەکات بەوەی کە بەنەرمی قسەی لەگەڵ بکەن و تورەی نەکەن و هەستی بریندار نەکەن و پێیان دەفەرموێت: ﴿فَقُولا لَهُ قَوْلاً لَيِّناً لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى﴾[١]. واتە: بە نەرم و نیان قسەی لەگەڵ بکەن بەڵکو دڵی نەرم دەبێت و یادی خوای دەکەوێتەوە.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە باس لە دەقی ئەو قسانەیش دەکات کە موسا پێویستە بە فیرعەونی بڵێت و پێی دەفەرموێت: ﴿فقُلْ هَلْ لَكَ إِلَى أنْ تَزَكَّى وَأهْدِيَكَ إِلَى رَبِّكَ فتخشَى﴾[٢]. واتە: پێی بڵێن بۆ نایەیت موسوڵمان بیت و دڵ و دەرونت پاك بکەیتەوە، من دەمەوێت دەستگیرۆییت بکەم بۆ لای پەروەردگارت و ڕێگەی ڕاستت نیشان بدەم؛ بەڵکو ترسی خوا لەدڵتدا دروست دەبێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکەیت.

باشە بەڕێزان خۆ خوای گەورە خۆی دەرەنجامی ئەم دان و ستانە دەزانێت و دەشزانێت کە موسا و هارون سەلامی خوایان لێ بێت هەرچی بکەن و هەرچی بڵێن فیرعەون باوەڕناهێنێت و دەستبەرداری سەرسەختی خۆی نابێت، ئیتر بۆچی ئەوەندە گرنگی بەشێوازی قسەکردنی موسا و هارون دەدات و ڕێنموییان دەکات کە نەرم و نیان بن لەگەڵی؟. دیارە لەبەر دوو هۆکارە:

---

١ - سورة طه: الآية (٤٤).

٢ - سورة النازعات: الآيتان (١٨-١٩).

أ- ئەمان هیچ پاساوێك نەدەن بەدەست فیرعەونەوە تا باوەڕ نەهێنێت؛ بەڵکو هەموو ڕێیەکی لێ بگرن بۆ ئەوەی تەنها خۆی بەرپرسیار بێت لەو سەرسەختی و بەد بەختییەی.

ب- خوای گەورە دەیەوێت پێغەمبەران و بانگخوازانی ڕێبازەکەی خۆی فێری شێوازی بانگەواز بکات کە دەبێت چۆن مامەڵە وقسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن چەند سەرسەخت و تاوانباریش بن.

جا بیهێننە پێش چاوی خۆتان ئەگەر خوای گەورە ڕێگە بەپێغەمبەرەکی نەدات قسەی زبر و توند بەفیرعەون بڵێت کە بانگەشەی خوایەتی دەکرد، ئەی چۆن ڕێگە بە ئێمە دەدات و قبوڵی دەکات بەناوی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی ئەووەوە هەڵوێستی توند و ڕەفتاری نەشیاو و گوفتاری زبر و هەست بریندارکەر بەرامبەر بە براکانمان بەکار بهێنین کە لەوانەیە لەزۆر ڕووەوە لە ئێمە باشتر بن؟!!!.

بۆیە هەر کاتێك دەمانەوێت قسە بۆ کەسێك بکەین کە بۆچونی جیاوازی هەیە لەگەڵمان پێویستە هەمیشە ئەوەمان لە پێش چاو بێت کە هەرگیز ئێمە لەموسا باشتر نین و بەرامبەرەکەیشمان لەفیرعەون خراپتر نیە، بۆیە تا دەتوانین دەبێت نەرم و نیان بین لەگەڵی.

٤- پێغەمبەری خودایش ﷺ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و کاری بانگەوازدا زۆر ڕەچاوی ئەم خاڵەی کردوە و هەمیشە ڕێزی بەرامبەرەکەی گرتووە و هەرگیز هەستی بریندار نەکردوە و بەجوانترین شێوە قسەی لەگەڵ کردوە، موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت: یەکەم ڕۆژ کە پێغەمبەری خودام ﷺ تیدا ناسی، ڕۆژێك بوو لەگەڵ ئەبو جەهل دەڕۆیشتین لە مەککە و لەو کاتەدا پێغەمبەری خودامان ﷺ بینی، ڕووی کردە ئەبو جەهل و پێی فەرموو: ﴿يَا أَبَا الْحَكَمِ، هَلُمَّ إِلَى اللهِ وَإِلَى رَسُولِهِ وَإِلَى كِتَابِهِ أَدْعُوكَ إِلَى اللهِ﴾[١]. واتا: ئەی ئەبالحەکەم[٢] وەرە بەدەنگ بانگی خوای گەورە و پێغەمبەر و پەیامەکەیەوە، من بانگت دەکەم بۆ لای خوای گەورە.

---

١ - إبن أبي شيبة، المصنف في الأحاديث والآثار، ج١٠، ص١٧٧.

٢ - ناوی خۆی (عەمری کوڕی هیشام) بوو، بەڵام لەبەر دەسەڵات و قسەڕۆیشتووی ئەو نازناوەیان لێ نابوو.

وە ئەگەر سەرنجی ئەو نامە و نووسراوانەیش بدەین كە بۆ سەرۆك و پادشاكانی وڵاتانی ناردوە، دەبینین چۆن ڕێزی لێگرتون و بەنازناوی جوان بانگی كردوون، بۆ نموونە:

لەنامەیەكی بۆ نەجاشیدا هاتووە: ﴿مِنْ مُحَمّدٍ رَسُولِ اللهِ إلَى النّجَاشِيّ مَلِكِ الْحَبَشَةِ﴾[1]. واتە: لە موحەممەدی پەیامبەری خوداوە بۆ نەجاشی پادشای حەبەشە.

وە لەنامەیەكی بۆ موقەوقەسدا هاتووە: ﴿مِنْ مُحَمّدٍ عَبْدِ اللهِ وَرَسُولِهِ إلَى الْمُقَوْقِسِ عَظِيمِ الْقِبْطِ﴾[2]. واتە: لە موحەممەدی بەندە و پەیامبەری خوداوە بۆ موقەوقەسی گەورەی قیبطییەكان.

وە لە نامەیەكی تریدا بۆ هیرەقل هاتووە: ﴿مِنْ مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ﴾[3]. واتە: لەموحەممەدی بەندە و پەیامبەری خوداوە بۆ هیرەقلی گەورەی ڕۆم.

وە لە نامەیەكیدا بۆ كیسرا هاتووە: ﴿مِنْ مُحَمّدٍ رَسُولِ اللهِ إلَى كِسْرَى عَظِيمِ فَارِسَ﴾[4]. واتە: لە موحەممەدی پەیامبەری خوداوە بۆ كیسرای گەورەی فارسەكان.

بەڕێزان: بە وردی سەرنجی ئەم نامانە بدەن پێغەمبەری خودا ﷺ چەند بە ئەدەب و ڕەوشتی بەرزەوە ئەو خەڵكانە دەدوێنێت كە دەیەوێت بانگیان بكات بۆ ڕێبازەكەی خوای گەورە، كە باسی خۆی دەكات تەنها وەكو بەندەیەك یان پەیامبەرێكی خوا خۆی وێنا دەكات؛ بەڵام كە ناوی ئەوان دەبات بە گەورە و پادشا ناویان دەبات؛ چونكە دەزانێت ئەوان وایان پێخۆشە بەو نازناوانە بانگ بكرێن و ئەویش لەمەدا بێ دڵییان ناكات، تەنها بەخاتری ئەوەی كە دڵیان نەرم بێت و گوێ بۆ پەیامی خوا بگرن و خۆیان و گەلەكانیان لەسزای سەختی دواڕۆژ ڕزگار بكەن.

---

١ – ابن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب)، زاد المعاد في هدي خير العباد، ج٣، مؤسسة الرسالة، بيروت، مكتبة المنار الإسلامية، الكويت، ط١٤، ١٩٨٦، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، عبد القادر الأرناؤوط، ص٦٠٠.

٢ – ابن القيم، نفس المصدر، ج٣، ص٦٠٣.

٣ – البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١) بدء الوحي، باب (١) باب كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله ﷺ،رقم الحديث (٧)، ص٧. مسلم، صحيح مسلم، ج٥، كتاب (٣٣) الجهاد والسير، باب (٢٦) كتاب النبيﷺ إلى هرقل يدعوه إلى الإسلام، رقم الحديث (٤٧٠٧)، ص١٦٣.

٤ – ابن القيم، زاد المعاد، ج٣، ص٦٠٠.

جا خۆشەویستان ئەمە ئاكار و ڕەوشتی پێغەمبەر و پێشەواكەمانە ﷺ لەگەڵ خەڵكانی خوانەناس و دژ بەدین، جا ئایا ئێمە نیو ئەوەندە ڕێز لەیەكتر دەگرین؟! لە كاتێكدا ئێمە هەموومان موسوڵمانین و برای یەكترین و بانگەشەی ئەوە دەكەین كە شوێن سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ كەوتوین؟!!!.

وەڵامی ئەم پرسیارە جێ دەهێڵم بۆ خۆمان، باهەر یەكێمان ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆمان بكەین و بزانین ئێمە تا چەند لەكاتی گفتوگۆ و بیر و ڕا گۆڕینەوە و بانگەوازدا ڕێزی كەسی بەرامبەر دەگرین؟ ئەگەر واین ئەوە با سوپاسی خوا بكەین، كە هیدایەتی داوین وابین و با هەوڵ بدەین خەڵكیش فێری ئەو ڕەوشتە بەرزە بكەین، ئەگەریش وانین با بەخۆماندا بچینەوە و خۆمان چاك بكەین؛ چونكە هەرگیز بانگەواز و ئامۆژگاری بەقسەی زبر و گوتەی ناشرین ناكرێت و ئەنجامی باشی نابێت، دەبێت ئەوەیش لەیاد نەكەین كە ئەگەر بەهۆی قسەیەك یان هەڵوێستێكی ناشیرینی ئێمەوە خەڵك لەدین تۆرا و لارێ بوو یان وازی لە سوننەتێك یان كارێكی چاكە هێنا، ئەو كات بەرپرسیارییەتی قیامەتی ئەو لارێكەوتنەی خەڵكی دەكەوێتە ئەستۆی ئێمە و ئێمەیش باجەكەی دەدەین و لەبری چاكە و خێر، خراپە و سزا تووش دێین.

**شەشەم:** بە ویژدان و دادپەروەرانە مامەڵە كردن لەگەڵ كەسی بەرامبەردا:

بەڕێزان گرنگە ئێمە كاتێك مامەڵە لەگەڵ كەسی بەرامبەر دەكەین و هەڵسەنگاندن بۆ بۆچوونەكەی دەكەین دادوەرانە و بەپێی دەقەكانی شەرع مامەڵەی لەگەڵ بكەین و واقیع چۆنە ئاوها بڕیاری لەسەر بدەین و هەموو چاكە و خراپەكانی ئەو كەسە وەكو هەن بیهێنینە پێش چاوی خۆمان و دوور لە ڕق و حەزی هەڵقوڵاوی ناخی خۆمان بڕیاری لە بارەوە بدەین.

بۆ نموونە: ناكرێت ئێمە بە پاڵنەری حەز و خزمایەتی یان پارە و بازرگانی یان سیاسی و حیزبی یان هەر بەرژەوەندییەكی تری دونیایی بەشان و باڵی خەڵكیدا هەڵبدەین و بەناحەق وەصفی بكەین و مافی بدەین بەسەر خەڵكانی تردا، خوای گەورە لەم بارەیەوە ڕێنموویيمان دەكات و دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾[1]. واتا: ئەگەر قسەتان كرد یاخود شایەتیەكتان دا دەربارەی كەسێك دادوەرانە

---

١ - سورة الأنعام: الآية (١٥٢).

بیکەن و بیڵێن، با کەسەکە خزم و نزیکی خۆیشتان بێت. لە ئایەتێکی تردا و پەهەمان ئاراستە دەفەرمویێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾[1]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران دادوەرانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکەن و لەبەر خوا و ڕاستی چۆنە ئاوها شایەتی بدەن باشایەتییەکە دژی بەرژەوەندی خۆتان و دایك و باوك وخزم وکەس وکاریشتان بێت.

بە پێچەوانەیشەوە ناکرێت بە پاڵنەری ڕق یان ئێرەیی بردن یان خوێندنەوەی پاشخانی فیکری و سیاسی و بەریەککەوتن و لێکترازانی بەرژەوەندی حیزبی حوکم بەسەر خەڵکیدا بدەین، خوای گەورە دەربارەی ئەم حاڵەتەیش دەفەرمویێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾[2]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران پابەند بن فەرمان و سنوورەکانی خوای گەورەوە و دادوەرانە شایەتی لەسەر خەڵکی بدەن و بارِقی خەڵکانێك واتان لێنەکات کە لەگەڵیان نا دادوەر بن و بەناحەق شایەتییان لەسەر بدەن، دادوەر بن لەگەڵیان ئەوە لە هەڵوێستی بڕواداران و لەخواترسانە دەوەشێتەوە و چاوەڕوان دەکرێت.

خۆ ئەگەر وامان نەکرد ئەو کات بەدڵنیاییەوە حوکمەکانمان دادوەرانە نابێت و لاسەنگ دەبێت و دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾[3]. واتە: وەیل[4] بەحاڵی ئەو کەسانەی کە تەرازووبازی دەکەن، ئەوانەی ئەگەر شت بۆ خۆیان کێشانە و پێوانە بکەن پڕ بەپڕی کێشەکەی دەیکێشن؛ بەڵام ئەگەر شتی خەڵکی پێوانە و کێشانە بکەن مافی خۆی پێ نادەن و لێی کەم دەکەنەوە.

---

١ - سورة النساء: الآية (١٣٥).

٢ - سورة المائدة: الآية (٨).

٣ - سورة المطففين: الآيات (١-٣).

٤ - عەبدوڵلای کوڕی عەبباس دەڵێت: وەیل: واتای سەختترین سزای دۆزەخ. سەعیدی کوڕی موسەیەبیش دەڵێت: شیوێکە لەدۆزەخدا ئەگەر هەموو شاخەکانی دونیای بکەیتە ناو دەیتوێنێتەوە. هەندێکی تر دەڵێن: دەرگایەکە لە دەرگاکانی دۆزەخ. سەیری: إبن عادل (عمر بن علی)، اللباب فی علوم الکتاب، ج٢، دار الکتب العلمیة، بیروت، ط١، ١٩٩٨، تحقیق: عادل أحمد عبد الموجود، وعلی محمد معوج، ص٢٠٨. (الشربینی (محمد بن أحمد)، السراج المنیر، ج١، دار الکتب العلمیه، بیروت، ص٦٨.

خۆشەویستان حوکمی ئەم ئایەتە تەنها بۆ شتە مادییەکان نیە؛ بەڵکو شتە مەعنەوییەکانیش دەگرێتەوە، بەوەی کە تۆ کاری خۆت زۆر بەقورس پێوانە بکەیت و بەخەڵکی نیشان بدەیت و بەباڵایدا هەڵبدەیت؛ بەڵام کاری خەڵکی بەکەم سەیر بکەیت و هەوڵ بدەیت لە پێش چاوی خەڵکی سووکی بکەیت و کەموکورتی لێ بدۆزیتەوە.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە باسی ئامۆژگارییەکانی شوعەیبمان بۆ دەکات کاتێك بەگەلەکەی دەفەرموێت: ﴿أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ﴾[1]. واتە: لەکاتی کێشانە و پێوانە کردندا مافی تەواوی خۆی بدەنێ و تەرازووبازی تێدا مەکەن و بەتەرازوویەکی ڕێك و ڕاست و دادوەرانە کێشانەی بکەن و شتی خەڵك بەکەم سەیر مەکەن. جا ئەمە یەکێك بوو لەو نەخۆشیە کوشندانەی کە گەلەکەی شوعەیب تووشی هاتبوون و دواتریش خوای گەورە بەو هۆیەوە لەناوی بردن و بۆیەیش بەسەرهاتەکەیان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە تا ئاگامان لەخۆمان بێت و بەدەردی ئەوان نەچین.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکە با سەرنجی ژیانی پڕ لە فەڕی پێغەمبەری خودا ﷺ بدەین و بزانین ئەو زاتە چەند پیاوێکی دامەزراو و دادپەروەر بووە لە بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی بۆ یار و نەیارەکانی، بۆ نموونە:

- کاتێك ئاراستەی هاوەڵەکانی دەکات کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، لە ستایشی پادشای ئەو وڵاتەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ بِالْحَبَشَةِ مَلِكًا لَا يُظْلَمُ عِنْده أَحَد﴾[2]. واتە: پادشایەك هەیە لە حەبەشە کەس لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا ستەمی لێ ناکرێت. جا هەرچەند ئەم پادشایە بێباوەڕ و موشریکە و لەو ڕووەوە لەگەڵ بێباوەڕانی مەککە جیاوازییەکیان نییە؛ بەڵام لەڕووی ئاکار و ڕەووشتی جوانەوە جیاوازییان هەیە و جیاوازیەکەیشیان ئەوەیە کە ئەو پیاوە کەسێکی دادپەروەرە و ستەم لەکەس ناکات.

- پاش ئەوەی بێباوەڕان پەیماننامەی حودەیبییەیان شکاند و دەستیان کێشایە خوێنی موسڵمانان پێغەمبەری خودا ﷺ بڕیاری ئازادکردنی شاری مەککەی دا و

---

١ - سورة الشعراء: الآيات (١٨١-١٨٣).

٢ - الإمام أحمد، المسند، ج٤، رقم الحديث (١٨٣٠٤)، ص٢٥٩.

زۆریش مەبەستی بوو کە بڕیارەکە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام هەر هاوەڵێکی ئازیزی خۆی بەناوی (حاطەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە) نامەیەکی بۆ بێباوەڕانی مەککە نووسی و بەئافرەتێکدا ڕەوانەی کرد و تێیدا هەواڵی بڕیارەکەی پێغەمبەری ﷺ پێ گەیاندن، لەو کاتانەدا خوای گەورە لەڕێی جبریلەوە سەلامی خوای لێ بێت، پێغەمبەری خودا ﷺ لە کارەکەی (حاطەب) ئاگادار کردەوە، ئەویش بەپەلە پێشەوا عەلی و زوبەیری کوڕی عەووام ومیقدادی کوڕی ئەسوەد ڕەوانە کرد بەشوێن ئافرەتەکەدا و لەکێشەکە ئاگاداری کردنەوە، کە ڕۆیشتن لەهەمان ئەو شوێنە ئافرەتەکەیان دەستگیر کرد کە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووبوون و نامەکەیان لێ سەندەوە و هێنایانەوە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و کەنامەکەیان بۆ خوێندەوە بینی نامەکە بەمەبەستی ئاشکراکردنی بڕیارەکەی پێغەمبەرﷺ لای سەرانی قوریەش نێردراوە، ئەویش (حاطەب) ی بانگ کرد و پێی فەرموو: ﴿يَا حَاطِبُ مَا هَذَا ؟!﴾. واتە: ئەی حاطب ئەوە چییە من دەیبینم و چۆن کاری وات کردوە؟!. حاطب گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ پەلەم لێ مەکە، من پیاوێکی بێ کەسم و کاتی خۆی قورەیش پەنای منی داوە، هەموو ئەو هاوەڵانەی ترت کە لە مەککەوە کۆچیان کردوە خۆیان بەڕەگەز خەڵکی مەککەن و خزم و کەسیان هەیە لە مەککە و خزمەکانیان بەرگری لە ماڵ و منداڵەکانیان دەکەن، جا لەبەر ئەوەی کەمن بێکەسم ویستم خزمەتێکیان بکەم تا دەست نەکێشنە ماڵ و منداڵەکەم، وە ئەوەی کردوومەوە نە لە بێباوەڕیمەوەیە ونە کوفریشم پێ باشترە لە ئیسلام. کە (حاطەب) قسەکانی تەواو کرد پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: ﴿صَدَقَ، وَلَا تَقُولُوا لَهُ إِلَّا خَيْرًا﴾. واتە: ڕاست دەکات جگە لەقسەی خێر کەس شتێکی تری پێ نەڵێت. پێشەوا عومەر دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو دوو ڕووە خیانەتی لە خوای گەورە و لە پێغەمبەری خودا ﷺ و لەبڕوادارانیش کردوە، ڕێگەم بدە با لە گەردنی بدەم و بیکوژم. پێغەمبەری خودا ﷺ لەوەڵامدا فەرمووی: ﴿أَلَيْسَ مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ.. لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ إِلَى أَهْلِ بَدْرٍ فَقَالَ اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ وَجَبَتْ لَكُمْ الْجَنَّةُ أَوْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ﴾[1]. واتە: ئەی عومەر ئەی ئەو یەکێك نیە لەو پیاوانەی کە

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٤، كتاب (٦٧) المغازي، باب (٨) فضل من شهد بدرا، رقم الحديث (٣٧٦٢)، ص١٤٦٣. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٥) فضائل الصحابة، باب (٣٦) من فضائل أهل بدر رضي الله عنهم، وقصة

لەغەزای بەدردا بەشدارییان کردووە؟! خوای گەورە خۆی ئاگادار و زاناترە بەوەی کەهاوەڵانی بەدر دەیکەن و مژدەی ئەوەی پێ داون کە هەرچی دەکەن بیکەن هەر بەهەشتتان پێ دەدەم و لێتان خۆش بووم. ئەوجا پێشەوا عومەر کە غەزای بەدر و هەڵوێستی جوامێرانەی (حاطەب) ي لەو غەزایەدا هاتەوە بیر دەستی بەگریان کرد و گوتی: خودا و پێغەمبەری خودا ﷺ خۆیان باشتر دەزانن.

بەڕێزان: خۆزگە ئێمە کەمێك لەوانەکانی ئەم فەرموودەیە بەهرەمەند بووینایە و کارمان پێ بکردایە و بمانکردایەتە تەرازوویەك بۆ هەڵسەنگاندنی یەکتر، ئەو کات پێم وایە زۆرێك لەکێشەکانمان چارەسەر دەبوو؛ چونکە ئەگەر بەپێوەرە دونیاییەکانی ئێمە بێت: ئەم پیاوە ناپاکی بەرامبەر پێغەمبەری خودا ﷺ و موسوڵمانان کردووە و ئەگەر کارەکەی سەری بگرتایە و نامەکە بە قوڕەیش بگەشتایە و قوڕەیش خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکردایە لەوانەیە سەدەها هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ بەهۆی نامەکەی ئەمەوە ببونایەتە قوربانی و ئەنجامی جەنگەکەیش تەواو پێچەوانە ببوایەتەوە؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە پێغەمبەری خودا ﷺ نەك هەر سزای (حاطەب) نادات تەنانەت لێیشی تورە نابێت و ڕێگە نادات کەسیش لێی تورە بێت و یان قسەی پێ بلێت و بگرە بەرگریشی لێ دەکات، هەموو ئەمانە دەبەخشێت بە چاکەی بەشداریکردنی لە بەدردا.

- لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە جارێکیان پیاوێك بەسەرخۆشی دەهێننە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەوەی سزای بدات، وە ئەو پیاوە بەر لەوە چەند جارێکی تر عارەقی خواردۆتەوە و لەسەری سزا دراوە، کەدەیهێنن پیاوێك لەخزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ دانیشتووە قسەی پێ دەڵێت و دەڵێت: نەفرەتی خوای لێ بێت ئەمە چەند جار عارەق بخواتەوە؟!. پێغەمبەری خودا ﷺ قسەی ئەم پیاوەی پێ ناخۆش دەبێت و پێی دەفەرموێت: ﴿لَا تَلْعَنُوهُ فَوَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ إِنَّهُ يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾[1]. واتە:

---

حاطب بن أبي بلتعة، رقم الحديث (٦٥٥٧)، ص١٦٧. واللفظ للبخاري.

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٦، كتاب (٨٩) الحدود، باب (٥) ما يكره من لعن شارب الخمر، وأنه ليس بخارج من الملة، رقم الحديث (٦٣٩٨)، ص٢٤٨٩.

نەفرەتی لێ مەکەن – و قسەی پێ مەڵێن- وەڵڵاهی ئەوەندەی من بزانم ئەو پیاوە خودا وپێغەمبەری خودای ﷺ خۆش دەوێت.

کەواتە با ئەم کەسە خراپەکاریش بێت بەڵام لەبەرامبەر خراپەکانی چاکەی هەیە و پێویستە دادوەرانە هەڵسەنگاندن بۆ چاکە و خراپەکانی بکرێت و خراپەکانی ببەخشرێتە چاکەکانی.

هەر بۆیە ئەو هاوەڵانەی کە لەسایەی ئەم شەریعەتە و لەسەر دەستی ئەو پێغەمەرە ئازیزەدا ﷺ پەروەردە بوون لەم ڕووەوە زۆر ناوازە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کردووە، دەگێڕنەوە لە سەردەمی جێنشینی پێشەوا عەلیدا، کاتێك خەواریجەکان دروست بوون و لێی هەڵگەڕانەوە و پێشەوا عەلییان بەکافر لەقەڵەم دا و چەکیان دژی هەڵگرت و خوێنیان حەڵاڵ کرد، هاوەڵەکانی پرسیاریان لێکرد: کە ئایا ئەوانە کافرن؟. فەرمووی: نەخێر بەڵکو ئەوانە لەکوفر ڕایان کردووە. گوتیان: ئەی کەواتە موونافیق و دووڕوون؟. فەرمووی: نەخێر؛ چونکە موونافیقەکان زۆر بەکەمی یادی خوا دەکەن، بەڵام ئەمانە کە لەپاڵیاندا نوێژ دەکەیت، ئەوەندە بەجوانی نوێژەکانیان دەکەن نوێژەکەی خۆتت لە پێش چاو دەکەوێت. گوتیان: دەی کەواتە حوکمیان چییە؟ فەرمووی: براکانی دوێنێمانن ئەمڕۆ لێمان هەڵگەڕاونەتەوە[(١)].

کەواتە سەرەڕای ئەو هەڵوێستە خراپەی خەواریجەکان، ئەم ڕێگە نادات خەڵکی تۆمەتی خراپیان بخەنە پاڵ و زۆر دادوەرانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات و بەرامبەر بەخراپەکانیان باس لەچاکەکانیان دەکات، ئاخۆ ئەگەر ئێمە بووینایە چیمان بگوتایە و چیمان بکردایە و چۆن بکەوتینایەتە باس کردن و ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنیان بەهەرچی شتی نەشیاو و دوور لە دینە؟!!!.

ئێمە ئەمڕۆ لەهیچی نەبوو و لەسەر شتی زۆر بچوك چاکەکانی یەکتر و خاڵە هاوبەشەکانمان لەبیر دەکەین و یەکتر بە موبتەدیع و دووڕوو و لاڕێ و هەندێك جاریش کافر ناو دەبەین، جا ئەمە نەك تەنها لەسەر ئاستی تاك بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵیش بەزەقی دەبینرێت، و هەندێك برامان هەیە لەسەر یەك هەڵەی زۆر بچوك

---

١ - البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي)، السنن الكبرى، ج٨، مجلس دائرة المعارف النظامية، الهند، حيدر آباد، ط١، ١٣٤٤، رقم الحديث (١٧١٥٨)، ص١٧٣.

یەك لایەنی ئیسلامیت بۆ سفر دەکاتەوە و هەرچی چاکەیان هەیە بۆت بەرامبەری هیچ دەکات و ئەوەی خودا پێی ناخۆش بێت بەرامبەریان دەیڵێت و دەیکات. جا نازانم ئەم جۆرە هەڵوێست و هەڵسەنگاندنانە لە کوێی شەرع و لەگەڵ کام دەقی قورئان و کام هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی یەك دەکاتەوە؟!!!.

بەڕێزان ئێمە چ لەسەر ئاستی تاك یان کۆمەڵ کاتێك تووشی هەڵە یان هەڵدێرێك دەبین، مانای ئەوە نیە ئیتر لەبازنەی باوەڕ چوینەتە دەرەوە و نابێت وەکو باوەڕدار ئەژمار بکرێین و مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت؛ چونکە ئێمە هەموومان لە کۆتاییدا مرۆڤین و مرۆڤیش هەر هەڵە دەکات، بەتایبەتیش ئەوانەی کە سەرقاڵی کاری ئیسلامی دەبن زۆر کات فشار و قەیرانەکان ئەوەندە زۆرن تووشی هەڵە و هەڵدێران و لادانیان دەکات، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، جا ئەرکی برایەتی وا دەخوازێت ئەگەر هەڵوێستێکی لەو جۆرەمان بینی دڵسۆزانە بیریان بخەینەوە و هەڵەکانیان بە گیانێکی برایانە و دڵسۆزانە بۆ ڕاست بکەینەوە.

سەعیدی کوڕی موسەیەب دەڵێت: (ليس من شريف، ولا عالم، ولا ذي فضل إلا وفيه عيب، ولكن من الناس من لا ينبغي أن تذكر عيوبه، فمن كان فضله أكثر من نقصه وهب نقصه لفضله)[١]. واتە: هیچ کەسێکی بەڕێز و زانا و خاوەن چاکە بێ کەموکورتی نابێت؛ بەڵام خەڵکانێك هەن نابێت کەموکورتییەکانیان باس بکرێت؛ چونکە هەر کەس چاکەکانی لە کەموکورتییەکانی زیاتر بوون، کەموکورتییەکانی دەبەخشرێتە چاکەکانی.

پێشەوا شاطبیش دەڵێت: (زلة العالم لا يصح اعتمادها من جهة، ولا الأخذ بها تقليدا له،... كما أنه لا ينبغي أن ينسب صاحبها إلى التقصير، ولا أن يشنع عليه بها، ولا ينتقص من أجلها، أو يعتقد فيه الإقدام على المخالفة بحتا فإن هذا كله خلاف ما تقتضي رتبته في الدين)[٢]. واتە: هەڵەی کەسی زانا ناکرێت بکرێتە بەڵگە و کاری پێ بکرێت و چاوی لێ بکرێت، لەهەمان کاتیشدا ناکرێت خاوەنەکەی وەکو کەسێکی کەم تەرخەم بناسێنرێت و پێی ناشیرین بکرێت و

---

١ - إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، البداية والنهاية، ج٩، ص١٠٠، مكتبة المعارف، بيروت.

٢ - الشاطبي (إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي)، الموافقات في أصول الشريعة، ج٥، ط١، ١٩٩٧، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن، ص١٣٦.

سوکایەتی پێ بکرێت، یان باوەڕت وابێت کە بە ئارەزوو ئەو هەڵەیەی کردوە؛ چونکە هەموو ئەمانە پێچەوانەی ڕێز و پلەی زانایانن لە ئیسلامدا.

ئیبن قەیمیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (من قواعد الشرع والحكمة أن من كثرت حسناته وعظمت، وكان له في الإسلام تأثير ظاهر، فإنه يحتمل منه ما لا يحتمل من غيره، ويعفى عنه ما لا يعفى من غيره، فإن المعصية خبث والماء إذا بلغ القلتين لم يحمل الخبث بخلاف الماء القليل فإنه يحمل أدنى الخبث)[1]. واتە: یەکێك لە بنەماکانی شەرع و ژیری ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك چاکەکانی زۆر بوون و کاریگەری هەبوو لەئیسلامدا و جێ دەستی دیار بوو، ئەوە ئەو چاوپۆشی و لێبوردەییەی لە هەڵەی ئەو دەکرێت لە هەڵەی خەڵکی تر ناکرێت؛ چونکە تاوان پیسییە و ئاویش ئەگەر زۆر بوو ئیتر پیسی هەڵناگرێت و پێوەی دیار نابێت، بە پێچەوانەی ئاوێکی کەمەوە کە بە بچوکترین پیسی پیس دەبێت.

**حەوتەم:** جیاوازییەکان سنووری بیر و ڕا و بابەتە شەرعییەکان تێنەپەڕێنێت و سەر نەکێشێت بۆ دڵەکانمان:

خۆشەویستان پێویستە هەمووومان ئەو ڕاستییە بزانین کە جیاوازییەکانی ئێمە پەیوەندی بەلێکدانەوەی جیاوازمانەوە هەیە بۆ دەقە شەرعییەکان و شێوازی کارکردنمانەوە، نەك بەخودی خۆمانەوە؛ بۆیە پێویستە لەو سنووورەدا بمێنێتەوە و خوێندنەوەی شەخصی بۆ نەکرێت و هەموو موسڵمانێك وەکو یەك بەبرای خۆمان بزانین، ئیتر لەگەڵمانە یان نا ئەوە پەیوەندی نییە بە خۆشەویستی و برایەتی ئیمانی و ڕۆحییمان و هیچ کاریگەریشی نییە لەسەر باشی یان خراپی ئەو کەسە؛ بەڵکو باشی وخراپی هەموو کەس پەیوەندی ڕاستەخۆی بە پەیوەندی نێوان ئەو کەسە خۆی و خوای گەورەوە هەیە، نەك پەیوەندی نێوان ئێمە و ئەوەوە.

سەبارەت بەم خاڵە ئەگەر سەرنجی ژیانی پێغەمبەری خودا بدەن ﷺ دەبینین هەرکات ڕەخنەی لەکاری کەسێك هەبووبێت هەرگیز ڕەخنەی لە خاوەنەکەی نەگرتووە و ناویشی نەبردووە؛ بەڵکو زۆر بابەتیانە و بەڕەوشتێکی بەرزەوە هەڵەکەی بۆ ڕاست کردۆتەوە بەبێ ئەوەی بهێڵێت دڵی کەسەکە گەرد بگرێت یان هەر بهێڵێت کەس بزانێت کە مەبەستی کێیە بۆ نموونە:

---

١ - إبن القيم، مفتاح دار السعادة ومنشور ولاية العلم والإرادة، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت، ص١٧٦.

بینیویەتی هەندێك لە هاوەڵەکانی لەکاتی نوێژدا چاویان بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە ئەویش فەرموویەتی: ﴿مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَرْفَعُونَ أَبْصَارَهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فِي صَلَاتِهِمْ...﴾[١]. واتە: ئەوە چییە خەڵکانێك لە کاتی نوێژدا چاویان بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە.. ئیتر بەبێ ئەوەی ناوی کەسەکە ببات؛ چونکە ئامانج و مەبەستی ئەو ڕاستکردنەوەی هەڵەکەیە نەك شکاندنی خاوەنەکەی.

یان جارێکیان دەبیستێتەوە هەندێك لە هاوەڵەکانی خۆیان لە شتانێك دەپارێزن کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی دەیانکات، وەك ئەوەی بڵێی ئەوان زیاتر لە خوا بترسن ئەویش بەبێ ئەوەی بپرسێت ئەوانە کێن و چین و چۆن وا دەکەن دەچێتە سەر مینبەر و دەفەرموێت: ﴿مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَتَنَزَّهُونَ عَنِ الشَّيْءِ أَصْنَعُهُ فَوَاللَّهِ إِنِّي لَأَعْلَمُهُمْ بِاللَّهِ وَأَشَدُّهُمْ لَهُ خَشْيَةً﴾[٢]. واتە: ئەوە چییە خەڵکانێك خۆیان بەدوور دەگرن لەشتانێك کەمن بۆ خۆم دەیانکەم، وەڵاهی من لەهەمووتان باشتر خوا دەناسم و لەهەمووشتان زیاتر لێی دەترسم.

ئەمانە و چەندین فەرموودەی ترمان لەم بارەیەوە هەیە، کە پێغەمبەری خودا ﷺ بەووشەی ﴿مَا بَالُ أَقْوَامٍ﴾ قسە لەسەر هەندێك دیاردەی دزێوی ناو هاوەڵەکانی دەکات و چارەسەری دەکات، بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێت یان ڕوویان بشکێنێت.

جا نەك تەنها لەگەڵ هاوەڵە موسوڵمانەکانی بەم شێوازە مامەڵەی کردوە، بەڵکو لەگەڵ دووڕووەکانیش هەر بەهەمان شێوە مامەڵەی کردووە، سەرەڕای ئەوەی ئەوان چەندین پلانی دوژمنکارانەیان دژی دارشتووە؛ بەڵام ئەو ناوی نەزڕاندون و تەنانەت ناوەکانیشی ئاشکرا نەکردوون[٣]، و هەر وەك خەڵکێکی موسوڵمان مامەڵەی لەگەڵ

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١٦) صفة الصلاة، باب (١٠) رفع البصر إلى السماء في الصلاة، رقم الحديث (٧١٧)، ص٢٦١. مسلم، صحيح مسلم، ج٢، كتاب (٥) الصلاة، باب (٢٦) النهي عن رفع البصر إلى السماء في الصلاة، رقم الحديث (٩٩٤). واللفظ للبخاري.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٨١) الأدب، باب (٧٢) من لم يواجه الناس بالعتاب، رقم الحديث (٥٧٥٠)، ص٢٢٦٣.

٣ - جگە لە حوزەیفەی کوڕی یەمان کە خاوەنی نهێنییەکانی بووە ناوەکانیانی بەکەس نەگوتووە. حوزەیفەیش هەتا مرد ناوەکانی ئاشکرا نەکردن؛ چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ وەکو نهێنییەك بەوی گوتبوو، ئەویش دەیگوت من نهێنی پێغەمبەری خودا ﷺ لای کەس ئاشکرا ناکەم. تەنانەت پێشەوا عومەر چوو تەکلیفی لێکرد،

کردوون و ڕۆژێك لە ڕۆژانیش ڕووی نەشکاندون و بەکەسێکیانی نەگوتووە تۆ دووڕوو و موونافیقیت. نەك هەر ئەوەندە بگرە تەنانەت ڕووی لێ گرژ نەکردوون و بەساردی مامەڵەی لەگەڵ نەکردون؛ نەبا هاوەڵەکانی هەست بکەن بەوەی کە ئەوانە دووڕووون بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵیان ساردە و ڕوویان ناداتێ. لەبری ئەوە هاتووە سیفات و نەریتە خراپەکانیانی باس کردوە، بۆ ئەوەی موسوڵمانان خۆیانی لێ بپارێزن.

کەواتە بەڕێزان: پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو پەڕی هەوڵی داوە بۆ ئەوەی کە جیاوازییەکانی تەنانەت لەگەڵ دوژمەنکانیشی شتی شەخصی و تایبەتی تێ نەکەوێت و لەسنووری بابەتە زانستییەکان دەرنەچێت.

لەپاش ئەویش پێشین و زانایانی موسوڵمان بە هەمان ئەو ڕۆحییەتە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر کردوە؛ بۆیە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بیرورا جیاوازەیاندا ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەوویستیشیان بۆ یەکتر هەبووە، بۆ نموونە:

- پێشەوا ئەبوبەکر و عومەر، کەپاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ ئەم دووانە باشترین مرۆڤی سەرزەوی بوون، بەدەگمەن بۆچوونەکانیان یەکی گرتۆتەوە و لەسەر بابەتێك هاوڕا بوون و هەمیشە بۆچوونەکانیان جیاواز بووە؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەیش ئەبوبەکر پێش ئەوەی وەفات بکات بڕیار دەدات کە عومەر بکاتە جێنشینی خۆی، پیاوێك لێی دەپرسێت: چی وەڵامی خوای گەورە دەدەیتەوە ئەگەر لێی پرسیت چۆن عومەرت کردۆتە جێنشینی خۆت، لەگەڵ ئەوەی دەشزانیت کەچەند توند و تورەیە؟. لەوەڵامدا دەڵێت: (أجلسوني، أبالله تخوفوني؟ أقول: اللهم استخلفت عليهم خير أهلك)[1]. واتە: دامنیشێنن، وابزانم بەخوا دەمترسێنن؟ لە وەڵامدا دەڵێم: خوای گەورە باشترین بەندەی خۆتم کردووە بەجێنشینی خۆم لەسەریان.

---

کەناوەکانیانی پێ بڵێ. پێی نەگوت، دواتر لێی پرسی: کە منی تیام؟ گوتی نەخێر. تۆی تیا نیت. بەڵام جگە لە تۆ بە کەسی تر ناڵێم. دواتر پێشەوا عومەر هەر کەسێك بمردایە چاوەڕوانی دەکرد بزانێت حوزەیفە نوێژی لەسەر دەکات یان نا، ئەگەر حوزەیفە نوێژی لەسەر نەکردایە، ئەویش نوێژی لەسەر نەدەکرد؛ چونکە دەیزانی موونافیقە بۆیە حوزەیفە نوێژی لەسەر ناکات.

١ - إبن سعد (محمد بن سعد بن منيع)، الطبقات الكبرى، ج٣، ط١، ص١٩٦٨، تحقيق: إحسان عباس، ص١٩٩.

- جارێکیان پیاوێك بە پێشەوا عومەر دەڵێت تۆ باشتریت لە ئەبوبەکر، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: (والله لليلة من أبي بكر و يوم خير من عمر وآل عمر)[١]. واتە: وەڵاهی تەنها یەك شەو و ڕۆژی ئەبوبەکر لەهەموو عومەر و بنەماڵەکەیشی باشتر بووە.

- پێشەوا عومەر و عەبدوللای کوڕی مەسعود لە زیاتر لەسەد بابەتی فیقهی بۆچوونیان جیاواز بووە، سەرەڕای ئەوەیش جارێکیان پێشەوا عومەر لەگەڵ خەڵکێك لە مەجلیسێکدا دانیشتووە و عەبدوللایش دێت، لەبەر بچوکی لەپشت مەجلیسەکەوە زۆر دیار نابێت، و بەپێوە دەوەستێت و لەگەڵ پێشەوا عومەر دەست بەقسەکردن دەکات و قسەی خۆشی لەگەڵ دەکات و دەیهێنێتە پێکەنین، دواتر کە عەبدوللا دانیشتنەکە بەجێ دەهێڵێت پێشەوا عومەر هەر سەیری دەکات و دەفەرموێت: (كنيِّف ملئ علما)[٢]. واتە: هەگبەیەکی پڕ لەزانستە.

- ڕۆژێك دوو کەس کێشەیەکیان بۆ دروست دەبێت لەسەر خوێندنەوەی ئایەتێك، دێنە لای عەبدوللای کوڕی مەسعود، یەکێکیان دەڵێت: من کاتی خۆی پێشەوا عومەر وای فێر کردوم، عەبدوللای کوڕی مەسعود کە گوێی لەوە دەبێت، دەداتە پرمەی گریان و ئەوەندە دەگری تا زەویەکەی بەردەمی تەڕ دەکات، دواتر پێی دەڵێت: (اقرأ كما أقرأك عمر فإنه كان للإسلام حصناً حصيناً، يدخل الناس فيه ولا يخرجون منه، فلما أصيب عمر انثلم الحصن)[٣]. واتە: بەو شێوەیە بیخوێنە کە عومەر فێری کردویت؛ عومەر بۆ ئیسلام شورایەکی پۆڵایین بوو، خەڵکی دەهاتنە ناوی و لێی دەرنەدەچوون، کە عومەر نەما شوراکە درزی برد و کەلێنی تێ کەوت.

- جارێك کێشەیەك دەکەوێتە نێوان سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و خالیدی کوڕی وەلیدەوە، پیاوێکیش دێت و لەلای سەعد قسە بەخالید دەڵێت و بەخراپ باسی

---

١ - الدينوري (أبو بكر أحمد بن مروان)، المجالسة وجواهر العلم، ج٥، دار إبن حزم، بيروت، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، ص٣٨٠.

٢ - أبونعيم الأصفهاني (أحمد بن عبد الله بن أحمد)، معرفة الصحابة، ج٤، ط١، ١٩٩٨، دار الوطن، الرياض، تحقيق: عادل بن يوسف العزازي، ص١٧٧٣.

٣ - إبن سعد، الطبقات الكبرى، ج٣، ص٣٧١.

دەكات، سەعدیش لێی تورە دەبێت و پێی دەڵێت: (مه فإن ماييننا لم يبلغ ديننا)[1]. واتە: بێ دەنگ بە، ئەوەی لە نێوان من و خالیدایە نەگەیشتۆتە دینمان.

هەر بۆیە ئیبن تەیمییە كاتێك باسی هاوەڵانی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ دەكات دەڵێت: (وتنازعوا في مسائل علمية اعتقادية كسماع الميت صوت الحي، وتعذيب الميت ببكاء أهله، ورؤية مُحَمَّد ﷺ ربه قبل الموت، مع بقاء الجماعة والألفة)[2]. واتە: لەسەر زۆر بابەتی زانستی كە هەندێكیان پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەبووە ناكۆك بوون و بۆچونیان جیاواز بووە، وەك ئەوەی ئایا مردوو پاش مردنی گوێی لەدەنگی زیندوو دەبێت؟. وە ئایا مردوو بەهۆی گریانی كەسوكارەكەیەوە سزا دەدرێت؟. وە ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ بەر لەوەفاتی خوای گەورەی بینیوە؟، بەڵام سەرەڕای ئەوانە خۆشەویستی و تەبایی و برایەتییان پاراستوە.

- پێشەوا شافعی لەگەڵ پێشەوا ئەحمەد تابڵێی بۆچوونی جیاوازیان زۆر بووە و هەر یەكەیان مەزهەبێكی تایبەت و سەربەخۆی هەبووە لەوی تر، سەرەڕای ئەوەش ئەوەندە خۆشەویستی و ڕێز لەنێوانیان هەبووە، كە قسەكانیان دەربارەی یەكتر دەخوێنیتەوە دەڵێی ئەم دووانە هەرگیز بۆچوونی جیاوازیان لەیەكتر نەبووە، بۆیە كاتێك پێشەوا شافعی وەفات دەكات، ئەحمەد ئەوەندە بۆی دەگری و بۆی بەپەرۆش دەبێت، تا ڕۆژێك كوڕەكەی پێ دەڵێت: بابە ئەو شافعییە كێیە ئەوەندە بۆی بەپەرۆشی؟. ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: كوڕم شافعی بۆ دونیا وەكو ڕۆژ و بۆ خەڵكیش وەكو لەش ساغی وابوو، جا ئەگەر ئەم دووانە نەمێنن چ شتێك هەیە جێگەكەیان پڕ بكاتەوە؟!. هەروەها دەڵێت: سیساڵی تەواو شەو نەبووە من دوعای خێر بۆ شافعی نەكەم و داوای لێخۆشبوونی بۆ نەكەم. شافعیش دەربارەی ئەحمەد دەڵێت: كاتێك بەغدادم بەجێ هێشت لە ئەحمەدی كوڕی حەنبەل زانا تر و خواناس تر و بەڕێز ترم تێدا جێ نەهێشتووە[3].

---

١ - الآبي (أبو سعد منصور بن الحسين )، نثر الدرر، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١،٢٠٠٤، تحقيق : خالد عبد الغني محفوظ، ص٨١.

٢ - إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج١٩، ص١٢٣.

٣ - إبن الجزري، جامع الأصول في أحاديث الرسولﷺ، ج١٢، مكتبة الحلواني، مكتبة دار البيان، ص١٦٧. الذهبي (محمد بن أحمد)، تذكرة الحفاظ، ج٢، دراسةوتحقيق: زكريا عميرات، دار الكتب العلمية بيروت، لبنان، ص١٦.

- یونسی صەدەفی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە شافعی ژیرتر و زاناترم نەبینیوە جارێكیان لەسەر بابەتێكی فیقهی كێشەیەكی توند كەوتە نێوانمانەوە. دواتر كە یەكترمان بینییەوە سەلامی لێكردم و دەستی گرتم و گوتی: (یا أبا موسی، ألا یستقیم أن نكون إخوانا وإن لم نتفق في مسألة)[1]. واتە: ئەی باوكی موسا ئایا ناكرێت ئێمە برای یەك بین ئەگەر چی لەسەر یەك بابەتی فیقهیش بۆچوونمان یەك نەكاتەوە.

- لەسەردەمی ئەمڕۆشماندا د.یوسف قەرضاوی كاتێك كتێبی (الحلال و الحرام فی الإسلام) دەنووسێت دەینێرێتە سعودیە تا لەوێ بۆی چاپ بكرێت، دیارە زانایانی سعودیە و لیژنەی باڵای فەتوای ئەو وڵاتە كۆمەڵێك تێبینیان لەسەر كتێبەكە دەبێت و شێخ بن باز خۆی نامەیەك بۆ شێخ قەرضاوی دەنێرێت و تێیدا داوا دەكات كە ئەوشتانەی كتێبەكەی بگۆڕێت تا بۆی چاپ بكەن، شێخ قەرضاویش زۆر بەئەدەبێكی جوان و پڕ لە ڕێزەوە وەڵامی داواكەی شێخ بن باز دەداتەوە و لەنامەیەكدا بۆی دەنووسێت: (لو كان من حق الإنسان أن یدین الله بغیر ما أداه إلیه اجتهاده، ویتنازل عنه لخاطر من یحب، لكان سماحتكم أول من أتنازل له عن رأیي؛ لما أكن لكم من حب وإعزاز واحترام، ولكن جرت سنة الله في الناس أن یختلفوا). واتە: ئەگەر مرۆڤ بۆی هەبوایە بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆیەوە خواناسی بكات و لەبەر خاتری خۆشەویستانی سازش لەسەر بۆچوونەكانی بكات، ئەوە جەنابت یەكەم كەس دەبویت كە من سازشم بۆ دەكرد لە بۆچوونی خۆم؛ چونكە ئەوەندە ڕێز و خۆشەویستی و گەورەییت هەیە لەدڵمدا؛ بەڵام سوننەتی خوا لەناو خەڵكیدا واهاتووە كە بۆچوونەكانیان جیاواز بێت.

ئێمەیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پێویستە لەوە حاڵی بین كە لەهەر گروپ و لایەنێك بین جیاوازییەكانمان لاوەكین و لەسەر هەندێك وردەكاری فیقهین و نابێت ڕێگە بدەین ئەو جیاوازییە فیقهیانە سەر بكێشن بۆ ناو دڵ و دەروونمان و ببنە مایەی تێكدانی پەیوەندیەكانمان.

دەكرێت ئەم خاڵە وەك مەرجی سەرەكی ئەژمار بكرێت بۆ ڕێگە پێدان یان یاساغ و حەرام بوونی كاری ئیسلامی بەنیسبەت هەر تاكێكی موسوڵمان.

---

١ - الذهبي، سیر أعلام النبلاء، ج١٩، ص١٠.

مەبەستم ئەوەیە هەر موسوڵمانێك كە لەم ڕابوونەدا لەگەڵ لایەنێکی ئیسلامی یان تەوژمێکی فیکری کار دەکات، ئەگەر توانی شان بەشانی کارکردنی لەگەڵ لایەنەکەی خۆی گیانی برایەتی و خۆشەویستی و تەبایی لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی لایەنەکانی تر بپارێزێت، ئەوە کارەکەی ڕێگە پێدراوە و شەرعییە، ئەگەریش پەیوەندی ئەم بەلایەنێکەوە وای کرد تەنها خۆی و لایەنەکەی بەڕاست بزانێت و ڕق و کینەی بەرامبەر خەڵکانی تری موسوڵمان و ئەندامانی لایەنەکانی تر بۆ دروست کرد، یان بەچاوی کەم سەیری کردن و تووشی غەیبەت و قسەی نابەجێی کرد، ئەو کات بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو کار و پەیوەندییەی ئەو حەرامە و ناشەرعییە و پێویستە وازی لێ بهێنێت.

سەبارەت بە کۆمەڵ ولایەنەکانیش هەر کۆمەڵێك، یان لایەنێك، یان دەستە و تاقمێك، یان مامۆستاو شێخێك ئەندام و لایەنگرانی خۆی وا ڕابهێنێت و فێر بکات کە تەنها خۆیان بەڕاست بزانن و هەموو خەڵکی تر بەهەڵە بزانن و فێری ڕق و کینە و دووبەرەکییان بکات، ئەوە بوون بەئەندام لەو لایەنەدا یان مانەوە لەگەڵ ئەو مامۆستاو شەیخەدا حەرامە، حەرامە، حەرامە.

**هەشتەم:** کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان و گفتوگۆکردن لەسەر خاڵە جیاوازەکان:

ئێمە وەکو خەڵکانی موسوڵمان ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە کۆمان دەکاتەوە زۆر زیاترن لەو خاڵانەی کە بیروڕامان دەربارەیان جیاوازە. خاڵە جیاوازەکانیشمان زۆربەیان شتی لاوەکین و شایەنی باس نین؛ کەچی مەخابن هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و شێوازی مامەڵە کردنی ئێمە لەگەڵ یەکتر و لەسەر ئەو خاڵانە دیمەنەکە تەواو پێچەوانە نیشان دەدات، بە شێوازێك کە ئەگەر کەسێك شارەزای ئیسلام نەبێت و هەڵوێستی هەندێك موسوڵمان ببینێت وادەزانێت کە ئێمە خاڵی هاوبەشمان هەر نییە یان هەمانە و دەگمەنە.

ئەم شێوازی مامەڵە کردنەیش پێچەوانی شێوازی مامەڵەکردنی قورئانە لەگەڵ جیاوازییەکان؛ چونکە ئەگەر سەیری قورئان بکەین کاتێك باس لە ئاینەکانی تر دەکات و دەیەوێت شوێنکەوتووەکانیان بانگ بکات بۆ ئیسلام جەخت لەسەر خاڵە

هاوبەشەکانی نێوانمان دەکاتەوە و خۆی لەخالّە جیاوازەکان نادات و پێیان دەفەرمویّت: ﴿قُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾[١]. واتە: پێیان بلّێن ئێمە باوەڕمان بەوە هێناوە کە بۆ ئێمە و ئێوەیش هاتۆتە خوارەوە و خوای ئێمە وئێوە هەر یەکێکە و ئێمەیش باوەڕمان پێیەتی و ملکەچی فەرمانەکانین.

لە ئایەتێکی تردا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات تا بانگیان بکات بۆ کار کردن لەسەر خالّە هاوبەشەکان و پێی دەفەرمویّت: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾[٢]. واتە: ئەی موحەممەد بە خاوەن پەڕتووکە ئاسمانییەکان بلّێ: وەرن با لەسەر وشەیەکی ڕاست یەکبگرین و کۆکبین، ئەویش بەوەی کە جگە لەخوای گەورە هیچ کەس و شتێکی تر نەپەرستین و هاوەلّی بۆ بڕیار نەدەین و هەندێکمان مرۆڤانێکی وەکو خۆمان نەکەین بەخودا و نەیپەرستین.

سەرنج بدەن بەڕێزان خوای گەورە چۆن فێری شێوازی گفتوگۆ و ئاخاوتنمان دەکات لەگەلّ خەلّك، چۆن فێرمان دەکات بگەڕێین بەشوێن خالّە هاوبەشەکانی نێوانمان تا بیانکەینە زەمینەی لەیەکتر گەیشتن و کارکردن، جا ئەگەر لەگەلّ یەهود و نەصارا بەم شێوازە قسە بکەین، ئەی دەبێت لەگەلّ موسولّمانێکی برامان کە یەك خودا و یەك پێغەمبەر ﷺ و یەك قورئان و یەك ڕووگە و یەك دوارۆژ و چارەنووس و یەك بەرنامەی ژیانمان هەیە دەبێت چۆن قسە بکەین، ومامەلّە بکەین؟!!.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت پەیامی خۆمان بەخەلّکی بگەیەنین، دەبێت سەرەتا زەمینەسازییەکی وای بۆ بکەین کە بەرامبەرەکەمان ئامادەبێت گوێمان بۆ بگرێت.

ئەمڕۆ ئێمە وەکو خەلّکانی موسولّمان لەجێبەجێکردنی ئەم خالّەدا زۆر کەمتەرخەمین و باجی زۆری ئەو کەمتەرخەمیەیشمان داوە و بەئاست و ئاراستەی جیاواز کاریگەری کردۆتە سەر پەیوەندیمان لەگەلّ خوای گەورە بەپلەی یەك و لەگەلّ خەلّکی بەپلەی دوو.

---

١ - سورة العنكبوت: الآية (٤٦).

٢ - سورة آل عمران: الآية (٦٤).

کێ باوەڕ دەکات ئەمڕۆ ئێمە وەکو خەڵکانی موسوڵمان بەهەموو لایەنەکانمانەوە لەگەڵ ئەو هەموو خاڵە هاوبەشانەی کە هەمانە نەمانتوانیوە یەك خولی زانستی هاوبەش پێکەوە بکەینەوە! نەمانتوانیوە بۆ جارێك لەجارەکان پێکەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشین و بەرنامەیەکی هاوبەش دابنێین و بیکەینە ستراتیژ و کاری لەسەر بکەین! نەمانتوانیوە پێکەوە یەك کەناڵی ڕاگەیاندن دابنێین یان هەر هیچ نەبێت یەك بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەبێت لەهەموو کەناڵەکانەوە پەخش بکرێت! کێ باوەڕ دەکات کە ئێمە بەدرێژایی ئەزموونی سیاسی کوردستان نەمانتوانیوە لەهیچ هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا پێکەوە بەیەك لیست دابەزین، لەکاتێکدا هاوپەیمانی و هەماهەنگیمان لەگەڵ خەڵکی عەلمانی لەو پەڕی ڕاست تا ئەوپەڕی چەپیان کردوە و بەیەك لیستیش لەگەڵیان دابەزیوین! کێ باوەڕ دەکات ئەمڕۆ برا و مامۆستای وامان هەیە تەنانەت ئامادە نییە لەگەڵ براکانی بۆ ساتێکیش لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشێت و باسێك لەو واقیعە تاڵەی موسوڵمان بکات و بەشوێن چارەسەریدا بگەڕێت، لەکاتێکدا ئامادەیە لە بەرامبەر خەڵکانی عەلمانی ئەو پەڕی سازش بکات!!!.

نۆیەم: باوەڕبوون بەوەی کە زۆربەی بابەتە فیقهی و ئیجتهادییەکان زیاتر لە بۆچونێك هەڵدەگرن؛ بۆیە ناکرێت کەسێك تەنها بۆچوونی خۆی تێدا بەڕاست بزانێت و بەرگی شەرعی بەبەردا بکات و هەموو بۆچوونەکانی تری پێ هەڵە و تاوان بێت:

بەڕێزان وەکو پێشتر باسمان کرد ئێمە چەندین قوتابخانە و مەزهەبی ئیسلامیمان هەیە کە هەر یەکەیان بنەما و شێوازی خۆی هەیە بۆ ئیجتیهاد و کارکردن، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم قوتابخانە جیاوازانەیش وەکو گوتمان بۆ خودی دەقەکان خۆیان دەگەڕێتەوە کەزیاتر لە واتا و لێکدانەوەیەك هەڵدەگرن و هەموو لێکدانەوەکانیش هەر ڕاستن و هیچ کامیان هەڵە نین. بۆیە ناکرێت ئەگەر ئێمە خۆمان بۆچونمان بەشێوەیەك بوو ئیتر دەرگا لەسەر هەموو بۆچوونەکانی تر دابخەین و هەموویمان پێ هەڵە بێت.

مەترسی ئەم جۆرە بۆچوون و لێکدانەوەیەیش لەوەدایە کە دەرگا لەسەر زمانی لێك تێگەیشتن دادەخات و دەرفەتی گەیشتن بەڕاستی لە بەین دەبات و ئەو فراوانی و نەرمییەی کە لە حوکمە شەرعییەکاندا هەیە بەرتەسکی دەکاتەوە و هەر یەکەو وا

بیر دەکاتەوە کە حەق تەنها بەخۆیەتی و بەرامبەرەکەی لەسەر هەڵەیە، ئەمەیش کارێکی نەخوازراو و ڕێگەپێنەدراوە لە شەرعدا، هەر بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ هەر کات سوپایەکی ڕەوانەی شوێنێك بکردایە، ئەمیرێکی بۆ دادەنا و ئامۆژگاریی دەکرد و پێی دەفەرموو: ﴿وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّهِ، فَلاَ تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّهِ. وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ؛ فَإِنَّكَ لاَ تَدْرِى أَتُصِيبُ حُكْمَ اللَّهِ فِيهِمْ أَمْ لاَ﴾[١]. واتە: ئەگەر گەمارۆ و ئابلۆقەی دانیشتوانی قەڵایەکت دا و داوایان کرد کە حوکمی خودای گەورەیان بەسەردا جێبەجێ بکەیت، بەڵێنیان پێ مەدە کە حوکمی خودایان بەسەردا جێبەجێ دەکەیت، بەڵام حوکمی خۆتیان بەسەردا جێبەجێ بکە[٢]؛ چونکە تۆ نازانیت ئەو حوکمەی کە بەسەریاندا جێبەجێ دەکەیت ڕاستە و حوکمی خودایە یان نا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم فەرموودەیەدا ئیبن تەیمیە دەڵێت: (يقول كثير من علماء المسلمين أقوالا باجتهادهم، فهذه يسوغ القول بها، ولا يجب على كل مسلم أن يلتزم إلا قول رسول الله ﷺ، فهذا شرع دخل فيه التأويل والاجتهاد، وقد يكون في نفس الأمر موافقًا للشرع المنزل فيكون لصاحبه أجران، وقد لا يكون موافقًا له، لكن لا يكلف الله نفسًا إلا وسعها)[٣]. واتە: زۆرێك لەزانایانی موسوڵمان بەپێی بۆچوونی خۆیان وتێگەیشتنیان لەدەقە شەرعییەکان قسە دەکەن، ئەمانە دروستە مرۆڤ بەقسەیان بکات؛ بەڵام جگە لە فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ مرۆڤی موسوڵمان واجب نییە پابەند بێت بەقسەی کەسی ترەوە؛ چونکە قسەی زانایان شەرعێکە تێکەڵ بە بۆچوون و لێکدانەوەی خەڵك بووە و لەوانەیە خۆی لەخۆیدا ڕاستیی پێکابێت و بۆچوونەکەی لەگەڵ دەقی شەرع یەك بکاتەوە، ئەوکات خاوەنەکەی دوو پاداشتی بۆ دەنووسرێت، لە وانەیشە لەگەڵ دەقی شەرع یەك

---

١ – مسلم، صحيح مسلم، ج٥، كتاب (٣٣) الجهاد والسير، باب (٢) تأمير الإمام الأمراء على البعوث ووصية إياهم بآداب بآداب الغزو وغيرها، رقم الحديث (٤٦١٩)، ص١٣٩.

٢ – دیارە کە دەفەرموێت حوکمی خۆت، مەبەستی ئەوە نییە کە خۆت چۆن ئارەزووت کرد یان بەرژەوەندیت چۆن بوو، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئەو حوکمەی کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی شەرعدا لێکدانەوەی بۆ دەکەیت و پێت ڕاستە، ئەو حوکمەیان بەسەردا جێبەجێ بکە، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لەکەسی قبوڵ نەکردوە سەرپێچی شەرع بکات و بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات.

٣ – إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٣٥، ص٣٦٦.

نەكاتەوە- و خاوەنەكەی بەهەڵەدا چووبێت- ئەوكاتیش مرۆڤ تەنها ئەوەندەی لەسەرە كەلەتوانایدا هەیە و خوای گەورە زیاتری داوا نەكردوە.

هەر بۆیەیشە قسەی توند بەو كەسانە دەڵێت كە تەنها خۆیان پێ ڕاستە و بۆچوونەكانی خۆیان لەخەڵك دەكەنە دین و هەموو خەڵكی تر بەهەڵە دەزانن و لەبارەیانەوە دەڵێت: (ولكن كَثِيرًا من النَّاسِ يَنْسُبُونَ ما يقولونه إلى الشَّرْعِ وليس من الشَّرْعِ ؛ بل يقولون ذلك إما جَهْلاً، وَإما غَلَطًا، وَإما عَمْدًا وَافْتِرَاءً، وهذا هو الشرع المبدل الذي يستحق أصحابه العقوبة)[١]. واتە: بەڵام زۆرێك لەخەڵكی بۆچوونەكانی خۆیان دەدەنە پاڵ شەرع و لەكاتێكدا وایش نییە و بۆچوونەكانی ئەوان بەشێك نییە لەشەرع؛ بەڵكو ئەوانە یان لەنەزانینەوە ئەو قسەیە دەكەن، یان بەهەڵەدا چوون، یان دەزانن و درۆ بەدەم شەرعەوە دەكەن، ئەوەیش كە ئەوان دەیلێن و بۆچوونی خۆیان لەخەڵك دەكەنە شەرع ئەو شەرعە گۆڕاو و دەستكاری كراوەیە كە پێویستە خاوەنەكەی سزا بدرێت.

ئیبن قەیمیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (ولكن لا يجوز أن يقول لما أداه إليه اجتهاده، ولم يظفر فيه بنص عن الله ورسوله: إن الله حرم كذا، وأوجب كذا، وأباح كذا، وإن هذا هو حكم الله)[٢]. واتە: دروست نییە كەسێك بەو بۆچوون و لێكدانەوەیەی خۆی كە پێی گەیشتوە و دەقێكی ڕوونی لەسەر نییە لە قورئان و سوننەتەوە، بڵێت: خوا ئەوەی حەرام كردوە و ئەوەی پێویست كردوە و ڕێگەی بەوە داوە، یان بڵێت ئەوە حوكمی خوایە.

بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە و جەخت كردنەوە لەسەر ڕەتكردنەوەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە دین دەڵێت: (إذا لم يكن في المسألة سنة ولا إجماع، وللاجتهاد فيها مساغ لم تنكر على من عمل فيها مجتهداً أو مقلدا)[٣]. واتە: ئەگەر لەسەر بابەتێكی شەرعی دەقێك لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ یان كۆدەنگی زانایان نەبوو، وە بواری ئەوەی هەبوو كە مرۆڤ بۆچوونی خۆی تێدا بخاتە كار، ئەو كات بەكەس ناگوترێت بۆ وات كرد و چۆن وات كرد، جا كەسەكە خۆی زانا بێت و بۆچوونی خۆی تێدا خستبێتە كار، یان نەشارەزا بێت و شوێن قسەی زانایەك كەوتبێت.

---

١ - إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٣٥، ص٣٦٦.

٢ - إبن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج١، ص٤٥.

٣ - إبن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج٣، ص٣٢٥.

پێشەوا جوەینیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (ثم ليس للمجتهد أن يعترض بالردع والزجر على مجتهد آخر في موقع الخلاف، إذ كل مجتهد في الفروع مصيب عندنا)[١]. واتە: لەسەر هەر بابەتێك كە بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت هیچ زانایەك بۆی نیە ڕێگری و سەرزەنشتی زانایەكی تر بكات لەسەر بۆچوونەكەی؛ چونكە بەلای ئێمەوە هەر زانایەك بۆچوونی خۆی بخاتە كار بۆ گەیشتن بە حوكمێكی شەرعی لە بابەتە فیقهییە لاوەكییەكاندا بە ڕاست ئەژمار دەكرێت.

كەواتە ئێمە لەو بابەتانەی كەدەقێكی شەرعی ڕوونیان لەسەر نییە چەند خۆمان پێ ڕاستە، دەبێت بەهەمان شێوە بەرامبەرەكەیشمان پێ ڕاست بێت و مافی ئەوەی پێ بدەین كە بەپێی قەناعەتی خۆی لەسنووری شەرعدا بجوڵێتەوە و كار بكات، بۆیە دەگێڕنەوە كاتێك پێشەوا مالیك كتێبی (الموطأ) دەنووسێت، ئەبو جەعفەری مەنصور داوای لێ دەكات كە بۆی بنێرێت، تا چەند وێنەیەكی لەبەر بنووسرێتەوە و بڵاوی بكاتەوە بەهەموو جیهانی ئیسلامیدا و هەموو خەڵكی ناچار بكات تەنها كار بەو كتێبە بكەن و كار بەهیچی تر نەكەن، ئەویش ڕازی نابێت و دەڵێت: ئەی گەورەی موسوڵمانان كاری وا مەكە؛ چونكە خەڵكی پێشتر چەند بۆچوونی تریان پێ گەیشتوە و چەندین فەرموودەیان لە ناودا بڵاوبۆتەوە و هەر خەڵكە و لەسەر جۆرێك لەو بۆچوونانە ڕاهاتووە كە پێی گەیشتووە و گێڕانەوەیان لەو بۆچوونانە قورس و نارەحەتە، جا واز لەخەڵكی بهێنە و با هەر یەكە و بەو بۆچوونە كار بكات كە پێی گەیشتووە و قەناعەتی پێیەتی[٢].

جا ئەمە سەبارەت بەو كەسانەی كە زانا و تێگەیشتوون و خۆیان ڕێبەدەریەك دەكەن لە بابەتە شەرعییەكاندا.

سەبارەت بەو كەسانەیش كە نەشارەزان و ناتوانن ڕاستەوخۆ حوكمی شەرعی لە بەڵگە شەرعییەكان وەربگرن، كەبەداخەوە زۆرینەی خەڵك ئەمانەن، ئەمانە بۆیان هەیە شوێن قسەی هەر زانایەك بكەون و لەسەر بۆ چوونەكانی ئەو كار بكەن و بەوەیش گوناهبار نابن و كەسیش ناتوانێت ڕێگیریان لێ بكات، بۆ نموونە ئەمڕۆ

---

١ - الإمام الجويني، الإرشاد، ص٣١٢.

٢ - صديق حسن القنوجي، الحطة فى ذكر الصحاح الستة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٨٥، ص١٥٠.

زۆرینەی خەڵکی ئێمە کە لەسەر بۆچوونەکانی زانایانی شافیعی کار دەکەن، خەڵکی حیجاز و ناوچەی نەجد لەسەر بۆچوونەکانی زانایانی حەنبەلی کار دەکەن، خەڵکی وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەسەر بۆچوونەکانی زانایانی حەنەفی کار دەکەن، خەڵکی وولاتانی ڕۆژئاوای ئیسلامی لەسەر بۆچوونەکانی زانایانی مالیکی کار دەکەن، ئەمانە هەموویان دروستن و هیچ کێشەی نییە؛ چونکە ئەگەر ڕێگەی ئەو شوێنکەوتنە لەخەڵکی بگیرێت خەڵکی سەریان لێ دەشێوێت؛ چونکە ئەوان توانای ئەوەیان نییە ڕاستەوخۆ خۆیان حوکمی شەرعی لەدەقەکان وەربگرن. بۆیە زانایانی پێشین هەر لەکۆنەوە ڕێگەی ئەوەیان نیشان خەڵکی داوە کە هەر کەس خۆی شارەزایی نییە، بۆی هەیە بەگوێی زانایەکی باوەڕ پێکراو بکات لە بابەتە شەرعییەکاندا.

ئیبن تەیمیە لەو بارەیەوە دەڵێت: (وأما تقليد العاجز عن الاستدلال فيجوزه الجمهور)[1]. واتە: چاولێکردن و لەساییکردنەوەی کەسێکی نەزان کە خۆی توانای وەرگرتنی حوکمی شەرعی نییە لەدەقەکان، زۆرینەی زانایان ڕێگەیان پێداوە.

خەطیبی بەغدادیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (فإن قال قائل: فكيف في المستفتي من العامة إذا أفتاه الرجلان واختلفا، فهل له التقليد؟ قيل: إن كان العامي يتسع عقله، ويكمل فهمه إذا عقِّل أن يعقل، وإذا فُهِّم أن يفهم، فعليه أن يسأل المختلفين عن مذاهبهم، وعن حججهم فيأخذ بأرجحها عنده، فإن كان له عقل يقصر عن هذا، وفهمه لا يكمل له، وسعه التقليد لأفضلهما عنده)[2]. واتە: ئەگەر کەسێك پرسی و گوتی: ئەی ئەگەر کەسێکی نەشارەزا دوو کەس فەتوایان بۆ داو و بۆچوونەکانیشیان جیاواز بوو. ئەو کات بۆی هەیە بەگوێیان بکات، یان دەبێت چی بکات؟. دەڵێین: ئەگەر ئەو کەسە نەشارەزایە بایی ئەوەندە ژیری و تێگەیشتنی هەبوو، کە ئەگەر بۆی ڕوون بکرێتەوە و تێ بگەیەنرێت تێبگات، ئەو کات پێویستە پرسیار لە خاوەنی ئەو بۆ چوونە جیاوازانە و لە بۆچوونەکانیان و بەڵگەکانیان بکات و کامیان بەلایەوە بەڵگەی بەهێزتر بوو بەگوێی ئەوەیان بکات؛ بەڵام ئەگەر بایی

١ - إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج٢، مؤسسة قرطبة، ط١، ١٤٠٦، تحقيق: د. محمد رشاد، ص٢٤٤.
٢ - الخطيب البغدادي (أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد)، الفقيه والمتفقه، ج٢، دار ابن الجوزي، السعودية، تحقيق: عادل بن يوسف العزازي، ص١٠١.

ئەوەندە تێگەیشتن و ژیری و شارەزایی نەبوو کە لەوە بگات، ئەو کات قسەی کامیانی پێ پەسەندتر بوو دەتوانێت بەگوێی ئەوەیان بکات.

بەڵام بۆ ئەم بابەتە پێویستە ئاگامان لە دوو مەرجی گرنگ بێت:

١- نابێت ئەو خەڵکانە هەر چی کار ئاسانی تێدا بێت و لەبەرژەوەندییان بێت بەگوێی ئەو بکەن؛ چونکە ئەوە حەرامە و دروست نییە.

٢- پێویستە بۆچوونی ئەو زانایەی بەگوێی دەکەن پێچەوانەی دەقێکی ڕوون نەبێت یان لەسنووری شەرع دەرنەچێت کە کەسەکە خۆی بیزانێت یان پێی گوترابێت؛ چونکە ئەگەر وابوو ئەو کات حەرامە مرۆڤ بۆ قسەی هیچ کەسێك پێچەوانەی دەقێکی شەرعی بجوڵێتەوە.

بەرێزان: یەکێك لەهەرە خاڵە ناوازە و بەبەهاکانی ئەو شەریعەتە و کۆڵەکەی پتەوی ڕاگرتن و مانەوەی ئەوەیە کە بۆ هەموو ئاست و کات و شوێن و کەس و کۆمەڵگەیەك گونجاوە و لەگەڵ هەموو بارودۆخێك و شێوازی ژیانێك هەڵدەکات و گەشە دەکات؛ بۆیە ئەو ئیسلامەی کە چواردە سەدە لەمەوبەر لە جەزیرەی عەرەبی هاتووە و بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو کاتە گونجاو بووە، ئێستا و دوای پازدە سەدە و لەسەردەمی جیهانگیریدا وا هەست دەکەیت کە ئەم ئاینە تازەیە و بۆ ئەم سەدەیە هاتۆتە خوارەوە و بەهەمان توانا و گوڕ و تینی چواردە سەدە لەمەو بەری توانای چارەسەری هەموو کێشە و گرفتەکانی ئەم سەدەیە و سەدەکانی دواتریشی  هەیە و دەبێت.

جا ئەگەر ئێمە هاتین و فەتوا و شەرعمان لە قاڵب دا و حەقمان تەنها لە خۆماندا بەرتەسك کردەوە، ئەو کات بەرینی و فراوانی ئەو شەریعەتە مەزن و گەورە و بەبەهایە بچوك دەکەینەوە و بەربەست و ئاستەنگ دەخەینە ڕێی جێبەجێ کردنییەوە و بەمەیش هەڵە و تاوانێکی گەورە دەرهەق بەژیانی خەڵکی و خودی شەرعیش دەکەین.

دەیەم: ڕاگرتنی گفتوگۆ ئەگەر هەستمان کرد سوودی نییە و بەرامبەرەکەمان بێزا دەکات:

ئامانجی گفتوگۆ گۆڕینەوەی زانیاری و زاڵبوونی زمانی لێك تێگەیشتن و هەوڵێکە بۆ گۆڕینی قەناعەتی بەرامبەر بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە؛ بەڵام هەندێك کات هەست دەکەیت بەوەی کە کەسی بەرامبەر هەر سوورە لەسەر بۆچوونەکەی و دەستبەرداری نابێت و لەوانەیە گفتۆکە سەربکێشێت بۆ شتی شەخصی و بریندارکردنی هەستی یەکتر و لەبری قازانج زیان گەیاندن بەیەکتر، لەم کاتانەدا باشتر وایە دەرگای گفتوگۆ  دابخەین و وازی لێ بهێنین.

چونکە ئێمە تەنها ئەوەندەمان لەسەرە ئەو حەقەی کە پێمانە بۆ براکەمانی ڕوون بکەینەوە و بەڵگەکانی بخەینە بەردەست، ئەگەر بەگوێی کردین ئەوە باشتر ئەگەریش نا ئەوە ئێمە ئەرکی برایەتیمان بەرامبەر جێبەجێ کردوە و لەوانەیە ئەگەر کاتی زیاتری پێ بدەین بۆ بیر کردنەوە خۆی قەناعەت بکات؛ بەڵام بەزۆر ناتوانین قەناعەت بەکەس بکەین و لەوانەیە ئەگەر زۆر لەگەڵی بلێین ئەوکات هەر وەکو پەرچەکرداریش بێت بەگوێمان نەکات و شوێن حەقەکە نەکەوێت و ئەوکات لەبری پاداشت ئێمە گوناهباریش دەبین، یەکەم لەبەر ئەوەی کە دڵی برایەکمان ئازارداوە و هەستیمان بریندار کردوە، دووەمیش لەبەر ئەوەی بوینە هۆکاری ئەوەی کەشوێنی حەق نەکەوێت.

موعاویەی کوڕی قەرە دەڵێت: (الخصومات في الدين تحبط الأعمال)[1]. واتە: ئاژاوە نانەوە و قسە بەشەڕدان لە دیندا کردەوە باشەکانی مرۆڤ پووچەڵ دەکەنەوە. پێشەوا ئەوزاعیش دەڵێت: (بلغني أنه إذا أراد الله بقوم شرا ألزمهم الجدل ومنعهم العمل)[2]. واتە: بیستومە ئەگەر خوا بیەوێت خەڵکێك تووشی نەهامەتی و بەدبەختی بکات، بە دەمە دەمێ و شەڕە قسەوە خەریکیان دەکات تا نەپەرژێنە سەر کردەوەی باش؛ بۆیە

---

١ - أبو الفضل المقرىء، أحاديث في ذم الكلام وأهله، دار أطلس للنشر والتوزيع، الرياض، ط١، ١٩٩٦، تحقيق : د.ناصر د.ناصر بن عبد الرحمن.

٢ - اللالكائي (هبة الله بن الحسن)، شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة من الكتاب والسنة وإجماع الصحابة، ج١، دار طيبة، الرياض، تحقيق: د. أحمد سعد حمدان، ص١٤٥.

حەسەنی زەعفەرانی دەڵێت: گوێم لە پێشەوا شافعی بوو دەیگوت: (ما ناظرت أحدا في الكلام إلا مرة وأنا استغفر الله من ذلك)[1]. واتە: یەك جار لە عیلمی کەلامدا دەمەدەمێم لەگەڵ خەڵکی کردووە و تا ئێستایش بەردەوام داوا ئەکەم کە خوا لێم خۆش بێ[2].

جا ئەمانە چەند خاڵێکی سەرەکی بوون باسمان کردن و لەوانەیە خاڵی گرنگی تر زۆر هەبن، کە من لێرەدا و لەبەر کەمی ماوە باسم نەکردون، گرنگ لێرەدا ئەوە نییە کە خاڵەکان چەندن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چەندیان جێبەجێ دەکەین و پێیان هەڵدەستین.

داواکارم لە خودای پەروەردگار کە تەوەرەکانی بابەت و بەرنامەکە بکاتە توێشووی قیامەتی هەمووو لایەکمان و داوای لێبوردن لە هەر بەرێزێك دەکەم کە لەوانەیە بەبێ مەبەست قسەیەك لەقسەکانم ئازاری دابێت و دڵی گەردی گرتبێت.

١ - الذهبي، سير أعلام النبلاء، ج١٩، ص١٩.

٢ - چونکە پێشەوا شافعی گەشتبووە ئەو قەناعەتەی کە گفتوگۆ لەگەڵیان بێسوودە.

# کۆتایی

الحمد لله الذي تتم بنعمته الصالحات، والصلاة والسلام على المبعوث بخاتمة الرسالات، محمد ﷺ وعلى آله و صحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين:

بەڕێزان: برایەتی و یەکڕیزی نێوان موسوڵمانان ئەرکێکی شەرعییە و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك پێوەی پابەند بێت و هەرشتێك یان کارێك یان گوفتارێك ببێتە مایەی تێکدانی ئەو برایەتییە و لەدەستداتی ئەو ئەرکە بەکارێکی حەرام و ناشەرعی پۆلێن دەکرێت، تەنانەت زینا و دزی و کوشتن و بوهتان و غەیبەت و زۆرێکی تریش لەتاوانە گەورەکان هۆکاری سەرەکی قەدەغەکردنیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو جۆرە کارانە کەشی برایەتی و یەکڕیزی نێوان موسوڵمانان تێك دەدات. کەواتە ئێمە چۆن خۆمان لەو تاوانانە دەپارێزین و نزیکیان ناکەوین، بەهەمان شێوە پێویستە خۆمان لە دژایەتی کردنی خەڵکی باوەڕدار و دووبەرەکی نانەوە لەنێوان موسوڵمانان و ڕق لێبوونەوەیان بپارێزین.

برایەتی و یەکڕیزیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە لەهەموو شتێکدا وەکو یەك بین و هەموو بۆچونێکی جیاواز ڕەت بکەینەوە؛ چونکە زۆربەی بابەتە شەرعی و فیقهییەکان بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن؛ بەڵام دەبێت ئەو جیاوازیانە لەسنووری بابەتە فیقهییەکان ولێکدانەوەیان تێپەڕ نەکات و تەشەنە نەکات بۆ دڵ و دەرونمان و هەڵوێستمان بەرامبەر بە یەکتر؛ چونکە برایەتی نێوان موسلمانان لە هەموو ئەو جیاوازییە فیقهیانە گەورەترە.

بۆیە من تکام لەهەموو موسولمانێك ئەوەیە کە ئەم خەمە بکاتە خەمی خۆی و هەریەکەمان لەلای خۆمانەوە بڕیاری ئەوەبدەین کە هەمیشە هەوێنی برایەتی بین و ڕقمان لە هیچ موسلمانێك نەبێت.

با هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین کە لەگەڵ یەکتر خاڵە هاوبەشەکانمان بخوێنینەوە و پێکەوە لەسەریان کاربکەین و بەشێوازێکی شەرعی و برایانەیش گفتوگۆ لەسەر خاڵە جیاوازەکانمان بکەین و کەسیش خۆی لەبرایەکی تری بەباشتر نەزانێت و مافی ئەوە بەخۆی نەدات کە ببێتە دادوەر و حەکەم بەسەر کردەوەکانی خەڵکی

ترەوە و لەبری ئەوە با خۆی بەکەموکورتییەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بکات و هەوڵی چارەسەریان بدات.

دووبارە ڕێز وسوپاسی بێ سنورم بۆ هەموو ئەو برایانە هەیە کە لەگەڵ بەرنامەکە و دەرکردنی ئەم پەڕتوکە ماندووبون و داوای لێ بوردنیش دەکەم لەهەر برایەك کە لە ووشەیەکی بەرنامەکە یان ئەم پەڕتوکە دڵی گەردی گرتبێت و خوای گەورە لەهەڵە و کەموکورتی هەموو لایەکمان ببورێت.

# پێرستی سەرچاوەکان

پاش قورئانی پیرۆز

## سەرچاوەکانی تەفسیر:


١- الثعلبي (أحمد بن محمد بن إبراهيم)، الكشف والبيان، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠٢، تحقيق: محمد بن عاشور.

٢- الخازن (علي بن محمد البغدادي)، تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل)، دار الفكر، بيروت، ط، ١٩٧٩.

٣- الرازي (محمد بن عمر)، تفسير الرازي (مفاتيح الغيب)، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٠.

٤- الراغب الأصفهاني، مفردات ألفاظ القرآن، دار القلم، بيروت، تحقيق: صفوان عدنان داودي.

٥- الزمخشري (محمود بن عمر)، تفسير الزمخشري (الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل)، دار إحياء التراث، بيروت- تحقيق: عبد الرزاق المهدي.

٦- سيد قطب، في ظلال القرآن، دار الشروق، بيروت، ط٣٧، ٢٠٠٨.

٧- الشنقيطي (محمد الأمين بن محمد المختار)، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، دار الفكر، بيروت، ط، ١٩٩٥.

٨- الطبري (محمد بن جرير)، تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل القرآن)، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ٢٠٠٠، تحقيق: أحمد شاكر.

٩- إبن عادل (عمر بن علي)، اللباب في علوم الكتاب، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود، وعلي محمد معوض.

١٠- القرطبي (محمد بن أحمد)، تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، عالم الكتب، الرياض، ط، ٤٢٣، تحقيق: هشام سمير البخاري.

١١- الماوردي (علي بن محمد بن حبيب)، تفسير الماوردي (النكت والعيون)، دار الكتب العلمية، بيروت، تحقيق: السيد بن عبد المقصود.

## سەرچاوەکانی فەرموودە:

١٢- أحمد بن حنبل، المسند، مؤسسة قرطبة، القاهرة، تحقيق: شعيب الأرنؤوط.

١٣- الألباني (محمد ناصر الدين)، سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة- ،دار المعارف، الرياض، ط١، ١٩٩٢.

١٤- البخاري (محمد بن إسماعيل)، صحيح البخاري، دار إبن كثير، اليمامة، بيروت، ط٣، ١٩٨٧، تحقيق وتعليق: مصطفى البغا.

١٥- البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي)، السنن الكبرى، مجلس دائرة المعارف النظامية، الهند، حيدر آباد، ط١، ١٣٤٤.

١٦- التبريزي (محمد بن عبد الله الخطيب)، مشكاة المصابيح، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٩٨٥، تحقيق: الألباني.

١٧- الترمذي (محمد بن عيسى الترمذي)، سنن الترمذي، دار الفكر، بيروت، تحقيق: عبد الوهاب عبد اللطيف.

١٨- إبن الجزري (المبارك بن محمد الجزري)، جامع الأصول في أحاديث الرسولﷺ ، مكتبة الحلواني، مكتبة دار البيان.

١٩- الحاكم (محمد بن عبد الله)، المستدرك على الصحيحين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط،١٩٩٠، تحقيق: مصطفى عبد القادر.

٢٠- إبن حبان (محمد بن حبان بن أحمد)- صحيح إبن حبان بترتيب إبن بلبان- مؤسسة الرسالة/ بيروت- تحقيق: شعيب الأرنؤوط

٢١- إبن حجر العسقلاني (أحمد بن علي)، فتح الباري شرح صحيح البخاري، دار الفكر، بيروت، ترقيم وتبويب: محمد فؤاد عبد الباقي، تحقيق: عبد العزيز بن بن باز، ومحب الدين الخطيب.

٢٢- أبو داود (سليمان بن الأشعث)، سنن أبي داود، دار الكتاب العربي، بيروت، تحقيق: الألباني.

٢٣- إبن أبي شيبة (عبد الله بن محمد بن أبي شيبة)، المصنف في الأحاديث والآثار، دار الفكر، بيروت، ضبط وتعليق: سعيد اللحام.

٢٤- صديق حسن القنوجي، الحطة فى ذكر الصحاح الستة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٨٥.

٢٥- الطبراني (سليمان بن أحمد)، المعجم الصغير، المكتب الإسلامي، بيروت، دار عمار، عمان، ط١، ١٩٨٥، تحقيق: محمد شاكر.

٢٦- الطحاوي (أحمد بن محمد)، شرح معاني الآثار، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٣٩٩، تحقيق: محمد زهري النجار.

٢٧- إبن ماجة (محمد بن يزيد)، سنن إبن ماجة، دار الفكر، بيروت، تحقيق، وتعليق: محمد فؤاد عبد الباقي..

٢٨- مسلم (مسلم بن الحجاج بن مسلم)، صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، دار الجيل، بيروت، دار الآفاق الجديد، بيروت.

٢٩- المناوي (عبد الرؤوف المناوي)، فيض القدير شرح الجامع الصغير، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، ط١، ١٣٥٦.

٣٠- النسائي (أحمد بن شعيب)، سنن النسائي الكبرى، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩١، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن.

٣١- أبو نعيم (أحمد بن عبد الله الأصبهاني)، حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، دار الكتاب العربي، بيروت، ط٤، ١٠٥.

٣٢- الهيثمي (علي بن أبي بكر)، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، دار الفكر، بيروت، ط، ١٩٩٢.


## سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی:


٣٣- إبن باز (عبد العزيز بن عبد الله)، مجموع فتاوى العلامة عبد العزيز بن باز، موقع الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء، أشرف على جمعه وطبعه: محمد بن سعد الشويعر.

٣٤- التسولي (أبو الحسن علي بن عبد السلام)، البهجة في شرح التحفة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، ضبط وتحقيق: محمد عبد القادر شاهين.

٣٥- إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)، مجموع الفتاوى، ط٣، ٢٠٠٥، دار الوفاء، تحقيق: أنور الباز، عامر الجزار.

٣٦- الرملي (محمد بن أبي العباس)، نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج، دار الفكر، بيروت، ط، ١٩٨٤.

٣٧- الشربيني (محمد بن أحمد)، السراج المنير، دار الكتب العلمية، بيروت، بكة.

٣٨- إبن قدامة (عبد الله بن أحمد بن قدامة )، المغني، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٤٠٥.

٣٩- مالك بن أنس، المدونة الكبرى، مطبعة السعادة، مصر.

## سەرچاوەکانی زمانی عەرەبی:

٤٠- الأزهري (محمد بن أحمد)، تهذيب اللغة، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، تحقيق: محمد عوض مرعب.

٤١- الجرجاني (علي بن محمد بن علي)، التعريفات، دار الكتاب العربي، بيروت، ط١، ١٩٨٥، تحقيق: إبراهيم الأبياري.

٤٢- الزبيدي (محمد بن محمد بن عبد الرزاق الحسيني)، تاج العروس من جواهر القاموس، دار الهداية، تحقيق: مجموعة من المحققين.

٤٣- الطالقاني (إسماعيل ابن عباد بن العباس)، المحيط في اللغة، عالم الكتب، بيروت، ط١، ١٩٩٤، تحقيق: محمد حسن آل ياسين.

٤٤- المناوي (محمد عبد الرؤوف المناوي)، التوقيف على مهمات التعاريف، دار الفكر المعاصر، بيروت، دار الفكر، دمشق، ط١، ١٤١٠، تحقيق: د. محمد رضوان الداية.

٤٥- إبن منظور (محمد بن مكرم)، لسان العرب، دار صادر، بيروت، ط١.

## سەرچاوە هەمەجۆرەکان:

٤٦- الآبي (أبو سعد منصور بن الحسين )، نثر الدرر، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٤، تحقيق: خالد عبد الغني محفوظ.

٤٧- أحمد بن عبد الرحيم الدهلوي، عقد الجيد في أحكام الاجتهاد والتقليد، المطبعة السلفية، القاهرة، تحقيق: محب الدين الخطيب.

٤٨- إبن تيمية، رفع الملام عن الأئمة الأعلام، طبع ونشر: الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء، الرياض، ط، ١٩٨٣.

٤٩- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، مؤسسة قرطبة، ط١، ١٤٠٦، تحقيق: د. محمد رشاد سالم.

٥٠- إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي)، صفة الصفوة، دار المعرفة، بيروت، ط٢، ١٩٧٩، تحقيق: محمود فاخوري، محمد رواس قلعجي.

٥١- الإمام الجويني، الإرشاد،.

٥٢- الخطيب البغدادي (أبو بكر أحمد بن علي)، الفقيه والمتفقه، دار ابن الجوزي، السعودية، تحقيق: عادل بن يوسف العزازي.

٥٣- الدينوري (أبو بكر أحمد بن مروان)، المجالسة وجواهر العلم، دار إبن حزم، بيروت، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن.

٥٤- الذهبي (محمد بن أحمد)، تذكرة الحفاظ، تحقيق: زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، بيروت.

٥٥- الذهبي (محمد بن أحمد)، سير أعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، بيروت، تحقيق: مجموعة محققين بإشراف: شعيب الأرناؤوط.

٥٦- إبن سعد (محمد بن سعد بن منيع)، الطبقات الكبرى، ط١، ص١٩٦٨، تحقيق: إحسان عباس.

٥٧- الشاطبي(إبراهيم بن موسى بن محمد)، الإعتصام، المكتبة التجارية الكبرى، مصر.

٥٨- الشاطبي (إبراهيم بن موسى بن محمد)، الموافقات في أصول الشريعة، ط١، ١٩٩٧- تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن.

٥٩- صالح بن فوزان، إعانة المستفيد بشرح كتاب التوحيد، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٣، ٢٠٠٢.

٦٠- الغزالي (محمد بن محمد الغزالي)، إحياء علوم الدين، دار المعرفة، بيروت.

٦١- أبو الفضل المقرىء، أحاديث في ذم الكلام وأهله، دار أطلس للنشر، الرياض، ط١، ١٩٩٦، تحقيق: د. ناصر بن عبد الرحمن.

٦٢- إبن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب)، إعلام الموقعين عن رب العالمين، مكتبة الكليات الأزهرية، القاهرة، ط، ١٩٦٨، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد.

٦٣- ابن القيم، زاد المعاد في هدي خير العباد، مؤسسة الرسالة، بيروت، مكتبة المنار الإسلامية، الكويت، ط١٤، ١٩٨٦، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، عبد القادر الأرناؤوط.

٦٤- إبن القيم، الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة، دار العاصمة، الرياض، ط٣، ١٩٩٨، تحقيق: د. علي بن محمد الدخيل الله.

٦٥- إبن القيم، مفتاح دار السعادة ومنشور ولاية العلم والإرادة، دار الكتب العلمية، بيروت.

٦٦- إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، البداية والنهاية، مكتبة المعارف، بيروت.

٦٧- اللالكائي (هبة الله بن الحسن)، شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة من الكتاب والسنة وإجماع الصحابة، دار طيبة، الرياض، تحقيق: د. أحمد سعد حمدان.

٦٨- المنتدى الإسلامي، مجلة البيان، العدد: ص١٥٧.

٦٩- أبونعيم الأصفهاني (أحمد بن عبد الله)، معرفة الصحابة، ط١، ١٩٩٨، دار الوطن، الرياض، تحقيق: عادل بن يوسف العزازي.

# پێڕستی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| دەسپێك | ٣ |
| باسی یەکەم: زاراوە لەیەکچووەکان | ١١ |
| باسی دووەم: جۆرەکانی ڕاجیایی | ١٨ |
| باسی سێیەم: هۆکارەکانی ڕا جیایی | ٢١ |
| باسی چوارەم: گرنگی برایەتی و تەبایی لە دەقەکانی قورئاندا | ٣٤ |
| باسی پێنجەم: گرنگی برایەتی و تەبایی لە دەقەکانی سوننەتدا | ٤١ |
| باسی شەشەم: گرنگی برایەتی و تەبایی لە دیدی هاوەڵان و زانایاندا | ٥٤ |
| باسی حەوتەم: دوو هەڵوێستە و سەرنج | ٦١ |
| باسی هەشتەم: هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکان | ٧١ |
| کۆتایی | ١١٧ |
| پێڕستی سەرچاوەکان | ١١٩ |
| پێڕستی بابەتەکان | ١٢٤ |

بابەتی ئەم پەڕتووکە خوێندنەوەیەکی واقیعی و بابەتیانەیە بۆ گرفتێکی هەنووکەیی و زیندو، کە بریتیە لەپەرتبوونی موسوڵمانان و کاری ئیسلامی و تەسك كردنەوەی فراوانی و میهرەبانی ئیسلام لە کەسایەتی کەسێکدا، یان دروشمێکدا، یان لایەنێکی سیاسیدا و بە ئامانج کردنی لەکار و هەوڵەکاندا و زۆر دیاردەی دزێوی تر کەبوونەتە مایەی لەکەدارکردنی کاری ئیسلامی و شێواندنی ڕوخساری جوانی موسوڵمانان و پەیامە پیرۆزەکەیان.
ئەم گرفتەیش ڕۆژانە لە ژیانی هەر یەکێکماندا چەندین جار و بەچەندین شێوە دووبارە دەبێتەوە و لەمپەری گەورەی لەبەردەم کاری ئیسلامی و گەیشتن بەئامانجەکانیدا دروست کردوە.
نووسینی ئەم پەڕتووکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چەند بنەما و چەمکێکی گرنگ دەربارەی فیقهی جیاوازی بوون لەکاری ئیسلامی و شێوازی ئاراستەکردنی ئەو جیاوازیانە بەو لایەنەی کە بەخزمەتی ئیسلام و موسوڵمانان کۆتایی دێت، و وێنایەکی جوان و گەشی کاری ئیسلامی دەکات لەدڵی یاوەران و نەیارانیدا بەیەك ئاست و یەك ئاراستە.

# خەمێکی لەبیرکراو